KURDISTAN




# بەشێک لە وتووێژ وتار و پەیامەکانی

## هاوڕێ مستەفا هیجری

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕیست:

١- بڕیاری دادگای مێکونووس تا ڕادەیەک سارێژکەرەوەی برینەکان بوو ........... تەلەڤیزیۆنی "بی‌بی‌سی"ی فارسی ...... ٤
٢- خەڵکی مافخوازی کوردستان بە سەرکوت و زەبروزەنگ چاوترسێن نەبوون و ناشبن ..... دیمانە: مەنسوور مروەتی ... ١٣
٣- لەبەر داخوازیی حکومەتی هەرێم ئاڵوگۆڕمان بەشوێنی هێزەکانمان لەسنوور کردووە ....................................
.................................................................................. چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڵاتی ..... ٢١
٣- ڕێژیم لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە ڕووخاوە و هێزەکانی خەریکە هەڵدەوەرن ............. دیمانە: عەلی بداغی ........ ٢٥
٤- وڵاتانی دێموکراتیک با لەگەڵ کورد بکەونە دیالۆگ و یارمەتیی حیزبە کوردییەکان بکەن .............................
وتووێژی ڕۆژنامەی "لا ریپۆبلیکا"ی ئیتالی ..................................................................... ٣٣
٥- خەڵک بەئاشکرا گوتویانە کە "شێخ" و "شا"یان ناوێت .................. تەلەڤیزیۆنی "بی بی سی"ی فارسی ........ ٣٨
٦- هاوپەیمانیی بەهێز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەسەر بنچینەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی ئێران بنیات بنرێت ................................................................. دیمانە: عەلی بداغی ........ ٤٦

بەشێک وتار و پەیامەکان ....................................... ٥٤

- بەم زووانە خەڵک کۆتایی بە درندەییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەهێنن...
- سەرکەوتن بۆ ئازادیخوازانی نیشمانەکەمانە...
- پەیامی پیرۆزبایی بۆ دوکتور لەتیف ڕەشید...
- لەبارەی ئاگرکەوتنەوەی گوماناویی زیندانی ئێڤین...
- شەهیدبوونی ژینا، ئێستا ٤٠ ڕۆژ...
- بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی خاوەنکارەوە ...
- بۆ کاک مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان! ...

- ئیرادەی سەرکەوتنمان بەهێزتر لەهەر کاتێکە...
- خەڵکی کوردستان وێڕای بەردەوامییان لە ڕاپەڕین، پێویستە بە وشیارییەوە بەرەنگاری پیلانەکانی ڕێژیم ببنەوە...
- یەکگرتنەوەی کۆمەڵە یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد...
- قسەکانی لە بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا...
- مەحکووم کردنی ئێعدامی مۆحسێن شکاریی...
- کۆبوونەوە لە پارلمانی سوئیس...
- دیدار لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی سەوزەکانی سوئیس...
- دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ پارلمانتارانی سویس...
- کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی حیزب لە سویس...
- دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن سەرکەوتنێکی دیکەی شۆڕشی ژینایە...
- هێز لە یەکگرتووییدایە...
- پەیام بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک...
- ژەهراویکردنی قوتابییان و خوێندکارانی کچ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، شەرمەزار دەکەین...
- پەیامێکی تایبەت...
- بەبۆنەی ٨ی مارس...
- بەبۆنەی کۆچی دوایی نەسرین خانم قاسملوو...
- پەیامی نەورۆزیی...
- بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان...
- جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە...
- بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار...
- دووانەی گشتپرسی لە کۆماری ئیسلامیدا...
- لەسێدارەدانی "حەبیب ئەسیوەد"ی مەحکووم کرد...



## بڕیاری دادگای میکونووس تا ڕادەیەک ساڕێژکەرەوەی برینەکان بوو

**ئاماژە**: لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، تەلەڤیزیۆنی "بی‌بی‌سی"ی فارسی وتوێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا بڵاو کردەوە. بەڕێز مستەفا هیجری لەم وتووێژەدا سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ بابەتە گرینگە سیاسیەکانی ئێران و کوردستانی خستە بەرباس. کاتی تۆمارکردنی ئەم وتووێژە ماوەیەک پێش لە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب دێموکرات بووە، بەڵام "بی‌بی‌سی" دوای ئەم ڕووداوە گرنگە بڵاوی کردۆتەوە.

"کوردستان" بە لە بەرچاوگرتنی گرنگی نێوەڕۆکی بابەتەکانی باسکراو لەم وتووێژەدا دووبارە لێرەدا بڵاوی دەکاتەوە.

**پرسیار**: ئایا حیزبەکەی ئێوە دەیەوێ لە ئێران جیابێتەوە؟

**وەڵام**: ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و تەنانەت ڕێژیمی پاشایەتییش ئەم پروپاگەندەیان لەنێو خەڵکدا بڵاو کردۆتەوە کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی جیاییخوازە. ئێمە بەدوای جیابوونەوە لە ئێران نین و ساڵانێکە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی دێموکراتیکی سێکۆلاری فێدراڵ لە چوارچێوەی ئێراندا خەبات دەکەین. کاتێک باس لە فێدرالیزم دەکەین، واتاکەی ئەوەیە کە دەمانهەوێ لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا بمێنینەوە.

**پرسیار**: پێتان وانیە کە کاتی ئەوە هاتووە خەباتی چەکداری وەلا بنێن؟ چوار دەیەیە ئێوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا تێکهەڵچوونی سەربازیتان هەیە و ئاکامێکی نەبووە، لەو باوەڕەدا نین کە دەبێت ئەم شێوازە خەباتە گۆڕانی بەسەردا بێ؟

**وەڵام**: ئەوە پەرچەکرداری دەسەڵاتە لە ئێران کە شێوازی خەباتی ئێمە دیاری دەکات، خۆزگە بەم چەشنە نەدەبوو. ئێوە ئاگادارن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە هەوڵی زۆری دا کە پرسی خەڵکی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر بکا. لەم ڕێگەدا ئێمە تێچووومان دا، دوکتۆر عەبدلڕەحمان قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ئەم وتوێژانەدا لە شاری ڤیەن و بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا. لە بەرانبەردا و لە وەڵامی داواکارییەکانی ئێمەدا، کۆماری ئیسلامی بێجگە لە سەرکوت، ئێعدام، کوشتاری ئەندامان و



سەرچاوە Serchawe

چالاکانی ئێمە و تیرۆری بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەڵامێکی ئەرێنی نەداوەتەوە. ئێمە بە مافی خۆمان دەزانین کە لە هەموو ڕێکارێکی ڕەوا کە خەباتی چەکدارانەش یەک لەوانە بە دژی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەرگرین.

**پرسیار**: لە چەند دەیەی ڕابردوودا، بە تایبەت دەیەی یەکەمی دوای شۆڕشی ئێران، دەیان جار گوێبیسی ئەمە بووین کە پێشمەرگە کوردەکان، سەری بەسیجی و سەربازە ئێرانییەکانیان دەبڕی، بەڕاستی حیزبی ئێوە و پێشمەرگەکانتان هەڵسوکەوتێکی بەم چەشنەیان هەبوو؟

**وەڵام**: ئەمەش یەکێکی دیکە لەو تۆمەتانەیە کە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم بۆ خەوشدارکردنی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد بەگشتی بانگەشەیان بۆ دەکرد. خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕوانگەی منەوە یەکێک لە مرۆییترین و بێخەوشترین خەباتەکان لە ئێراندایە.

**پرسیار**: بۆچی وەها بیر دەکەنەوە؟

**وەڵام**: لە سەردەمی ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوودا، یەکێک لە باشترین فەرماندە سەربازییەکانی حیزب دەرکرا، لەبەر ئەوەی کاتێک بەهۆی گوشاری بۆردمانەکانی ڕێژیمەوە دیلەکانمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگواستەوە، هەڵسوکەوتێکی شیاوی لەگەڵیان نەبوو.

**پرسیار**: زۆربەی کوردە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێن کە شەڕی نێوان دێموکرات و کۆمەڵە یەکێک لە ڕەشترین ڕووداوەکانی مێژووی کوردستانی ئێرانە. ئێوە وەکوو یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات و ئێستاش، هەست ناکەن کە هەڵەتان کردوە؟

**وەڵام**: ڕەنگبێ لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە ئەوکات هەندێک هەڵە ڕووی دابێ. بەداخەوە لەو سەردەمدا بڕوای کۆمەڵە، سیاسەت و بۆچوونەکانیان بە چەشنێک بوو کە تەحەمولی حیزبی دێموکراتیان نەدەکرد. بەرپرسانی ئەوکاتی کۆمەڵە ڕایان وابوو کە خەباتی ئەوان پێش لە هەموو کەس دەبێت دژی حیزبی دێموکرات بێت، چونکی کۆماری ئیسلامی ڕۆژێک هەر دێ لەنێو بچێت، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەترسیەکی هەمیشەییە بۆ سەر ڕەوتی چەپی ئەوکات. دەیانگوت ئەوان بۆرژوان و خەباتی نوێنەرانی چینی کرێکار لەگەڵ حیزبە بۆرژواکان هەمیشەیی و بێکۆتاییە و دەبێ لەنێو ببردرێن.

**پرسیار**: ئێمە لە ئێراندا دەبینین کە هەرکات بزاوتێک لە کوردستان سەرهەڵ دەدا، تەنانەت لەنێو گرووپە دژبەرەکانیشدا وەکوو هەوڵێکی جیاییخوازانە لێکدەدرێتەوە، ئایا ئێوە توانیوتانە لەگەڵ گرووپ و کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران پێوەندی چێ بکەن؟

**وەڵام**: ئێمە لەگەڵ زۆرێک لە حیزب و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆندا پێوەندیمان هەبووە و ئێستاش هەمانە. هەروەها لەگەڵ حیزبەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران پێوەندی و هاوئاهەنگیمان هەیە. لە بەر هەندێک سنوورداربوون و ئەو گوشارانەی تا هەنووکە لەسەر حیزبی دێموکرات هەن و، نەمانتوانیوە بە چەشنی پێویست حیزبی دێموکرات و خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە هاونیشتمانانمان بناسێنین.

**پرسیار**: بنکەکانی ئێوە لە کوردستانی عێراق کەوتوونەتە بەر هێرشی مووشکیی سپای پاسداران، ئەمە تا چ ڕادەیەک کاریگەریی لە سەر چالاکییەکانی ئێوە داناوە. ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق گوشاری خستۆتە سەر ئێوە تا چالاکییەکانتان سنووردار بکەن؟

**وەڵام**: گوشار لە هەر دوو لاوە هەبوو، هەم لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەمیش حکومەتی هەرێم و حیزبە کوردییەکانی کوردستانی عێراق. ئێمەش توانیومانە لەم نێوەدا هاوسەنگییەک ڕابگرین کە بتوانین لێرە جێگیر بین و لە ئەوەندە ئاستە لە خەباتی خۆمان بەردەوام بین.

**پرسیار**: ئایا نیگەران نین لە گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت دوای هێرشی مووشەکیی ئەم دواییە بۆ سەر هەولێر و شوێنەکانی دی؟ ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمە گوشارێک بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان تاکوو ئێوە ناچار بکەن بارەگەکانتان لە هەرێمدا بپێچنەوە؟

**وەڵام**: کۆماری ئیسلامی ئەم گوشارانەی بۆ سەر هەرێم هێناوە و بەڕاشکاوی داوای لە هەرێم کردوە کە ئێمە لێرە دەربکرێن، یان هەرنەبێ چەک بکرێن. بەڵام تا ئێستا بە خۆشحاڵییەوە ئەمە ڕووی نەداوە.

**پرسیار**: پێوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دیکەی دژبەری ئێران چۆنە؟

**وەڵام**: لەگەڵ هیچ حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیمی ئێران کێشەمان نییە و پێوەندییەکانمان پێوەندییەکی دۆستانەن.

لەگەڵ هەندێک لەوان هاوپەیمانییەکمان لەژێر ناوی ناوەندی هاوکاریی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ئێران پێکهێناوە و پێکەوە هاوکاری دەکەین. لەگەڵ ئەو بەشەی لە ئێمە جیابوونەوە، ماوەی زیاتر لە ساڵێکە دانوستان دەکەین بۆوەی بتوانین دووبارە ببینەوە بە یەک و لەم پێناوەشدا هەنگاوی ئەرێنیی زۆرمان هەڵهێناوە.

**پرسیار**: هەڵبەتە چەند ساڵ پێش من لە ئێوەم بیست کە گوتتان هیوادارن، ئایا ئێستا لە گەڵ چەند ساڵ پێش جیاوازترە؟

**وەڵام**: بەڵێ، جیاوازی هەیە. چونکە ئەوکات کە من گوتم هیوادارام، وێدەچێ وتووێژەکانمان لە قۆناغی سەرەتاییدا بووبن.

**پرسیار**: ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە بۆچی دوو حیزبی دێموکرات ناتوانن ببنە یەک حیزب، ئەوەیکە لە بواری بەرنامە و مانیفێستەوە دەکرێ بڵێین زۆر لە یەک نزیکن و یان وەکوو یەکن؟

**وەڵام**: لە ڕاستیدا ئەو جیابوونەوانەی نێو حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی و لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەدا و بێجگە لە یەکەمین ئینشعاب، هیچ کامیان بنەمایەکی فیکری، تەشکیلاتی و سیاسییان نەبوو. هۆکارەکەی زیاتر جیاوازیی هەڵسوکەوت و تەعامۆل لەگەڵ یەکتر بووە.

**پرسیار**: مەسەلەی ڕێبەریی حیزب چۆن چارەسەر دەکەن، ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە شوراپەک پێک بێنن یان ڕێککەوتوون کە چ کەسێک ڕێبەریی حیزب بگرێتە ئەستۆ؟

**وەڵام**: ئەوەی تا ئێستا لە سەری ڕێککەوتووین ئەوەیە کە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کار بکەین، هەر بەو ناوەی کە ئێستا هەیە و حیزبی یەکگرتوو هەر ئەم ناوەی دەبێت. لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لۆگۆی فەرمیی حیزب دەبێت. جیا لەمانەش ڕێککەوتووین کە تا گرتنی کۆنگرەی هاوبەش، من ڕێبەریی حیزبم لەئەستۆ بێت. ئێمە لە دانوستانەکانماندا ڕێککەوتوون کە لە کۆنگرەدا ئەندامانێک بۆ ڕێبەری هەڵبژێردرێن کە هەر دوو لایەنی تێدا بێت.

**پرسیار**: لەم ساڵانەی دواییەدا و لە خۆپیشاندانەکان بەتایبەت لە ناوچە غەیرە کوردەکان گوێبیستی دروشمەگەلێک وەک "ڕەزاشا ڕۆحت شاد" بووین، بە قسەی بەشێکی زۆر لە هێزە دژبەرەکان، سەڵتەنەتخوازەکان و ڕەزا پەهلەوی هێزێکی دژبەرن

کە ناکرێ لە بەرچاو نەگیردرێن. ئایا ئێوە قەت لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان و بەتایبەت ئاغای ڕەزا پەهلەوی پێوەندیتان گرتوە و لەگەڵیان قسەتان کردوە تا بتوانن لە بوارگەلی هاوبەشدا پێکەوە هاوکار بن؟

**وەڵام**: من دوو جار لە گەڵ ئاغای ڕەزا پەهلەوی دانیشتنم هەبووە. پێکەوە هەندێک باسمان کردوە، بەڵام بەو ئاکامە نەگەیشتووین کە پێکەوە هاوکاری بکەین.

**پرسیار**: ئێوە ئێستا باس لە سیستەمێکی فێدراڵی دەکەن، ناوبراو تەنانەت دژایەتیی ئەوەش دەکا؟

**وەڵام**: خوی ئاغای پەهلەوی مەیلی زۆرتر بوو. بەڵام گرووپەکەی زۆر جیاوازتر و هەندێ جاریش دژی ئەون. هەربۆیەش تا ئێستا هیچ ڕەوتێکی سیاسی نەیتوانیوە لەگەڵی هاوپەیمانی پێک بێنێ و هۆکارەکەشی هەر ئەم جیاوازیی بیروبۆچوونی نێو گرووپەکەیەتی.

**پرسیار**: ئەدی لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهەدینی خەڵق؟ دەزانم لە ساڵانێکی دوور پێکەوە هاوکاریتان هەبووە، بەڵام ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق ئێوەی دەرکرد -مەبەست لە شورای میلیی بەرگریدا- بە هۆی ئەوەیکە ئێوە بە نهێنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتوێژتان هەبوو؟

**وەڵام**: لەم ساڵانەی دواییدا پێوەندیمان نەبووە و ئەوەش کێشەکەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێکخراوی موجاهدین. لە شورای میلیی مقاومەتدا ئێمە ئەندامێکی شوێندانەر بووین و خۆمان شوڕامان بەجێ هێشت، بەڵام ئەوان دەڵێن حیزبی دێموکراتمان لە شوڕا دەرکردوە. ئێمە باوەڕمان وایە کە ڕۆژێک مەسەلەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی خەڵکی کورد، دەبێ لە تاران و لە ڕێگەی وتوویژەوە چارەسەر بکرێ. ئەمە مەسەلەیەک بوو کە ڕێکخراوی موجاهدین کێشەی لەگەڵی هەبوو.

**پرسیار**: ئێمە شایەت بووین و هەواڵیش لەم بارەوە بڵاو کرایەوە و پشتڕاستیش کرایەوە کە نوێنەرانی حیزبە کوردییەکان و لەوانە حیزبەکەی ئێوە لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی غەیرە حکومەتییەوە لەگەڵ ئێران دانیشتنتان هەبووە. دەکرێ پێمانی بڵێن کە پێشنیارەکانی ئێران چ بوون؟

**وەڵام**: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئێران بوو دانیشتنەکەی کردبوو. واتا چوار حیزب بووین کە یەک لەوان حیزبی ئێمە بوو. ئەوەش نەک دانیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو ڕێکخراوێکی نورویژی

بوو کە نێوبژێوانیی کرد.

**پرسیار**: یانی ئێوە هیچ کات لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا بەرەوڕوو دانەنیشتوون؟

**وەڵام**: نەخێر.

**پرسیار**: یانی حازر بوون کە هەندێک ئیمتیاز بە ئێوە بدەن، بگەڕێنەوە بۆ ئێران، حیزب پێک بێنن و چالاکی ئازادانە بکەن و چەکەکانتان وەلا بنێن؟

**وەڵام**: ئەو وەڵامانەی کە لە ڕێگەی ئەم ناوەندەوە بە دەستی ئێمە دەگەیشت ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا مەبەستی تەنیا ئەوەیە بە دوایین داخوازی ئێمە و بۆچوونەکانمان لە مەڕ درێژەدان بەم وتووێژانە بزانێ. کاتێک خواستەکانی ئێمەیان بیست، ئیدی وڵامێکیان نەبوو. یانی ئەوان بە وردی نەیانگوت لەم داخوازییانەی کە ئێوە هەتانە، کامەیان و چ مافێک بە ئێوە دەدرێ یان نا!

**پرسیار**: ئایا خەباتی چەکداری هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە، بژاردەی یەکەمی حیزبی دێموکرات بووە؟

**وەڵام**: نەخێر، لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات خوازیاری وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو کە تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو. لە ڕاستیدا لەو سەردەمەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو هێزانەی ڕێژیمی پاشایەتی بوون کە لە پادگانەکان و شوێنەکانی دیکە پەرش‌وبڵاو بوون، ئەوکاتە ئەوان پێشنیاری وتووێژیان دا. هەیئەتێک لەو کاتەدا لەلایەن ئێرانەوە دیاری کرا کە خوالێخۆشبوو داریووش فرووهەر یەک لەوان بوو. نزیکەی ساڵێک هاتن لەگەڵ حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و چەند لایەنێکی دیکە لە مەهاباد کۆبوونەوە. بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ئەم وتووێژانەی تەنیا بۆ وەدەستهێنانی کات کردوە. کاتێکیش توانییان هێزە پەرش‌وبڵاوەکەیان ڕێک بخەنەوە، جارێکی دیکە هێرشیان کردەوە سەر مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان و وتووێژەکان ڕاگیران.

**پرسیار**: ئایا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاگاداری ئەو وتووێژانەی نێوان دوکتور قاسملوو و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٨ لە ڤییەن بوو؟

**وەڵام**: بۆ خولی یەکەمی وتووێژەکانی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، ئێمە لە دەفتەری سیاسی ئاگادار نەبووین. ئەوە لە ڕەوتی سەفەرێکدابوو کە دوکتور قاسملوو بۆ ئورووپا کردبووی و کە گەڕایەوە باسی دانیشتنەکەی بۆ ئێمە کرد. ئێمە پێمان باش بوو کە وتووێژەکان بکرێن، بەڵام دژی ئەوە بووین کە دوکتور قاسملوو خۆی بەشداری وتووێژەکان بێت. بڕیار وا بوو کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا دابنیشێ، بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕووی نەدا.

**پرسیار**: ڕۆڵی جەلال تاڵەبانی، ڕێبەری یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی عێراق لەو کاتەدا چ بوو. دەزانین کە لە ڕۆژە یەکەمەکانی وتوێژەکاندا لەوێ حزووری هەبوو، بەڵام دوایی نەبوو و بەتایبەت ئەو ڕۆژەی کە دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا. هەندێک ئەم گومانەیان دروست کردوە کە ڕەنگە ناوبراو هاوکاریی کۆماری ئیسلامیی کردبێت؟

**وەڵام**: مام جەلال لە پەروەندەی شەهیدکران و تیرۆری دوکتۆر قاسملوودا ڕۆڵێکی نەبوو. لە خولی یەکەمی وتووێژەکاندا حزووری هەبوو و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی هەندێک بەڵێنیان دابوو. بەڵام دوایی دوکتور قاسملوو خۆی بە ئێمەی گوت کە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی پێیان گوتووە کە لەمەوبەدوا خۆمان وتوویژ دەکەین، ئێمە ئێرانین و باسەکانمان خۆمان دەیکەین و خۆمان کێشەکانمان چارەسەر دەکەین و پێویست ناکا کەسانی غەیرە ئێرانی حزووریان هەبێت کە مەبەستیان مام جەلال بوو. تەنانەت ئەمەیان گوتبوو کە مام جەلال زاربڵاوە و ڕەنگە ئەم باسانە بدرکێنێ. ئەوکات بڕیار وابوو وتوێژەکان نهێنی بن تا دەگاتە ئاستێکی تر. هەربۆیەش باشتر وایە کە مام جەلال بەشدار نەبێت. بەڵام لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە مەبەستی لە وتوویژ لە داوخستنی دوکتۆر قاسملوو بوو و دەیزانی ئەگەر مام جەلال لە دانیشتنەکاندا بەشدار بێت ناتوانن بە ئامانجیان بگەن و دوکتور قاسملوو تێرۆر بکەن و یا ئەگەریش بیکەن تێچوویەکی زۆر قورسی بۆ ئەوان دەبێت.

**پرسیار**: لەگەڵ هەندێک لەو کەسانەی کە پێشتر لە ئاستی بەرزی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتدا بوون قسەم کردوە. هەندێکیان دوکتور قاسملوو بەوە تاوانبار دەکەن کە تاکڕەو بوو، دەیانگوت لە گەڵ بەدەنەی حیزبی دێموکراتدا نەیدەتوانی پێوەندی دروست بکات. هەندێکی دیکە لەوانەی کە لە دوکتور قاسملوو نزیک بوون دەیانگوت کە ئەو ساڵانێک لە ئورووپ ژیابوو، لەگەڵ زۆرێک لە کەسایەتییە جیهانیەکاندا پێوەندیی دروست کردبوو، و ئەوە کێشەی حیزبی دێموکرات، تەنانەت بەدەنەی حیزبی دێموکرات و لە ئاستی دەفتەری سیاسیدا بوو کە نەیاندەتوانی لە ئیدەکانی ئاغای قاسملوو تێبگەن، کامیان ڕاستە؟

**وەڵام**: کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بە چەشنێک بوو کە زۆر بەئاسانی لەگەڵ هەر کەسێک و لە هەر ئاستێکی خوێندەواری، ئەندێشە و فیکردا دەیتوانی قسە بکات. لەگەڵ مامۆستای زانکۆ، مامۆستای زانکۆ بوو، لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، پێشمەرگەکان، ئەندامانی حیزبی و خەڵکی دێ ڕێک وەکوو خۆیان قسەی دەکرد.

**پرسیار**: ئێمە دەبینین کە سێ ساڵ دواتر و دووبارە لە ئورووپا، دوکتور سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تیرۆر دەکرێ، ئێوە لە تێرۆری دوکتۆر قاسملوو هیچ فێر نەبوون؟ بۆ ئەم هەڵەیە دووبارە دووپات بۆوە؟

**وەڵام**: هەڵبەتە ئەمە ڕەخنەیەکی بەجێیە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بە داخەوە دوکتور شەرەفکەندی ڕەچاوی بواری ئەمنیەتیی نەدەکرد. هەربۆیەش بە داخەوە زۆر زوو لە داو کەوت.

**پرسیار**: داواکاری گشتی ئاڵمان بۆ یەکەم جار و زۆر کەسیش دەڵێن دوای دادگای نۆرمبرگ، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تێرۆریزمی دەوڵەتی ناو دەبات و ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە بەوە تاوانبار دەکا کە لە ڕێکخستن و جێبەجێکردنی ئەم تێرۆرانەدا ڕۆڵیان هەبووە؟

**وەڵام**: بەڵێ لە دادگەیەکی بێلایەندا، ڕێبەرانی ئەم دەسەڵاتە وەکوو تێرۆریست ناسێنران و مەحکووم کران. ئەمە جۆرێک سارێژ بوو بۆ برینەکانی ئێمە وەکوو بەدەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کورد بە گشتی لە دوای ئەو تیرۆرانە بوو.

**پرسیار**: دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنۆس کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئورووپادا بوو؟

**وەڵام**: نا بۆ هەمیشە. بۆ ماوەیەک کۆماری ئیسلامی تێرۆری چالاکانی سیاسی و ڕێبەرانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاگرت کە هاتوچۆی ئورووپایان دەکرد یا نیشتەجێی ئەوێ بوون. بەڵام بە دڵنیاییەوە هەر لەو کاتەدا سەرقاڵی پیلان و پلانی خۆی بوو، بە شێوەیەکی دیکە و لەوانە کۆکردنەوەی زانیاری و دروستکردنی هێز و لایەنی نیابەتی. هەروەک بینیمان کۆماری ئیسلامی لەم ساڵانەی دواییدا دیسانەوە پیلانەکانی خۆی لە ئورووپا دەست پێ کردۆتەو.

**پرسیار**: لە ساڵانی ڕابردوودا ئێوە ڕێبەری ئەم لقەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، ئایا هەڕەشەیەک بەرەڕووی ئێوە بۆتەوە؟ ئایا ئێوە نیگەرانی گیانی خۆتان نین؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: پیلان هەبوو، دەستوپێوەندی خۆیان ناردوە، بەڵام بە خۆشییەوە هەموو ئەمانە بەرپەرچ دراونەتەوە و کۆماری ئیسلامی تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام کە کۆماری ئیسلامی دەست لەم هەوڵانە هەڵناگرێ.

**پرسیار**: دەزانین کە ئێستا لە ئێران خۆپیشاندانەکان هەن و بەردەوامن. زۆر کەس پێی دەڵێن شۆڕشی برسییەکان بە هۆکارگەلی ئابووری. ئێوە وەکوو نوێنەری بەشێک لە گرووپە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، نوێنەری بەشێک لە کوردەکان، پەیامی ئێوە بۆ گرووپەکانی دیکەی دژبەری ڕێژیمی ئێران چییە؟

**وەڵام**: لەو بڕوایەدام کە چ ئەوکات کە حیزبی دێموکرات خوازیاری خودموختاری بۆ کوردستان بوو و چ دواتر کە بەرنامەی خۆی بۆ فێدراڵی گۆڕی، ئەمانە هەمیشە خواستی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بوون. ئێمە کاتێک دەتوانین ئەو ئێدیعایە بکەین کە خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەسەنە کە لەسەر بنەمای خواستی خەڵک بێت. ئەگەر خەڵک بیانهەوێ ئێمە خەباتی خۆمان درێژە دەدەین و ئەگەریش نەیانهەوێ بێگومان خەباتێک بوونی نابێ.

**زۆر سپاس کاک مستەفای بەڕێز**

**سپاس بۆ ئێوەش**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

## خەڵکی مافخوازی کوردستان بە سەرکوت و زەبروزەنگ چاوترسێن نەبوون و ناشبن

**دیمانە: مەنسوور مروەتی**

**ئاماژە**: کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کورد کاناڵ" خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی بەنیسبەت کۆمەڵە پرسێکی ڕۆژەڤی ئێران و کوردستان دەربڕی. "کوردستان" لەبەر گرینگیی ئەم باسە پوختەیەک لەو وتووێژە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا زۆر باس لە زەرورەتی یەکگرتنەوە و یەکگرتن لە کاتی ئێستادا دەکرێت، ئەمە تا چەند کاریگەری لە پێشڤەچوونی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە و ئەساسەن بۆ یەکگرتنەوە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەکوو کورد و میللەتێکی دابەشکراو دەبێ بزانین دابەش بوون چارەنووسی ئەو نەتەوەیەی بە کوێ گەیاندوە. من پێموابێ لەو ڕۆژەوە کە کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بووە، گەورەترین کارەسات لە مێژووی خەڵکی کورد دەستی پێ کردوە؛ چونکە ئەو دابەشبوونە بوو بەهۆی ئەوەیکە هێزی کورد لەهەر چواربەشدا دابەش و دابڕ دابڕ بکرێ و هەر کامێکیان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکەوە کە بەداخەوە دیکتاتۆر و سەرەڕۆ بوون و هیچکام لەوان باوەڕیان بە مافی کورد و نەتەوەی کورد نەبووە و نییە. وەختێکیش کورد دابەش بووە، هێزەکەی کەمتر و چووکەتر بۆتەوە و زۆر ڕاحەتتر توانیویانە بەسەریدا زاڵ بن، سەرکوتی بکەن و بە پیلانی زۆر گەورەش توانیویانە کێشە و دوژمنایەتی بەینی کورد دروست بکەن و کورد بەدژی کورد بە شەڕ بدەن. بۆیەشە مێژووی ئێمە بەداخەوە پڕە لە شەڕی براکوژی، یەکتر شکاندن، یەکتر بوغزاندن و دەستەکەم گرتن و بێکەڵک کردنی یەکتری و هەموو ئەوانەش بە قازانجی دوژمن تەواو بووە.

لەو بەشەدا ئێمە وکوو کورد لە کاتی دابەشکردنی کوردستاندا هیچ دەسەڵاتێکمان نەبووە. کەس نەهاتوە پرس بە کورد بکات بزانێ بۆچوونی چییە، و ئەوەیکە کوردستانیشی بەسەردا دابەش کراوە ئەو دیکتاتۆرانە بوون کە هیچ باوەڕێکیان بە کورد و مافی نەتەوایەتی و یەکسانیی ماف نەبووە. بۆیە شتێکی سرووشتییە لە سیستمێکی ئاوادا تۆ چاوەڕوانی سەرکوت و زەبروزەنگ و بێعەداڵەتی بکەی. بەڵام کارەساتی لەوە خراپتر ئەوکاتە بوو کە کورد بۆخۆشی دەستی کرد بە دابەشبوون و دابڕبوون و لەتلەتبوون لەنێو هەرکام لە بەشەکانی کوردستان. یانی ئەگەر ئێمە گلەییمان هەیە لەوە کە وڵاتەکەمان

بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە، بەڵام بۆخۆشمان هاتووین لە هەر بەشێکدا جۆرەها دابەشبوونمان پێکهێناوە، لەژێر ناوی عەشیرەتی، ئایینی، زمانی و ناوچەیی و ساڵانێک دژی یەکتری شەڕمان کردوە و لە یەکترمان کوشتوە و یەکترمان شکاندوە کە دەگاتە حیزبە سیاسییەکان، کە دەبێ ئەوان خەڵک وشیار کەنەوە، کەچی دەبینن لەنێو حیزبە سیاسییەکانیشدا لەباتی یەکگرتوویی دابڕان و شەڕ و ملبەملەی نارەوا خوڵقاوە. بۆیەش گوتم ئەم کارەساتە لەوەی یەکەم گەورەتر، چونکە ئەوەیان بە دەستی خۆمان کردوومانە، هێزە کوردییەکان هیچیان دەست نەکەوتووە و دوژمنیش قازانجی زۆری لێ بینیوە و خەڵکەکەشمان لەو دابڕان و دابەشبوونانە ماندوو و ناهومێد بوون. ئەمن پێموایە هەرچەند ئێستاش درەنگە بەڵام دەبێ وەختێک وەکوو نەتەوەیەکی وشیار کە مافی خۆمان و دوژمنی خۆمان ناسیوە، حەق وایە کە ئیدی ئەو ڕەوتە بەرەو یەکگری و یەکگرتنەوە بگۆڕین. چونکە لەبنەڕەتڕا بە یەکگرتن و یەکریزییە کە کورد دەتوانێ هەموو هێزەکەی بخاتە سەریەک و لە بەرامبەر ئەو دوژمنە ملهوڕانەدا بەرگرییەکی باشتر بکا و ببێتە هێزێک کە لەهەر بەشێکدا ئاڵوگۆڕ بێتە پێشێ، حیسابی بۆ بکەن و نەتوانن پەراوێزی بخەن. بۆیەشە یەکگرتنەوەکەمان یەکگرتنەوەیەکی بەوەخت بوو، چونکە دەبینین ئێستا دۆخی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەقامگیر نییە و ئاڵوگۆڕەکان یەک بەدوای یەک بەڕێوەن. کۆماری ئیسلامی لەنێو خەڵکدا بێزراوە و ڕۆژ نییە لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەدژی ڕێژیم خۆپیشاندان نەکرێ. لە ناوچەکەدا بەهۆی سیاسەتی دەستتێوەردانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێندێک یەکگرتوویی بەدژی وی پێکهاتوە و ئەوانە هەموویان نیشان دەدەن کە لە بەردەم ئاڵوگۆڕێکی خێرادایین و بێتوو یەکگرتوو نەبین دیسان پەراوێز دەخرێینەوە. چونکە بەداخەوە لە ئێراندا بێجگە لە نەتەوە بندەستەکان باوەڕ بە مافی نەتەوەیی زۆر لاوازە، بۆیە ئەوە ئێمەین کە دەبێ زۆر بەهێز و یەکگرتوو بین و هێزەکانمان بخەینە سەریەک بۆوەی ئامادە بین بۆ ئەو ڕووداوانەی کە چاوەڕوانیان دەکەین.

**مەنسوور مروەتی: بە پێی فەرمایشتەکانی جەنابت ئێستا چی بکرێت ئەم یەکگرتنەوەیە ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ بەهێزتر کردنی حیزبی دێموکرات و هەروەها بەهێزترکردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**مستەفا هیجری**: ئێمە قۆناغێک لە یەکگرتنەوەمان جێبەجێ کردوە، بەڵام ئەوە هەمووی داخوازەکە و ئامانجەکە نییە، بەڵکوو ئامانجی بنەڕەتی بەهێز کردن و بەردەوام بوونی ئەو یەکگرتنەیە. ئەوەش بەوە دەکرێ کە ئێمە بەگشتی لە کۆمەڵگەی حیزبیدا و لەوە بانتر لە کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵاتدا بتوانین هەموومان وەکوو تاک باوەڕ بەوە بێنین کە دەبێ گوێ لە یەکتری بگرین و بۆچوونی یەکتری بەهێند وەربگرین. ئەو سەردەمە تەواو بوو کە کەسێک یا لایەنێک یا گرووپێک پێی وابێ هەرچی ئەو دەیڵێ دروستە و باقی دیکە هەمووی باتڵە، ئەوە هەمووانن کە واقعییەت و حەقیقەتەکە دروست دەکەن. بۆیە دەبێ بۆچوونی جیاوازەکان هەبن و بە هەموومانەوە باشترین و جوانترین و واقعیترین بڕیار و سیاسەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا ڕەچاو بکەین.

دەبێ چیدیکە بەدوای ئەوەدا نەگەڕێین کە چونکە لە نیوخۆی حیزبدا ناڕازین، لە فڵان شتدا بیروبۆچوونمان لەگەڵ یەکتر نایەتەوە، کەوابوو جودا دەبینەوە و وەکوو گرووپێک دەچین شتێکی دیکە پێکدێنین! چونکە ئەگەر گرووپەکەی دیکەش پێک هات لەنێو ئەوێشدا ئیختلافی بۆچوون هەیە. ئێمە وەختێک وەک حیزبێکی دێموکرات خەبات دەکەین یەکێک لە تایبەتمەندییە ئەسڵییەکانی دێموکراسی هەبوونی بیروبۆچونی جیاوازە، بۆیە بیروبۆچوونی جیاواز هەمیشە پێکدێ، بەڵام ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانە دەبێ مودیرییەت بکرێ و لە کۆی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەدا بە دیالۆگی دێموکراتیک بتوانین خاڵی هاوبەش ببینینەوە و بیکەینە بڕیار، بیکەینە سیاسەت و بیکەینە ڕێنوێنی کار و بەرنامەکانمان. بەتایبەتی وەکوو کورد بەگشتی و وەکوو حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لەبیرمان بێ کە دابڕانەکان هیچکامیان سەرکەوتوو نەبوون و هیچکام نەیانتوانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بەهێز بکەن، بەڵام زۆرباش توانییان خەڵک بێزار، ناهومێد و ماندوو بکەن و توانییان وەخت و ئینرژیی حیزبەکان بەخۆیانەوە مەشغوڵ بکەن. کەوابوو ڕێگاچارەی ئەو مەسەلەیە لە جیابوونەوەدا نییە، ئێمە وەختێک دەتوانین ئەو یەکگرتنەوە بکەینە خاڵی وەرچەرخان کە ئەو ئەزموونانەی ڕابردوومان لەبیر نەچێتەوە. زۆرجار باس لەوە دەکەن کە کورد کەمحافزەیە لەباری مێژوویی بۆیە شتی مێژوویی لەبیر دەچێتەوە. ئێمە دەبێ ئەو شتانەمان لەبیر نەچێتەوە. لەبیرمان نەچێتەوە بۆوەی دەرسی لێوەربگرین و چیدی ئەو ڕۆژە تاڵانە بۆ خەڵکەکەمان دووبارە نەکەینەوە. ئەمن هیوادارم ئەو ئاواتە بێتە دی، چونکە خەڵکی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا زۆر وشیارن و زۆر باش دۆست و دوژمنی خۆیان دەناسن و چاک دەزانن کە یەکگرتوویی چون دەتوانێ ڕێگاچارەی ئەوان بێ. نموونەکەشی ئەوە کە لەگەڵ ئەوەیکە حیزبی دێموکرات دابەش ببوو بەڵام خەڵکەکە هەر یەکگرتوو مانەوە. دیارە ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکرات دەبێ کار بکەین و هەم لەباری فکرییەوە و هەم لەباری عەمەلییەوە ئەو یەکگرتوویە بە خەڵکەکەمان نیشان بدەین. لەباری فکرییەوە دەبێ لەسەر بابەتە ناکۆکەکان پێکەوە دیالۆگی دێموکراتیکمان هەبێ و بێجگە لەوە بۆ لای ڕێگای دیکە نەچین، چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ سەرکەوتن نییە و ئەوە سەد ساڵە تاقی دەکەینەوە. لەباری عەمەلییشەوە کار و کردارمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە نیسبەتی ئەفراد وەک یەک بێ، خەتێک بکێشن بە دەوری ئەوەدا کە فڵان کەس لە جودابوونەوەدا لەگەڵ من یا لەدژی من بووە، ئەوانە دەبێ بە مێژوو بسپێرین ئەویش مێژوویەکی خراپ و مێژوویەکی ناسەرکەوتوو. ڕۆژی تازەمان لە ڕۆژی یەکگرتنەوەڕا دەست پێ دەکا و ئەو ڕۆژە تازەیە دەبێ بە پەندوەرگرتن لە ڕابردوو بێت. ئێمە ئیختلافی بۆچوونمان هەبووە، کێشەمان هەبووە و هەرچی هەبووە ئەوانمان بەجێهێشت و بە مێژوومان سپارد، ئێستا هەموومان وەکوو ئەندامێکی کە مافی بەرانبەرمان لەو حیزبەدا هەیە پێکەوە بۆ یەک ئامانجی هاوبەش خەبات دەکەین و ئەو حیزبە ئی هەموومانە، چ ئەوەی پێشتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو یا ئەوەی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بووە، چونکە هەردوولا لەو ماوەی دابڕانیشدا هەر بۆ یەک ئامانج خەباتیان کردووە. ئەوە دەتوانێ ببێتە خاڵی وەرچەرخان و ئەمن ئەو زەرفییەت و ئاگاهییەی پێویست بۆ ئەم ئامانجە لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و لە کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بەتایبەت لە خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی شک

دەبەم.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا لە دەرەوەی باسی حیزبی دێموکرات، دۆخی ئێستای ئێران چۆن دەبینی؟ وەک بۆخۆشتان ئاماژەتان پێدا تا ئێستا دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان بێئاکام بوون، بەو پێیە دۆخی سیاسیی ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەچاو چل و چەند ساڵی ڕابردوودا ئێستا لە خراپترین دۆخی سیاسی، کۆمەڵاتی و ئابووریدایە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هێزی سەرکوتی نەماوە، بگرە هێزی سەرکوتی بەهێزتریش کردوە و ئەوەش بەهێزبوونی حکوومەت نییە، بەڵکوو لە لاوازی و لە ترسانێتی. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی باش دەزانێ کە لەنیو خەڵکی خۆیدا چەندە بێپایەگایە و چەندە خەڵک دژێتی. چەند مانگێک لەوە پێش دامەزراوەیەکی ڕاپرسی ڕایگەیاند کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران کە پێشتر دیندار بوون، هەر لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا بوونەتە دژی دین. ئەمە دەریدەخا کە لە باری شەرعییەتی ئایینییەوە لە لاوازترین حاڵەتی خۆیدایە. لە باری ئابوورییشەوە خۆ هیچ شتێک بۆ خەڵکەکە ناکا و ئەوەی هەیە بۆ هێزە نیابەتییەکان، دامودەزگا ئایینییەکان و بۆ سپای پاسدارانە ئەویش بۆ سەرکوت. بە بۆچوونی من ئەو بارودۆخە ناتوانێ زۆر بەردەوام بێ، بەتایبەتی کە خەڵکی ئێران بەگشتی وشیارن و دەزانن کە ئەو ڕێژیمە کۆماری ئیسلامییەی کە لە سەرەتادا بەیعەتیان لەگەڵ کرد و قوربانییان لە ڕێگای دا ئێستا چیی بەسەر هێناون. بۆیە دەبینین خەڵک لە نێوخۆ بەتەواوی لەو ڕێژیمە نارازییە و لە دەرەوەش هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی ڕێژیم نین. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێژیم تا ئێستا هێزی سەرکوتی ماوە و بە پشتبەستن بە سپای پاسداران و هێزی داپڵۆسێنەری خۆی دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دیکە درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا؛ بەڵام ئەو ماوەیە درێژخایەن نابێ.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا ئەم ماوەیە زۆر باس لە ئەگەری ڕێککەوتنی ئێران و ئەمریکا و زیندووکردنەوەی بەرجام دەکرێت، ئەگەر ئەوە ڕوو بدات یان بە پێچەوانەکەی دەتوانێ چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت؟

**مستەفا هیجری**: پێشتریش گوتوومانە کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە بەرجامەوە یا بێبەرجام، بە هاوپێمانی لەگەڵ فلان دەوڵەت یا بە دژایەتی لەگەڵ فلان دەوڵەتی دیکە، لە ڕاستیدا هیچ شتێک دەست خەڵک ناکەوێ. چونکە هەرچی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیکا هیچی لەبەر قازانج و بەرژەوەندیی خەڵک نییە، بەڵکوو بۆ بەرژەوەندیی خۆیەتی و دەیهەوێ خۆی بەهێز بکا هەتا ماوەیەکی زیاتر درێژە بە حکوومەتە سەرەڕۆیانەکەی بدات. بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم

لام وایە بەرجام ئەگەریش ببوژێتەوە و هەموو لایەنەکان ئیمزای بکەن و ئێران بگەڕێتەوە سەر تەعەهووداتی خۆی، بەو حاڵەش بۆ خەڵکەکە دەستکەوتێکی نابێت. ڕاستە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستکەوتی دەبێ، دراوێکی زۆری دێتە دەست و بەوجۆرەی لێک دەدرێتەوە بێتوو دانوستانەکان سەر بگرن لە ماوەی ١٥- ٢٠ ساڵدا نزیکەی تریلیونێک دۆلار دەستکەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ، بەڵام ئەو کۆماری ئیسلامییە چی دەستکەوتی هەبێ دەیدا بە هێزە نیابەتییەکانی لە پێناو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و هیلالی شیعیدا. یان دەیدا بە دەزگا ئایینیی و تەبلیغاتییەکانی و بە سپای پاسداران و بەشێکی هەرە زۆریشی دەچێتە گیرفانی ئەو حکوومەتە گەندەڵە کە ئێستا لە گەندەڵیدا ئیدی لە دنیادا مەشهوورە. بۆیە ئەمن پێم‌وایە خەڵک لە ئێران بەگشتی و بەتایبەت لە کوردستان هیوا هەڵنەچنن لەسەر ئەوەیکە ئەگەر بەرجام جێبەجێ بوو ئەوان دەحەسێنەوە. چونکە پێشتریش پێش ئەوەی ئەوەی بەرجام لەلایەن ترامپەوە هەڵوەشێتەوە، ئەودەمیش دیتمان کە ئێران داهاتی زۆری هەبوو و بانکەکانی گەمارۆیان لەسەر نەمابوو، بەڵام کۆمەڵگە هەر فەقیر و هەژار بوون و خەڵک ئەمەیان ئەزموون کردوە. لەگەڵ ئەوەدا ئەمن لام‌وایە کە سەرەڕای ناکۆکییەکان و درێژەکێشانی ئەو باسە بەڵام لە نیهایەتدا وتوویژەکان دەگەن بە ئاکام، چونکە هەم ئێران حەوجێی بە بووژاندنەوەی بەرجامە بۆوەی لەباری ئابوورییەوە هەناسەیەکی بێتەوە بەر؛ هەم وڵاتانی هاوبەش و هاوبەرژەوەند لە بەرجامدا بەتایبەت ئامریکا و ئورووپاییەکانیش زۆر مەبەستیانە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو زووانە دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕانەگا و ئەو گرێبەستە دەستی کۆماری ئیسلامی لە گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی کورت دەکاتەوە. بۆیە پێم‌وابێ لەبەر ئەوەی هەردووکیان و هەر یەکەی بەجۆرێک پێویستییان بەو ڕێککەوتنەوەیە، ئاخرییەکەی لەگەڵ یەکتر هەر دەسازێن.

**مەنسوور مروەتی**: ئەگەر ئەم ڕێککەتنە بکرێت، چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: من پێم‌وابێ تەئسیرێکی مەنفیی نابێ، بێجگە لەوەیکە گوتم هێزەکانی سەرکوت ڕەنگە ئیمکاناتی زیاتریان دەستکەوێ و بتوانن زیاتر خەڵکەکە سەرکوت بکەن؛ بەڵام ئەوە هیچ بە مانای ئەوە نییە کە خەڵک بە سەرکوتی توندتر لە ئامانج و داخوازەکانی خۆیان دەکشێنەوە. هەروەک چۆن بۆخۆمان لەو ماوەیەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام تیرۆری لێ کردووین، تۆپباران و مووشەکبارانی کردووین، بەڵام حیزبەکەمان نەکەهەر لەبەین نەچووە، نەتواوەتەوە و نەکشاوەتەوە، بەڵکوو ئێستا بەو یەکگرتنەوەیە زۆر زۆریش بەهێزتر بووە و لەنێو خەڵکی خۆمان و لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا خاوەن پێگەیەکی دیکەین. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەیکە خەڵک چاوەڕوانی ئەوە بێ هێزێک لە دەرەوەڕا بێ و ڕزگاری بکا، یەکێک لە پەیامەکانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات ئەوە بوو کە خەڵکی کورد دەبێ بۆخۆی ببێتە ڕزگاریدەری خۆی. بێجگە لە خۆی کەسی دیکە نییە فریای بکەوێ، نابێ بەهیوای هیچ لایەنی دیکە بێ، بۆیە دەبێ بۆخۆی لە فکری ڕزگارکردنی خۆیدا بێ و ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکرات و وەکوو هێزە سیاسییەکانی دیکە پەنا و پاڵپشتین و بەشێکین لەو

خەڵکە. ئەوەش کە لەو پێوەندییەدا دەکەوێتە سەرشانمان، ئێمە دووبارە وەک ڕابردوو بەڕێوەی دەبەین و خەڵکەکەش دەبێ ئیدی بەتەواوی لە هێزی دەرەکی هیوابڕوا بێ بۆ ئەوەی خۆی باشتر ڕێک بخات و خەباتەکەی بباتە پێشێ.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا بە لەبەرچاوگرتنی هەموو فاکتەرەکان، وەزعیەتی ئێستای ئێران، دەرەوە، خەباتی کورد لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆن دەبینی؟

**مستەفا هیجری**: وەزعی سیاسیی خەڵک لە کوردستانی ئێران ئێستا زۆر باشترە. چونکی ئەگەر لە سەرەتادا هەبوون کەسانێک -کەمیش نەبوون- کە هیوایان بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیبوو و هێشتا نەیاندەناسی و لەژێر تەئسیری درووشمەکانی کۆماری ئیسلامی پێیانوابوو کە ئێرانیان بۆ دەکاتە بەهەشت؛ یان خەڵکانێک لە باری ئایینییەوە هیوایان پێی هەبوو، بەڵام دوای ئەو ماوەیە پەردە لەسەر هەموو درۆکانی ڕێژیم کۆماری ئیسلامی لادراوە. بۆیە دەڵێم ئێستا خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشترین دۆخی سیاسی‌دان، بەتایبەت کە ئێستا یەکگرتوون و ئەو یەکگرتووییە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا لە هاتنی سێلاو و بوومەلەرزەکان، یان لە ڕووداوی کوشتنی ژینگەپارێزان و گرتنی زیندانیانی سیاسی و بەتایبەت مووشەکبارانەکەی قەڵادا هەموو دەردەکەوێ و بینیمان کە ئەو خەڵکە چەندە یەکگرتوویە و چۆن بەفریای یەکتری دێن کە ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی وشیارییە. ڕەنگە ئەو نەسلەی کە ئێستا هەیە ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ی لەبیر نەیەت کە ئەوکات لە کوردستان خەڵکی کرماشان و ئیلام کەم وابوو خەڵکی مەهاباد و موکریان بناسن یا خەڵکی ناوچەی شوماڵ زۆر کەم وابوو خەڵکی ناوچەکانی سنە و کامیاران و ئەو شارانە بناسن و زۆر ڕووداو ڕووی دەدا زۆر ئاسایی تێپەڕ دەبوو، بەڵام ئێستا ئەو یەکپارچەییە بەدەست هاتووە و ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بە قوربانی و تێچوویەکی یەکجار زۆر دەستەبەری کردوە. من لاموایە هەر نەتەوەیەک مافەکانی خۆی و دۆست و دوژمنەکانی خۆیشی باش بناسێ و لە عەینی حاڵدا یەکگرتوو بێ، سەرکەوتنەکەی مسۆگەرە و کوردستان ئێستا لەو قۆناغەدایە.

**مەنسوور مروەتی**: لە ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوەدا کە جەنابت و کاک خالید عەزیزی قسەتان کرد، کاک خالید بوو ڕوو بە خەڵکی کوردستان گوتی ئێمە جوابی ئێوەمان داوە و یەکمان گرتەوە و، ئێستا ئێمە چاوەڕوانیمان لە ئێوەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات هەیە. پرسیار ئەوەیە چاوەڕوانیتان لە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بەشدارانی بەشە سیاسییەکەی چالاکەکانی چییە و لەمەودوا ئەرکی ئەوان چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕوانگەی منەوە نوخبەکانی کورد لە هەر جێگایەک بن، بەتایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی کوردستان، هەمووی ئەوانە هەیکەلی خەبات لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێکدێنن بۆ یک مەبەست، ئەویش

ئازادیی کوردە. دەبێ یەکگرتوو بن و وریا بن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پیلانەکانی خۆی بە هیچ جۆر نەتوانێ کەلێن بخاتە نێوانیان. بە ئیسلامییەکانەوە، بە کۆمۆنیستەکانەوە، بە خواپەرەست و بە بێدین و دێموکراتەکانەوە، بە هەر بیروبۆچوون و ئایینێک کە هەیانە یەک بگرن بۆ ئەوەی ئازادیی خۆیان وەدەست بێنن، چونکە ئێمە ئێستا بستێک خاکمان نییە کە بە کەرامەت و عیزەتی ئینسانییەوە پێی لەسەر دابنێین و هەموو شتێکمان لەلایەن ڕێژیمە لێ زەوت کراوە. کوا لەکاتی ئاوادا وەختی ئەوەیە جارێ بێین کێشەی بیروبۆچوون و ئیدیۆلۆژی و نازانم چی و چی بکەین؟ دەبێ لەپێشدا وەک نەتەوە خۆمان ڕزگار بکەین و ئەگەر ئەو خەباتەمان کرد و ئەو وەزعیەتەمان گۆڕی، ئەوکات لەو وڵاتی ئازادی خۆماندا دیسان خەبات بەردەوامە. خەبات بۆ مرۆڤ حەتا مردن بەردەوامە و مرۆڤی بێخەبات یانی مردوە. ئەودەمی دێین لە وڵاتی ئازادی خۆماندا بیروبۆچوونە جیاوازەکانمان باس دەکەین و هەمووان مافی ئەوەمان هەیە لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا ئازادانە بۆچوونی خۆمان باس بکەین و خەڵکیش قەزاوەتی خۆی دەکا. بۆیە من پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە چەندی یەکگرتوو بین، ئەوەندە سەرکەوتنمان نزیکترە. بەتایبەتی ڕوو لە چالاکانی خەباتی مەدەنی کە لەو ماوەدا قوربانیی زۆریان داوە و فیداکاریی زۆریان کردوە، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم، خۆم بە قەرزداری تێکۆشانی ئەوان دەزانم کە لەژێر ئەو زەبروزەنگەی ڕێژیمدا ساتێک لە خەبات ناوەستن.

داوام ئەوەیە کەلێنەکان پڕ کەنەوە و لەهەر جێگایەکی بەتاڵییەک هەیە با ڕێکخراوێکی مەدەنی بۆ پێکبێنن و لەو چوارچێوەیەدا خەڵک لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و لە پەرشوبڵاوی بیانپارێزن و یەکگرتوویان بکەن، ئەوە دەتوانێ ئێمە بە ئامانجەکانمان بگەیەنێ.

**مەنسوور مروەتی**: جەنابت لە پرسیارەکانی پێشوودا زۆر بە دەقیقی ئاوڕت لە پێویستیی یەکگرتوویی و خۆپاراستن لە مناقشەی بێسوود لە کۆمەڵگەی سیاسی ڕۆژهەڵاتدا دایەوە. ماوەیەک لەوە پێش جەنابت وتووێژێکت لەگەڵ بەشی فارسیی "بیبیسی"دا کردبوو و لە بەشێکی دا باسەکە هاتبووە سەر شەڕی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە. وەڵامەکەی جەنابت تێگەیشتنی جیاوازی بەدووی خۆیدا هێنا. پێم باشە لێرەش جارێکی دیکە بیهێنمەوە گۆڕێ کە چۆن دەبێ سەیری ئەم مێژووە بکەین؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم کە دەبێ لە بەرانبەر مێژوودا خۆمان بە بەرپرسیار بزانین. ئێمە مافی ئەوەمان نییە مێژوو چەواشە پێشان بدەین یان تەنانەت لەبیری بکەین. شەڕی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە قۆناغێکی ناخۆش و تاڵی ژیانی سیاسیی ئێمەیە لە ڕۆژهەڵات و گەورەترین زەربەی لە پەیکەری یەکگرتوویی ئەو خەڵکە داوە. لەوێدا ئەمن باسی ئەوەم کردوە کە ئەم باسە شرۆڤەی زۆر دەوێ، بەڵام هەواڵنێرێک ئەوە لە من دەپرسێ ناتوانم حاشا لە واقعییەتێک

بکەم کە ڕووی داوە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە چونکە ئەوددەمی ئێمە پێکەوە لە شەڕدا بووین ئەوە کاریگەریی خراپ لەسەر یەکگرتوویی و هاوکاریی ئێستای ئێمە دادەنێ. ئێمە ئێستا قۆناغێکی دیکەمان دەست پێ کردوە و ئەوەش بەشێکە لە مێژووی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە وەک بەشێکی دڵخۆشکەر. ئێمە ئێستا لەو قۆناغەداین و ئەمن هیچ مەبەستم ئەوە نەبووە بڵێم ئەوددەمی کە لەگەڵ هەر لایەنێک لە قۆناغێکدا لە شەڕ و کێشە دابووینە ئێستاش لەو قۆناغەدا ماوینەتەوە. لە قۆناغی شەڕدا قسەی شەڕ دەکرێ و لە قۆناغی یەکگرتووییدا باس لە یەکگرتوویی دەکەین و ئێمە ئێستا بە خۆشییەوە لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵەکان هاوکاری و هاوپێوەندیی باشمان هەیە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە ئەو قۆناغەمان بە مێژوو سپاردوە و ئێستا لاپەڕەیەکی نوێمان هەڵداوەتەوە، نەک لە شەڕ کردن و بوغزاندنی یەکتری، بەڵکوو لە دۆستایەتی و هاوپەیمانی و هاوخەباتی.

**مەنسوور مروەتی**: سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**مستەفا هیجری**: سپاس بۆ ئێوە. ئەمە یەکەمین وتووێژی منە لەگەڵ کوردکاناڵ، کوردکاناڵ کە کاناڵی ڕەسمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، و لەو بارەوە خۆشحاڵم کە ئێستا لە کوردکاناڵدا قسە دەکەم، چونکە کوردکاناڵ تەلەڤیزیۆنی خۆمە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## لەبەر داخوازیی حکومەتی هەرێم ئاڵوگۆڕمان بەشوێنی هێزەکانمان لەسنوور کردووە

**مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ هاوڵاتی**

**هاوڵاتی: ئایا ئێوە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەجیاوازتر لەخۆپیشاندانەکانی پێشتری ئێران دەبینن؟**

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە لەباری چەندی و چۆنییەوە جیاوازی بەرچاویان لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی پێشوو هەیە، لەباری چەندییەوە ئەگەر پێشتر هەرجارەو لەشارێک یان چەند شارێک ژمارەیەک لەخەڵکی ناڕازی دژی رژێم دەهاتنە سەر شەقام، ئەمجارەیان لەدەیان شارو شارۆچکە خەڵک هاتوونەتە سەرشەقام یان مانیانگرتووە، بەتایبەت لەپایتەخت و شارە گەورەکانی وڵاتانی رۆژئاوا هەرجارەو بەدەیان و سەدان هەزار کەس رژاونەتە سەر شەقامەکان و سەرنجی میدیاکان و دەوڵەتەکانیان راکێشاوە و شوێندانەریان لەسەر بەشێک لەئەندام پەرلەمانەکان تەنانەت هەندێک بەرپرسی حکومی وڵاتانی رۆژئاوا داناوە سەبارەت بەهەڵوێست و بڕیارەکانیان لەپەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران.

خاڵێکی دیکە لەو پەیوەندییەدا یەکگرتوویی و یەکدەنگی خەڵکی سەر شەقامە، لەهەموو ئەو خۆپیشاندانانەدا، گشت نەتەوەکان، هەڵگری بیروباوەڕی ئایینی جۆراوجۆرو تووێژە جیاوازەکانی حەشیمەتی ئێران، هونەرمەندان، سینەماکاران، یاساناسان و ... بەیەکدەنگی دێنە سەر شەقام.

بێجگە لەوانە دەکرێ ئاماژە بە بەردەوامبوونی ماوەیەکی زۆری بەشداری خەڵکەکە بکەین لەمانەوەیان لەسەر شەقامەکان، ئێستا زیاتر لەمانگێکە بە بەردەوامی خەڵک لەسەر شەقامن و سەرەڕای شەهیدکردنی زیاتر لە ٢٠٠ کەس و برینداربوون و دەستبەسەرکردنی هەزاران کەس، بەڵام رژێم نەیتوانیوە خەڵک بنێرێتەوە ماڵەکانیان.

بەڵام گرنگترین خاڵ لەباری چۆنی یان چۆنیەتی ئەو خۆپیشاندانەیە، بەبۆچوونی من لەو راستیەدا خۆی دەبینێتەوە کە



سەرچاوە Serchawe

ئەگەر لەخۆپیشاندانەکانی پێشوو، تووێژە جیاوازەکان دەهاتنە سەر شەقام و داوای مافە زەوتکراوەکانیان دەکرد وەک مووچەی دواکەوتوویان، بێکاری، گرانی و ... ئەمجارەیان دروشمی خەڵک بۆ رووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامیە و داخوازیەکانیان تەنیا رووخانی رژێمەو هەر ئەوەشە کە دەبینین ئەمجارە وێنەو سیمبولەکانی رژێم وەک خومەینی، خامنەیی، قاسم سولەیمانی لەدیوارەکان دادەگرن و دەیانخەنە ژێرپێ و دەیانسووتێنن و هەیکەلەکانیان دەڕووخێنن.

**هاوڵاتی**: ئەمانە و زۆر دیاردەی دیکە پێمان دەڵێن کەخەڵک بەو راستییە گەیشتوون کە تاکاتێک ئەو رژێمە لەدەسەڵاتدایە ئەوان بەهیچکام لەداخوازیەکانیان ناگەن، کەوایە بۆ گەیشتن بەخواستەکانیان لەپێشدا دەبێ رژێمەکە لابەرن.

**هاوڵاتی**: حزبی دیموکرات لەناو خۆپیشاندانەکاندا ئامادەیی هەیە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەخۆپیشاندانەکاندا ئامادەیەو دەورێکی چالاک دەگێڕێ.

**هاوڵاتی**: لەدوای هێرشەکانی کۆتایی مانگی ئەیلول بۆ سەر حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێوە ئێستا چۆنە؟

**مستەفا هیجری**: لەدوای ئەم هێرشانە، ژیانی سیاسیمان لەناوخۆی رۆژهەڵات و شوێنەکانی دیکەی دنیا ئێستا بەربڵاوتر لەپێش بۆمبارانەکە بەردەوامە. لەباری ژیانی کۆمەڵایەتیشەوە ئێمە بەو هێرشانە راهاتووین هەرچەند ئەمجارەیان هێرشەکە بەربڵاوتر بوو و ئەو چەکانەی کە لەو هێرشەدا لەدژی ئێمە بەکارهاتن زۆر پێشکەوتووترو نوێتر لەو چەکانە بوو کە پێشتر لەدژی ئێمە بەکاریانهێناون.

**هاوڵاتی**: دەوڵەتی ئێران بەردەوام هەڕەشە دەکات، ئێوە سنورەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانتان چۆڵکردووە؟ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لەئێوە کردووە، لەسنوری خۆرهەڵاتی کوردستان دووربکەونەوەو چالاکییەکانتان سنوردار بکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە نەک لەترسی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و بۆمباران و تۆپبارانکردنی سنوورەکان، بەڵکو لەبەر رێزدانان بۆ داخوازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاڵوگۆڕمان بەشوێنی هێزەکانمان لەسنوور کردووە.

هاوڵاتی: لەدوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانەوە، دەوڵەتی ئێران داوای دانوستان و گفتوگۆی لەحزبی دیموکرات کردووە؟

مستەفا هیجری: لەدوای خۆپیشاندانەکان کۆماری ئیسلامی هیچ داوایەکی لەو شێوەیەی لەحزبی دیموکرات نەکردووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی دانوستاندنەکانی پێشووش، بۆمان دەردەکەوێ کەمەبەستی رژێم لەهێنانە ئارای دانوستان پیلانگێڕی بووە لەژێر ناوی دانوستان، ئەوەش لەبنەمای فکری و ئایدۆلۆژی رژێم سەرچاوە دەگرێ کە رێگاچارەی پرسەکان

لەگەڵ خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بەگشتی و کوردو باقی نەتەوە ستەملێکراوەکان بەتایبەتی، تەنیا لە پیلانگێڕی بەدژیان و سەرکووت و تیرۆر دەزانێ نەک دانوستاندنێکی راستەقینە بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

**هاوڵاتی**: وەکو هێزە سیاسییە کوردییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، هەماهەنگی و گفتوگۆتان هەیە بۆ ئامادەکاری روودانی هەر گۆڕانکارییەک لەئێران؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەک ناوەندی هاوکاری حزبەکانی کوردستانی ئێران هاوکاری و هاوفکریمان هەیە لەپەیوەندی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەچاوەڕوان دەکرێ لەئێران رووبدا. لەگەڵ بەشێکی زۆر لە حزبەکانی دیکەی نەتەوە بندەستەکان هاوپەیمانی و هاوفکریمان هەیە، سەبارەت بەچۆنیەتی حکومەتێک کەدوای کۆماری ئیسلامی لەئێران دەبێ پێکبێ و لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دوورو نزیک لەپەیوەندیداین.

**هاوڵاتی**: خۆپیشاندان و نارەزاییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بەجیاوازتر لەناوچەکانی تری ئێران دەبینن، یاخود پێتان وایە خۆپیشاندانەکانی هەموو شارەکانی ئێران یەک خواست و ئامانجیان هەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئامانجی خۆپیشاندانەکان لەسەرتاسەری ئێران بە خۆرهەڵاتیشەوە لابردنی رژێمی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام بۆ دوای کۆماری ئیسلامی جیاوازی بۆچوون لەنێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا هەیە، گرووپ و حزبی وا هەیە کە پێی وایە بۆ خۆی بەتەنیا حکومەت دەرووخێنێ و دەبێتە جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی، بۆچوونێک هەیە کە لایەنگری لەزیندووکردنەوەی پاشایەتی دەکاو ... ئەو جیاوازیانە ئەڵقەی لاوازی ئۆپۆزسیۆنە کە بەقازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو بووە، لەبەرامبەردا ناوەندی هاوکاری حزبەکانی کوردستانی ئێران و بگرە زۆرێک لەحەشیمەتی خۆرهەڵات خوازیاری پێکهاتنی حکومەتێکی دیموکراتیی فیدراڵ و سیکۆلارین کەیاسا سەروەر بێ و کوردو باقی پێکهاتە نەتەوەییەکانی کە لەسەر جوگرافیای دیاریکراوی خۆیان دەژین بەپێی یاسایەکی دیموکراتی ناوچەی خۆیان بەڕێوەبەرن.

بەڵام سەرکوتی رژێمی کۆماری ئیسلامی لەخۆپیشاندانەکانی کوردستان زۆر توندوتیژترە لەسەرکوتکردن لەناوچە فارسنشینەکان، بەجۆرێک تائێستا ژمارەی شەهیدو بریندار، هەروەها زیندانیە سیاسییەکانی ئەو یەک مانگەی دوایی خۆرهەڵات و باقی ناوچە غەیرە فارسنشینەکان وەک بلوچستان، ناوچەی عەرەب و تورکماننشینەکان و ... زۆرترین ژمارە پێکدێنن.

**هاوڵاتی**: دروشمی هاوڵاتی ژن، ژیان ئازادی) باڵی بەسەر سەدای خۆپیشاندانەکانی هەموو ئێران و ئەو خۆپیشاندانەش کە بۆ پشتیوانی دەکرێن لەدەرەوەی وڵات، ئاشکرایە ئەمە دروشمی پەکەکەو عەبدوڵا ئۆجەلانە، بەبڕوای ئێوە ئەمە چۆن بووەتە دروشمی هەموو خۆپیشاندانەکان؟

**مستەفا هیجری**: ژن، ژیان، ئازادی چەمک گەلێکن کە لەمێژ ساڵە لەنێو بزووتنەوەی کوردی خۆرهەڵاتدا باو بووەو تەنانەت لەشیعری هەندێک لەشاعیرەکانیشدا رەنگیداوەتەوە. بۆ وێنە مەرحووم هێمن موکریانی لەشیعرێکیدا دەفەرموێ:

با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی رونیشمان هەبێ
تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە

بۆیە دەڵێم لە رابردوودا هەرکەس ئەم وشانەی بەکارهێنا بێ، بەڵام کاتێک ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی بەدەستی گەشتی ئیرشادی کوماری ئیسلامی لەتاران لە رێکەوتی ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا شەهیدکراو تەرمەکەیان ناردەوە بۆ بنەماڵەکەی، ناوەندی هاوکاری حزبەکانی کوردستانی ئێران لە راگەیەندراوێکدا داوای لەخەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان کرد کە رۆژی ٢٨ی خەرمانان بەنیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بەشەهیدکردنی ژیناو هەموو لاوەکانی دیکە، لەمانگرتنێکی سەرتاسەری بەشدار بن و دوانیوەرۆکەی هەموو بەیەکگرتوویی بێنە سەرشەقام و دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەگوێی دنیا بگەیەنن، خەڵکی خۆرهەڵات پێشوازییان لەو داخوازیە کرد، دروشمی ژن ، ژیان ، ئازادی گوترایەوەو رۆژانی دواتر بەپشتیوانی لەخۆرهەڵات شارەکانی دیکەی ئێران رژانە سەر شەقامەکان و ئەو دروشمەیان گوتەوەو ئێستا لەخۆپیشاندنی ئێرانیەکان لەناوخۆ و دەرەوەیش، ئەم دروشمە یەکێک لەدیارترین دروشمەکانە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – رێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

---

## ڕێژیم لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە ڕووخاوە و هێزەکانی خەریکە هەڵدەوەرن

**ئاماژە**: تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر ڕاپەڕینی ژینا دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخی ڕاپەڕین و تاوتوێی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بکرێت، دەسکەوت و کەموکوڕییەکانی لێک بدرێتەوە و وێنایەک لە دوورەدیمەنەکانی بەدەستەوە بدەین. هەروەها بەدوای وەڵامی کۆمەڵە پرسیارێکدا بگەڕێین کە کۆمەڵگەکە لەو چەقبەستووییە ڕزگار بکات. "کوردکاناڵ" بۆ ئەو مەبەستە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردبوو کە "کوردستان" پوختە و کاکڵی ئەم دیمانەیە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا ١٠٠ ڕۆژ لە ڕاپەڕینی ژینا تێپەڕیوە. بەرلەوەی چەند پرس و پرسیارێکی تایبەت لە خزمەت جەنابتدا بێنینە گۆڕێ، پێمان باشە لێکدانەوەی جەنابت لەسەر دۆخی ئێستای ئێران بزانین. ئێرانی دوای ئەم ڕاپەڕینە چ جیاوازییەکی لەگەڵ دۆخی پێش ئەو ڕووداوە هەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی لەو پێوەندییەدا دەبێ باس بکرێ دوو بەشە، واتە دۆخی خەڵک و دۆخی دەسەڵات. بە نیسبەت کۆماری ئیسلامیی هەڵوەرین لە ڕێژیمدا دوای ئەو سەد ڕۆژە زۆرتر بووە و ئەگەر پێشتر گرووپێک، یان بە نیسبەتی کەم خەڵکێک بە دەوریانەوە مابوون و باوەڕیان پێ دەکردن، ئەوەش زۆر لە کەمی داوە. تەنانەت لەنێو هێزەکانی سەرکوتکەر، بەتایبەتی لەنێو مەرجەعەکانی شیعەدا کە پشتیوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، لەنێو ئەوانیشدا درزی تێکەوتووە و ئەو یەکدەستییەی لە هێرەمی دەسەڵاتی ڕێژیمدا هەبوو، ئێمە ئێستا ئەوە نابینین. بێجگە لەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە باری ئیدئۆلۆژیشەوە شکستێکی تەواوی خواردووە.

ئەگەر سەرنجتان دابێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە، بەشێکی زۆر لە وزە، سامان و دارایی ئەو وڵاتەی تەرخان کرد بۆ ناوەندە ئایینییەکان بۆوەی بتوانێ ئەو نۆرم و بەهاگەلەی بۆخۆیان وەکوو نۆرم و بەهای ئیسلامی دەیناسن، نەوەیی نوێی پێ گۆش بکەن. لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، ئیدارە و تەنانەت کارگە و کارخانەکان و لە هەموو شوێنێک ئەو سیاسەتە گیرایە بەر. بەڵام ئێستا دەبینین ئەو نەسڵە کە ئەو هەموو سەرمایەگوزارییەیان لەسەر کردووە و، بە تەمابوون بۆیان ببێتە پشتیوانی ڕێژیمەکەیان، ئەوە ئەوانن لەسەر شەقامەکان دژی ڕێژیمی کۆماری ئێران دروشم دەدەن و خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمن. بەتایبەت دەمەوێ ئاماژە بکەم بە دەوری بەرچاو و قارەمانانەی ژنانی ئێران

کە زیاتر لە خەڵکی دیکە ستەملێکراو بوون. ڕەنگە ئێمە ئەوە کە ژنان سەرپۆشی ئیجباری لەسەر خۆیان لا دەبن بە شتێکی کەم بزانین، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوە یەکێک لە کۆڵەکە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە ئەو خەڵکە بە دەستی خۆیان ڕووخاندیان و یەک لە بەها سەرەکییەکانی ڕێژیمیان خستە ژێر پێی خۆیان و ئەوانە دەستکەوتی زۆر گرینگن.

بێجگە لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، ساڵانێکە پڕوپاگەندە دەکا بۆ ئەوەی شیعە و سوونی و نەتەوەکانی جیاوازەکان کە پێکهاتەی ئێران پێک دێنن، لەبەرامبەر یەکتردا ڕابگرێ؛ بە نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی، بە سیاسەتی هەڵاواردن، بە لێدانی تۆمەتی جیاییخوازی و... . بەڵام ئەزموونی ئەو سەد ڕۆژە نیشانی دا کە نەک سیاسەتەکانی ڕێژیم جێ نەکەوتوون، بەڵکوو دروست بە پێچەوانەی ئەوان، نەتەوە جیاوازەکان و ئایینەکانی جیاوازەکان بە لایەنگری لە یەکتر دروشمیان دا. ئەو یەکیەتی و یەکرێزی و یەکدەنگییە کە بە مانای هەرەسهێنانی ویستەکانی ڕێژیمە، دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. لە بەشەکانی دیکەش وەک ئابووری و سیاسەتی دەرەکی، ڕێژیم تووشی دارمان و هەرەس بووە. بەڵام ئەگەر بێینە سەر خەڵک، ئەو خەڵکە لەگەڵ ئەوەی تازیەباری لەدەستدانی خۆشەویستەکانیانن، ناڕاحەتن لەوەی بریندارییان زۆرن، خەڵکێکی زۆر گیراون و بێسەروشوێن کراون؛ بەڵام خەڵک براوەن و ئەو وێنایەیان دروست کرد کە خەڵک دەتوانێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێنی و نیزامی سیاسیی دڵخوازی خۆی بێنێتە ئاراوە. خەڵک ئێستا ئیدی بەتەواوی ترسیان لە ڕێژیم شکاوە و درێژە بە خەباتی خۆیان دەدن. بەتایبەتی دەبینین خەڵکی دنیا لە پارلمانەکان، دەوڵەتەکان لە نێو ڕۆژنامەنووسەکان، هونەرمەندان و بە ئیستلاح سلیبریتییەکان، لە هەموو شوێنێک هاتوونەتە پشت خەڵک و بە ئاشکرا دژی ڕێژیم هەڵوێست دەگرن.

دەستکەوتێکی گەورەی دیکەش ئەوەیە ئەگەر لە ساڵەکانی ڕابردوودا، دەماندیت خەڵک دەهاتنە سەر شەقامەکان، داواکان بۆ مووچەی دواکەوتوو، یان داخوازیی سینفییان هەبوو؛ بەڵام لەو سەد ڕۆژەدا دروشمەکان لەوە تێپەڕین و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد ئامانج و دروشمی مەرگ بۆ ڕێبەری ڕێژیم بەرز کرایەوە. ئەوە پێمان دەڵێ کە ئەو خەڵکە ئیدی هیچ هیوایەکی بە ڕێژیم نەماوە و ئەو قەناعەتەی لەلا دروست بووە کە بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانەکانی و، بۆ ژیانێکی سەربەرزانەتر دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بڕوا.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا باستان لە دۆخ و دەسکەوتەکانی ئەم ڕاپەڕینە کرد. بەڵام دەرفەتەکان چی؟ ئەم دەرفەتانە چین کە بۆ پرسی کورد لە ئێران دروست بووە؟ هەروەها کورد چۆن دەتوانێ ئەم دەرفەتانە بقۆزێتەوە و لە پێناو دۆز و پرسە گەورەکەی خۆیدا بەکاری بێنێ؟

گرینگتر لە هەموو شت ئەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، تەنانەت پێش کۆماری ئیسلامی و لە ڕێژیمی پەهلەویشدا کورد وەکوو خەڵکێکی یاخی و سەربڕ پێناسە دەکرا. کورد لەو سۆنگەیەوە بەتوندی سەرکوت دەکرا، زوڵمی لێ دەکرا و نەیاندەهێشت سەر هەڵێنێ، بەڵام ئێستا لە تاران، لە تەورێز، لە بەلووچستان خەڵک بۆ پشتیوانی لە کوردستان دروشم دەدەن. ئەوە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی کورد جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی دروست و ئوسوولی لە زمان خەڵکی دیکەوە دەناسرێ. ئەوە دەرفەتێکی زێڕینە و ئێمە هان دەدا بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوەی غەیری کوردستان پێوەندی بگرین و ئەو پێوەندییە، مەعنەوی و سیاسییە کە هاتووەتە پێش بتوانین بەهێزتری بکەین. لێرەدا پێم‌خۆشە داوا لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەتایبەت لاوەکان بکەم کە ئەو دەسکەوت و یەکگرتووییە بە هەند وەربگرن. ماوەیەکی زۆری کێشاوە، کورد زۆری خوێن داوە تاوەکوو ئازادیخوازی و بەها مرۆییەکانی خۆی بە خەڵکی ئێران و جیهان بسەلمێنێ. لەبیریشمان نەچێ ئەگەر ئەو ڕاپەڕینە، لەنێو خەڵکی ئێراندا بەشێوەی بەربڵاو دەنگی داوەتەوە و دنیا هاتووەتە پشتی؛ لەسۆنگەی ئەو یەکگرتووییەیە. ئێمە شان بە شانی خەڵکی ئێران دەتوانین، ڕێژیم بڕووخێنین و ویست داخوازییەکانی خۆمان بێنییە دی، بۆیە لەو پێوەندییەدا ئەوەندی ئیمکانمان هەیە و بۆمان دەلوێ دەبێ پتر تێ‌بکۆشن و کەلکی پتر لەو دەسکەوتە وەرگرین.

دەرفەتێکی دیکە کە دێتە پێشێ مەسەلەی ڕۆژئاوایە بە ئەمریکا و ئورووپاوە. ئێستا جیهان دەزانێ کە ئەو ڕاپەڕینە، یەکەم هەنگاو لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد. ئێستا دەزانن کە ئەوە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بوون کە داوایان کرد خەڵک بێنە سەر شەقام و مان بگرن و خەڵک بە گوێیان کردن. ئەوە ئێعتبارێکی تازەتری داوە بە کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان داوە کە دەبێ بیکەینە دەسمایەیەکی باش بۆ دیپلۆماسییەکی بەهێز. ئەمن هەر لەو سەفەرە کورتەی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هەمبوو، ئەو تامەزرۆییەم بینی.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا لە تەنیشت ئەو باسانەی کە لەسەر دەسکەوتەکان و دەرفەتەکانی ئەم جووڵانەوەیە کردتان، بۆ هەمووان ئاشکرایە کە جووڵانەوەکە لە کوردستان هێندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ نموونە ڕۆڵی ماملۆستایانی ئایینی. واتە ئەگەر لە دەرەوی کوردستان دەبینین دیاردەی مەندیل‌فڕێدان هەیە و خەڵکەکە بە بێزراوییەوە لە ئاخوندەکان دەڕوانن، بەڵام لە کوردستان هەم ڕەفتاری ماملۆستاییانی ئایینی جیاواز بووە و خەڵکیش ڕێزێکی زۆر تایبەتیی بۆ ڕۆڵی ماملۆستایانی ئایینی هەیە. بەڕێزتان چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو جیاوازییانە هەیە؟

جیاوازییەکی گرینگ هەیە لەنێوان ئەو دوو تەیفە لە کوردستان و دەرەوی کوردستان. ئەوەی کە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە بەتایبەتی ئەوانەی کە موجتەهیدن خەڵک چاوەڕوانی ئەوەی هەبووە کە لەسەر ئەو زوڵم‌وزۆرییەی ڕێژیم لەو

ماوەیەدا لە خەڵکی کردووە بێنە جواب. ئەوان بەپێی بنەما ئایینییەکانی خۆیان، دەبێ داکۆکی لە ستەملێکراو بکەن. بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، بێجگە لە هێندێک لە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە، ئەوانی دیکە هەر لەگەڵ ڕێژیمن و پشتیان لە خەڵک کردووە. بەڵام لە کوردستاندا بەپێچەوانەیە. لە کوردستان کەسایەتییە ئایینییەکان لەگەڵ خەڵکن، نیشتمانپەروەرن و لەو ماوەیەدا پشتی خەڵکیان گرتووە و دژی ڕێژیم ڕاوەستاون. هەرچەند ئەوە ڕەنگە بۆ ئەوان تێچووی زۆریشی هەبێت و لەو سۆنگەیەوە تووشی زیندان و لێپرسینەوە و سزای جۆراوجۆر بن، بەڵام ئەوان ئەرکی ئایینی و ئەخلاقیی خۆیان بەجێ هێناوە و بەرگرییان لە خەڵک کردووە، قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان لەپێناو خەڵکەکەدا فیدا، کردووە و بێجگە لە ژمارەیەکی کەم ئەوانی دیکە لەو بارەوە بۆ خەڵک جێگای ڕێزن. بۆیە ئەمن ڕێزی یەکجار زۆرم بۆ ئەو مامۆستا و کەسایەتییە ئایینییانە هەیە و دەستخۆشیان لێ دەکەم و دەڵێم هەر ئەوە شایستەیانە کە بەرانبەر خەڵکەکەیان ئاوا ئامادەی فیداکارین؛ بێگومان کەسایەتی و خۆشەویستی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا ئەم ڕاپەڕینە تێچووی زۆریشی بووە، بەتایبەت بۆ خەڵکی کوردستان تێچووەکان لەچاو شوێنەکانی دی قورس بووە، ئەوە بە ئاماری کوشتنەکان، ژمارەی بریندارا‌ن، زۆریی گرتن و ڕەشبگیرەکان و شێوەی سەرکوتی خەڵک لە کوردستانەوە دیارە. بۆ؟ لەبەرچی؟

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، نەتەوەکان بەتایبەتی کورد، لەژێر هەڵاواردنی زۆر ئاشکرادا بووە. ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە کورد هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، ئەو ڕێژیمەی باش ناسیوە و زانیویەتی کە ئەو ڕێژیمە ناتوانێ ویست و داخوازییەکانی خەڵک دابین بکا، بۆیە لەدژی ڕاوەستاوە. گەلی کورد لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە. بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە نیسبەتی خەڵکی کورد هەر پیلانگێڕی کردووە، زوڵموزۆری نواندووە، خەڵکی کوشتووە، ڕێبەرانی جووڵانەوەکەمانی تێرۆر کردووە و دوژمنایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ کورد بووە. لەو سۆنگەیەوە خەبات و تێکۆشان و نارەزایەتییەکانی کورد لە ئێران هەمیشە پڕ تێچوو بووە. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیتوانییوە خەڵکی کورد بەچۆک دابێنی، بەڵکوو دەبینین کە ئەو نەتەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژیرانەتر و بەوەرەتر دێنە مەیدان و هەتا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆڵ نادەن.

**کوردکاناڵ**: واتە ئێوە دەڵێن کە ئەو تێچووانە بە هیچ شێوەیەک خەڵک چاوترسێن ناکەن و پاشگەزیان ناکەنەوە؟

بێگومان. ئەمن پێموابێ هەر ئێستا ئەو خەڵکە کە تێچووی زۆریشیان داوە، ئەوان بە ئیرادەترن. ئەگەر سەرنجتان دابێ،



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی ئێمە لەو ماڵەیەدا لە بنەماڵەی شەهیدان بینیمان، لە بابی شەهیدەکان، لە دایک و خوشک و برا و منداڵی شەهیدەکان، ئەوان هەمووی هاندەر و وەرەبەخش بوون. لەباتی لالانەوە و پاڕانەوە، لەباتی لاوازی و کەساسی، بەڵام وەک لیدێرێکی سیاسی خەڵکیان بۆ درێژەدانی خەبات هان دەدا. ئەوە نیشان دەدا، خەڵک دڵبریندارە، نارەحەتە، تازیەبارە، بەڵام لە عەینی حاڵدا، ورەی بەهێزتر و هیوای قاییمترە.

**کوردکاناڵ: کاک مستەفا وەکوو باستان کرد، ئەم ڕاپەڕینە دەسکەوتی زۆری بۆ پرسی کورد بووە، بەڵام لە تەنیشت ئەو دەستکەوتانە بێگومان ڕەنگە کەموکووڕی و کەمایەسییش بە ڕاپەڕینەکەوە دیار بێ، ئەگەر جەنابت بتەوێ خاڵە لاوازەکانی ئەم جووڵانەوەیە دەستنیشان بکەی، ئەوانە لە چیدا دەبینی؟**

ئەو سەد ڕۆژە تاقیکارییەکی زۆر گرینگ و مێژوویی بوو بۆ گەلەکەمان و خەڵکی ئێران بە تەواوەتی. لەوەڕاش کە ئەو خەباتە کۆتایی نەهاتووە، پێویستە وەک چۆن خاڵە بەهێز و دەسکەوتەکان باس دەکەین، خاڵە لاوازەکانیش ببینین. ئەمەش بۆ ئەوەیە بۆ داهاتوو خاڵە لاوازەکان بنەبڕ بکرێن هەتا تێچوومان کەمتر بێ. خاڵێکی لاوازی بنەڕەتی لە ئاستی سەرانسەریدا ئەوەیە لە شارە گەورەکان هێشتا خۆپێشاندانەکان میلیۆنی نین، تەنانەت چەند سەت هەزار کەسییش نین. بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕووخێ پێویستە هەمووان بەشدار بن.

لە کوردستانیش لەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکان کە بوومانە، بەڵام ئێمە دەمانتوانی بە وردبینیی زۆرتر، تێفکرین و دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و بە لێکدانەوە و مشوورخۆریی زیاترەوە تێچووی ڕاپەڕینەکەمان کەمتر بکەین و ئەوەندە شەهید و بریندارەمان نەدابا. ئێمە وەکوو خەڵکی کورد کەممان نەهێناوە لە خەباتدا. ئەو دەمەی کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران خومەینییان لە مانگدا دەدیت و پیرۆزییەکی ئاسمانی بۆ ئەو ڕێژیمە قایل بوون، کورد ئەوکاتە لەدژی ئەو ڕێژیمە خەباتی کردووە. یانی ئێمە ٤٤ ساڵە قوربانی دەدەین. ٤٤ ساڵە ئێمە دەڵێین ئەو ڕێژیمە کۆسپی سەر ڕێگای ئازادییە، ئەو ڕێژیمە زاڵمە و دەبێ بڕوا و و نەمێنێ. ئیدی پێویست ناکا ئێمە لە درێژەی خەباتەکماندا، بمانەوێ بیسەلمێنین کە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕین. بەڵکوو دەبێ شانبەشانی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران بڕۆینە پێشێ، نە زۆرتر و نە کەمتر. ئەمن دەزانم لاوەکانمان تووڕەن، بێزان لەو ڕێژیمە، چونکە گەورەترین زوڵم لە لاوەکانمان کراوە بە کچ و کوڕەوە. بەڵام خەباتکردن دژی ڕێژیمێکی ئاوا پێویستیی بە تێفکرین و هەڵسەندگاندنە. هیوادارم ئەوە ببێتە دەرسێک لە داهاتوودا، لەگەڵ بەشداری زۆر چالاکمان لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵام شانبەشانی خەڵکی ئێران بچینە پێشێ، بۆ ئەوەی تێچوومان کەمتر و لە ئەنجامدا دەسکەوتمان زیاتر بێ.

خاڵێکی لاوازی دیکە ئەوەیە هێشتا ئاڵترناتیڤی ڕێژیم دروست نەبووە و ئۆپۆزیسیۆنیش هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە پلان و بەرنامەکانی توێژی خوێنەمێشیی کۆمەڵگە بێنێتە سەر شەقام کە هیوادارم لە بەردەوامیی خەبات و بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەکەدا هەمووان بتوانین ئەو کەمایەسییانە چارەسەر بکەین.

لە دەرەوەی ئەو هیواداریيە بەڕێزتان کە زۆر جێگای سەرنجن، بەڵام پرسیاری خەڵک ئەوەیە کە ئەم ئاڵترناتیوە بۆ دروست نابێ. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بۆ بارتەقای گۆڕانکارییەکانی، کۆمەڵگەی ئێران ناجووڵێتەوە و ئەو کێشە و ناکۆکییانە چین کە ناتوان لە بارووودۆخێکی ئاوا هەستیاریشدا کە ڕێژیم لە لێواری ڕووخانە؛ ئەوان لە دەوری لانیکەمی خاڵە هاوبەشەکان ساغ ببنەوە؟

ئەمن سەرەتا کوردستان لە دەرەوەی ئەو باسە دادەنێم. بەڵام لە ئاستی سەرانسەریدا لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ئێمە سیستمێکی دێموکراتیکمان لە وڵاتدا نەبووە کە خەڵک فێری کاری هاوبەش بکا. هەر کەس بۆخۆی، خۆی بە جەمسەرێک دەزانێ. خۆیان بێنیاز لە خەڵک و ڕاوێژی خەڵکی زانا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر دیوە. بەرژەوەندییەکان تەسک و سنووردار بوون، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا و لە دۆخێکدا کە نوخبەکانی ئێرانی باس لە دێموکراسی دەکەن، خوێندەوارن و لە جیهانی ئازادی دەرەوەدا دەژین و ئەزموونی پێشکەوتووی ئەو وڵاتە دێموکراتانەشیان هەیە؛ کەچی ناتوانن پێکەوە کار بکەن. بەداخەوە هەتا ئێستا کەس بیروبۆچوونی ئەویدیی قبووڵ نییە و هەر کەس پێیوایە بۆخۆی حەقیقەتیی موتڵەقە و ئەوە ئەوانی دیکەن کە دەبێ لە دەوری ئەو بهاڵێن. ئەوە بە داخەوە واقعی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتە. بەڵام لە کوردستان، ڕاست بەپێچەوانەی ئەو دۆخەیە. لە کوردستان خەڵک لە ماوەی ئەو چل و چەند ساڵەدا، ئەزموونی گەورەیان لە خەباتدا وەدەست هێناوە و تاقیکاریی زۆریان بووە. ئەزموون لە شکاندنی یەکتر، لە کوشتن و بوغزاندنی یەکتر و هەموو ئەوانەی تاقی کردووەتەوە. بەڵام بەو دەرەنجامە گەیشتوون هیچکام لەوانە ڕێگای ڕزگاری نین. ڕێگای ڕزگاری لە یەکگرتوویی و لە بەهێزبووندایە. ئێمە پێشتریش ڕامانگەیاندووە، خەڵکی ڕۆژهەڵات دەبێ ببێتە هێزی شوێندانەر. بۆ ئەوەش کە ببێتە هێزی شوێندانەر دەبێ یەکگرتوو بێ. هێز لە یەکگرتوویی‌دایە و بۆ ئەوەی بتەوێ لەگەڵ لایەنی دیکە یەکگرتوویی پێک بێنی، دەبێ حەقانییەتێک کە بیری لێ دەکەیە و باسی لێ دەکەی هەمووی لە خۆتدا نەیبینی و لە خەڵکی دیکەشدا بیبینی بۆوەی بتوانی بەرنامەی هاوبەشت لەگەڵی هەبێت. ئێستا پێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لە کوردستان یەکگرتوویی بەکردەوە هەیە و ئەوە جیاوازییەکی گەورەیە لەنێوان ئەو دوو بەشە لە ئێراندا.

**کوردکاناڵ**: هەر ئەم جیاوازییانە لەو ماوەیەدا واقعی سیاسیی گرینگی لێ کەوتووەتەوە. بۆ نموونە هەرکات ناوەندی هاوکاریی دوای مانگرتنی کردووە، وەڵامی خۆی لەلایەن خەڵکەوە وەرگرتووە. بەڵام کاک مستەفای بەڕێز ئایا حیزبی

**دێموکراتی کوردستان ئێران، یان ناوەندی هاوکاری هەر بەو مێتۆدە لە خەبات لە کوردستان بەردەوام دەبێ، یان پلان و بەرنامەیەکی دیکەتان بۆ ڕاپەڕین هەیە؟**

بێگومان هەر قۆناغێک لە خەبات، ڕێوشوێن و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر بەو شێوەیە کە کۆمەڵگە دەگۆڕێ، خەبات ڕەنگی جیاواز بە خۆییەوە دەگرێ و دروشمەکان دەگۆردرێن و داخوازیی خەڵکیش دەگۆڕدرێن و دەبێ حیزبە سیاسییەکان پێ بەپێی ئەوە ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەکانی خۆیاندا پێک بێنن. ڕەنگە ئەو شێوە خەباتە لە ماوەی ئەو سێ مانگە یان ١٠٠ ڕۆژەدا لە پشت سەری خۆمان بەجێمان هێشت، نەتوانین بە عەینی، ئەو مێتۆدە دووبارە سەرکەوتن بەدەست بێنێ. بۆیە ئێمە ئێستا هەم لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان و، هەم لە ناوەندی هاوکاریی خەریکی لێکدانەوە و تاوتوێکردنی ئەزموونی ئەو ماوەیەین، بۆ ئەوەی بزانین چ ڕێگەچارەیەکی دیکە دەتوانین بێنینە پێشی کە هەم خەباتەکە بەردەوام بێ، هەم خەڵکیش ماندوو نەبێ و بتوانی بچێتە لە خەباتەکە بچێتە پێش.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا جەنابت دەورە دیمەنەکانی ئەو ڕاپەڕینە چۆن دەبینی؟

من ئەوە قسە و بیربڕوای ئێستام نییە، بەڵکوو زۆر لەمێژە گوتوومە لەوەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەڕووخێ و ناتوانێ درێژە بە مانەوەی خۆی بدا، ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم و ئەو باوەڕەم بەهێزتر بووە. ئەوەی ئێستا بڕوای منی بەهێزتر کردووە ئەو دەستکەوتانەیە کە لەو ١٠٠ ڕۆژەدا بەدەست هاتووە زۆر گرینگ بوون. بەتایبەتی لە کوردستان و باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران وەکوو بەلووچستان کە پێویستە، ڕێزی لێ بگرین. بۆیە من ئاراستەکە ئاوا دەبینم، ڕۆژبەڕۆژ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرەو لاوازیی زیاتر دەڕوا و لە ڕووخان نیزیکتر دەبێتەوە. هۆکاری ئەوەش زۆرتری دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێژیمە عەقڵییەت و تێگەیشتنی ئەوەی نییە گوێی لە خەڵک بێ و هەنگاوێک لە پێناو ویست و داخوازی خەڵکدا هەڵێنێتەوە. ئەوە تایبەتمەندیی دیکتاتۆرەکانە لەباتی ئەوەی گوێ لە خەڵک بگرن و داخوازیی خەڵک جێبەجێ بکەن، بەرنامەی خۆیان دەبەنە پێشێ و ئەوە دەبێتە عامیلی ڕووخانەکەیان. لەلایەکی دیکەوە بەو وشیاری و ئاگاییە کە خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کورد بەتایبەتی بە دەستی هێناوە، ئەم ڕێژیمە چیدی ناتوانێ بەو عەقڵییەتەوە درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا. جا هۆکاری دیکە زۆرن، ئەوەش کە جیهان پشتی کردووەتە کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر فشاری بۆ دێنن و ئەو فشارانە لە داهاتوودا زیاتر کاریگەرییان لەسەر کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا پرسیار زۆرن، بەڵام کات کەم. ئەگەر لە کۆتاییدا پەیامێک، یان بابەتێکی نەگوتراو و باس

نەکراوتان مابێت بفەرموون.

من شتێکی کە دەمەوێ پێداگریی لەسەر بکەمەوە، مەسەلەی یەکگرتووییە. داوام لە خەڵکی کورد ئەوەیە ئەوەنەدی لە فکری یەکگرتووی کورد و نێومالّی خۆماندا هەن ئەوەندەش لە فکری یەکگرتوویی بن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران، بەتایبەت نەتەوەی فارس. ئێمە، بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پێویستیمان بە یەکگرتوویی هەیە وەکوو عەرزم کردن هێز لە یەکگرتوویی‌دایە. ئێمە لە کوردستاندا هەرچەند یەکگرتووش بین ناتوانین بە تەنیا ڕێژیم بڕووخێنین و لە تاران ناتوانین ببین بە ئاڵترناتیو. بەڵام بە یەکگرتوویی لەگەڵ خەڵکی ئێران دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین. بۆ ئەوە هەم دەبێ ئەو سیاسەتەمان درێژە پێ بدەین و حورمەتی خەڵکی دیکە بپارێزین، هەم لەلایەکی دیکە نابێ هیوا و ئومێدمان لە دەست بدەین پێمان وا نەبێ کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەمجارەش، خەڵکی سەرکوت کرد هەمووشتێک تەواوە. چونکە لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا لەو جارەشیان خەڵکیان زیاتر کوشت. بەڵام بەو حاڵەش خەڵک هاتنە مەیدان. ئەو خەڵکە بەو ئاگاییە گەیشتووە هەتا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەست لە خەبات هەڵناگرێ. بەڵام دەبێ پێداچوونەوە بکەین بە هەڵەکانمان، کەموکووڕییەکانمان و بەتایبەتی ئەو یەکگرتووییە بپارێزین و بەرفراوانتری بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی بەفرانباری ٢٧٢٢

## وڵاتانی دێموکراتیک با لەگەڵ کورد بکەونە دیالۆگ و یارمەتیی حیزبە کوردییەکان بکەن


la Repubblica Venerdì, 14 ottobre 2022 — Mondo — pagina 15

*Intervista a Mustafa Hijri, del Partito Democratico del Kurdistan Iraniano*

### "Il regime di Teheran è sempre più oppressivo La sua fine è vicina"

di Gianni Vernetti

Mustafa Hijri
Leader curdo in esilio

*Oltre alla rivolta popolare, ci sono molti segnali di un crescente malumore all'interno delle forze di sicurezza*

**(وتووێژی ڕۆژنامەی "لا ریپۆبلیکا"ی ئیتالی لەگەڵ مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات)**

**پرسیار**: مەهسا ئەمینی کچە کوردێک بوو کە بەدەستی پۆلیسی گەشتی ئێرشاد، لەبەر ئەو شتەی کە پێی دەڵێن حیجابی ناتەواو، کوژرا. بە نیشانەی ناڕەزایەتی بەو ڕووداوە خەڵک دەنگیان هەڵبڕی و ناڕەزایەتییەکان سەرتاسەری ئێرانیان گرتەوە. دەتوانن پێمان بڵێن کە چی ڕووی داوە؟

**وەڵام**: لە تەواوی ئەو ساڵانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەسەڵات گەیشتووە، ڕۆژ بە ڕۆژ زەخت و زۆری لەسەر خەڵک زیاتر کردووە و ئازادییەکانی بەرتەسک کردووەتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئاستی بێکاری و بێداهاتی لە سەرانسەری ئێران بەتایبەت لە کوردستان و ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانەکەی غەیری فارسن وەک ناوچە عەرەبنشینەکان، تورکمەننشینەکان، بەلووچنشینەکان و ... خزمەتگوزاریی وەک خوێندن و تەندروستی بەتایبەت لەو ناوچانە زۆر سنووردارە. سیاسەتی هەڵەی ئەو حکوومەتە ژینگەی وێران کردووە، کەمئاوی بووەتە هۆی ئەوەی بەشێک لە خەڵکی گوندەکان کە جووتیار و ئاژەڵدارن بەرەو شارەکان بار دەکەن و بەم شێوە ڕۆژ بە ڕۆژ بە ژمارەی بێکاران زیاد دەبێ. لە بەرانبەردا ئەو تاقمەی کە لە ئاستی سەرووی حکوومەتن، هێزە سەرکوتکەرەکان وەک هێزەکانی ئیتلاعات، هێزە ئینتزامییەکان و سپای پاسداران ساڵ بە ساڵ بوودجە و مووچەیان زیاد دەکرێ. ناوەندە ئایینییەکان کە هەموویان بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستنیشانکراوی حکوومەتن و کاریان پەسندویژی ئەو ڕێژیمەیە، بەشی زۆری داهاتی ئێرانیان بۆ دابین کراوە.

بێجگە لەوانە هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم وەک حیزبوڵڵای لوبنان، حەشدی شەعبی لە عێراق و زۆر گرووپ و دەستەی تیرۆریستی، چەک، خواردن، پەروەردەکردنیان بەگشتی و هەموو شتێکیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دابین دەبێت. گەندەڵیی بێسنوور لەنێو بەرپرسانی حکوومەت لە حیساب نایەت.

خەڵکی ئێران زیاتر لە ٤ دەیەیە ڕۆژانە ئەو جیاوازیدانانە گەورەیە دەبینن بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ناڕەزایەتییانە کۆ بوونەتەوە سەر یەک و لە هەر مەجالێکدا کە بۆیان بڕەخسێ ئەو ناڕەزایەتییانە دەردەبڕن. ئەم جاری دواییەش کچە کوردێک بە ناوی ژینا (مەهسا) ئەمینی کە بە سەفەر لە تاران بوو، بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد تەنیا بە تاوانی ئەوەی لە پۆشینی سەرپۆشەکەی ڕەخنەیان هەبوو، لە گرتنگەدا لێیان دا و کوشتیان. خەڵک چیی دیکە بۆی قبووڵ نەکرا و لە پێشدا لە کوردستان و دوایی لە هەموو ئێران بەدژی ڕێژیم ڕاپەڕین کە تا ئێستا بۆ ماوەی ٢٣ ڕۆژە بەردەوامە. هەرچەند کۆماری ئیسلامی ژمارەیەکی لێ کوشتوون، دەسبەسەری کردوون و بە سەدان کەس بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکان بریندار بوون بەڵام بەو حاڵەش هەر بەردەوامە.

**پرسیار**: خۆپیشاندانی ئەمجارە بە بەراورد لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٩٨، زۆرتر ڕەنگی سیاسیی پێوە دیارە. لە ساڵی ١٣٩٨دا زۆرتر داواکاری و هۆکارەکە ئابووری بوو، بەڵام ئێستا خەڵک لەسەر شەقام داوای ئازادی و دێموکراسی و گۆڕینی ڕێژیم دەکەن. ڕای ئێوە چییە؟

**وەڵام**: کاتێک خەڵک لەوە حاڵیبوون کە ئەو ڕێژیمە هیچ گرینگییەکیان پێ نادا و هیچ کرانەوەیەک لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەکەی ئەوان ناگونجێ، ئەوجار دروشمەکان لە ڕاستای ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەیە. ئەوان داوای وەلانانی دیکتاتور (خامنەیی) و جێگیربوونی دێموکراسی دەکەن.

جیاوازیی ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک لەگەل ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ڕابردوو ئەوەیە کە گشتگیر و یەکپارچەیە، دینامیزمی ڕاپەڕینەکە قوتابیی مەدرەسەکان، خوێندکارانی زانکۆکان و مامۆستایانن، خەڵکی دیکەش هەموو پشتیوانییانن. بێجگە لەوە پشتیوانییەکی بێوێنەش لەلایەن دەوڵەتەکان، پارلەمانەکان، ناوەندەکانی مافی مرۆڤەوە درێژەی هەیە. من لەو باوەڕەدام کە ئەمجارە ڕاپەڕین بەردەوامتر دەبێ. ئەگەریش ڕێژیم بە سەرکوتی توندوتیژتر بتوانێ کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بێنێ، لە ماوەیەکی نزیکدا دووبارە سەر هەڵدەداتەوە، چونکە خەڵک ئێستا ترسی لە ڕێژیم شکاوە.

**پرسیار**: ژنان و لاوان ڕێبەریی ڕاپەڕینەکە بەشێوەیەکی بوێرانە و بە قبووڵکردنی هەموو نرخەکانی دەکەن. تا ئێستا بەپێی زانیارییەکانی ئێوە، چەند کەس بەدەستی هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کوژراون و بریندار بوون؟

**وەڵام**: تا ئەم ڕێکەوتە، بەپێی زانیارییەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زۆرتر لە ٨٥ کەس کوژراون* و هەزاران کەسیش بریندار بوون. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پاوانخوازانە و دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەوڵەکانی بۆ پەردەپۆشکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، دەسکەوتنی ئاماری باوەڕپێکراو زەحمەتە. بە ئەگەرێکی زۆرەوە ژمارەی ئەو هاووڵاتییە ئێرانییانەی کە کوژراون، برینداربوون و دەستبەسەر کراون زۆر لەوە زیاترە.

**پرسیار**: وا دەردەکەوێ کە ڕاپەڕینی نوێی ئێران هەموو شارەکان، گوندەکان و چین و توێژەکان لە خوێندکارەوە تاکوو کرێکار و هەموو ئێتنیکەکانی ئێرانی گرتووەتەوە. ئێوە دەتوانن لەو بارەوە هەندێ بۆمان بدوێن؟

**وەڵام**: بەڕاستی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە و باوەڕ و تەمەن و ڕەگەز لە ڕاپەڕینەکەدا بەشێوەی چالاکانە بەشدارن. ژنان لە پێشەنگی ڕاپەڕینەکەدان. جگە لەوەش ئەوەی کە بێوێنەیە ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسەتێکی بەئەنقەست بۆ هاندانی دوژمنایەتیی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە بۆ پێشگرتن لە پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی وڵات پەیڕەو کردووە، بەڵام هاودەنگییەک لەنێوان فارس، کورد و تورکی ئازەری سەر هەڵدەدات. بۆ وێنە لە تاران و تەورێز، فارس و تورکە ئازەرییەکان دروشمیان بۆ پشتیوانی لە بەرخودانی گەلی کورد لەدژی ڕێژیم بەرز کردووەتەوە. کاتێک "بزووتنەوەی سەوز" لە ساڵی ٢٠٠٩دا سەری هەڵدا، تەنیا لە چەند شارێکی گەورەدا قەتیس مایەوە. سەرانی "بزووتنەوەی سەوز" تەنیا لە بەرانبەر بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی مەحموود ئەحمەدینژاد وەک سەرۆککۆمار ناڕەزایەتییان دەربڕی. ئەمجارەیان خەڵکی ئێران یەکگرتووانە داوای کۆتاییهێنان بە پێشێلکردنی مافی ژنان و کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران دەکەن. هەروەها لە خەبات بۆ ئازادی و سێکۆلاریزم و دیموکراسیدا یەکگرتوون، هەر بۆیە ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی بەربڵاو لە سەرانسەری ئێرانداین.

**پرسیار**: لە ڕۆژاوای وڵات لەو شوێنانەی کە نەتەوەی کوردیان تێدایە چی ڕوو دەدا؟ بیستوومانە کە هێزەکانی ڕێژیم لە هەندێ شار بەتەواوی کشاونەتەوە، ئێوە دەتوانن لەوبارەوە هەندێ زانیاریمان پێ بدەن؟

**وەڵام**: بەڵێ شوێنی ژیانی کوردەکان لە چوار پارێزگای باکووری ڕۆژاوا هەڵکەوتووە. حیزبەکانی کوردستان بەهۆی ئەوەی لە هەموو ئەو ماوەدا بە نهێنی لەنێو خەڵکدا بوون، بە هەموو شێوەیەک تەنانەت لە شێوازی خەباتی پێشمەرگانەدا لە

خەبات دژی ڕێژیم بەردەوام بوون و توانیویانە خەڵکەکەی خۆیان زۆر باش ڕێک بخەن و جێگای متمانەی خەڵکەکەیانن. دەستپێکی ئەو ڕاپەڕینە لەسەر داوای ئەو حیزبانە لە کوردستان دەستی پێ کرد و هەموو ئێرانی گرتەوە. هەربۆیەش کوردەکان بەشێوەی ڕێژەیی زیاترین کوژراو، بریندار و زیندانییان هەیە. لەنێو ئەو حیزبانەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە ٧٧ ساڵە بۆ ئازادیی خەڵکەکەی لە خەبات دژی ڕێژیمەکانی تاراندایە و دەوری سەرەکیی لەو ڕاپەڕینەی کوردستان هەبووە. بەڵام تا ئێستا هێزەکانی ڕێژیم لە هیچکام لە شارەکان پاشەکشەیان نەکردووە، بەڵکوو هێزی زیاتریان هێناوە بۆ کوردستان.

**پرسیار**: پێتان وایە کە ڕێژیمی مەزهەبی و دیکتاتۆریی ئایەتوڵڵاکان لە کۆتاییدا بڕووخێ؟

**وەڵام**: من پێم وایە ئەو ڕێژیمە بۆ درێژمەودا ناتوانێ لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، چونکە ڕێژیم بێجگە لە ڕاپەڕینی خەڵک، لە باری ئابوورییشەوە لە دۆخێکی زۆر دژوار دایە، لەنێو هێزەکانیشیدا ڕۆژ بە ڕۆژ نارەزایەتی دێتە پێش و لەسەر کوشتن و برینداربوونی خەڵک گومانیان لێ پەیدا بووە، گەمارۆکانی سەر حکوومەتیش لەو بارەوە شوێندانەر بوون. لەنێو خەڵکی دنیا و کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیشدا بێزراوە، بەتایبەت کە ئیدئولوژیی یەکەی ڕێگای هیچ چەشنە کرانەوە و گوێگرتن بە داخوازیی خەڵک نادا، بۆیە بێجگە لە هەڵوەشانەوە و لەنێوچوون ڕێگایەکی دیکەی نییە. بەڵام ڕەنگە ئەو ڕەوتە تا ڕووخانی ماوەیەک بکێشێ.

**پرسیار**: دوورەدیمەن و ڕوانگەت بۆ داهاتووی ئێران چییە؟

**وەڵام**: دوورەدیمەنی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران، سیستمێکی سێکۆلاری، دێموکراتیک و فێدێراڵییە، کە تێیدا سەروەریی یاسا پارێزراو بێت و پێکهاتە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە چوارچێوەی ناوچەکانی خۆیاندا مافی خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت. لە ڕووی سیاسەتی دەرەووەوە پێمانوایە ئێران دەبێت لەگەڵ دراوسێکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاشتیی هەبێت و پێوەندیی بونیاتنەری لەگەڵ دێموکراسییەکانی جیهان و بەتایبەتی دێموکراسیی ڕۆژئاوادا هەبێت. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، ئێران پێویستیی بە ئاشتی لە نێوخۆیدا هەیە. بەبێ ئازادی، سێکۆلاریزم، دێموکراسی و سیستەمێکی فیدراڵی کە ڕەنگدانەوەی فرەچەشنیی ئێران بێت، ناتوانرێت ئاشتی لە نێوخۆ یان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەست بهێنرێت، چ بگات بە پێوەندیی بونیاتنەر لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا – کە کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە دوژمنایەتیان دەکات.

**پرسیار**: پێت وایە کە وڵاتە دێموکراتیکەکان، بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندەران و ڕاپەڕینەکان لە ئێران دەتوانن چی بکەن؟

**وەڵام**: وڵاتانی دێموکراتیک لە ئێستادا دەتوانن بە کردەیی ئەو ڕاپەڕینە بەهێز بکەن، هەوڵ بدەن حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە یەکتر نزیک بکەنەوە، بەتایبەت لەگەڵ کوردەکان بکەونە دیالۆگ و یارمەتیی حیزبەکانیان بدەن. لە ئێستادا دابەزاندنی بەرنامەیەک کە بتوانێ ئینترنێت بۆ خەڵک دابین بکات زۆر پێویستە و دەبێ پەلەی لێ بکرێ.

**پرسیار**: پێت وایە کە دانوستانەکان سەبارەت بە پرسی ناوکی دەبێ ڕابگیردرێ؟

**وەڵام**: ڕێککەوتنی ناوکی و دانوستانی دووبارە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تەنیا بە قازانجی ڕێژیم دەبێت، هەر بەو شێوە کە لە ڕێکەوتنەکەی ساڵی ٢٠١٥ بینیمان. قازانجە ئابوورییەکانی ڕێکەوتننامەی پێشوو بۆ بەربڵاوترکردنی پرۆگرامە نیزامییەکانی ڕێژیم، وەکوو پرۆگرامی مووشەکیی ڕێژیم بە کار هات. هەروەها بووە هۆی پاڵپشتیی زیاتر بۆ سپای پاسداران و ئەو قەوارانەی دیکە کە گەلی ئێران سەرکوت دەکەن؛ بەڵام بۆ دابینکردنی بوودجەی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆماری ئیسلامی وەک سپۆنسەری سەرەکیی دەوڵەتی بۆ تێرۆر لە هەموو جیهانە. لە سەرچاوە ماڵییەکان کە لە ڕێککەوتننامەکە بە دەستی دێنێت، بۆ پەرەسەندی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پشتیوانی لە تێرۆر لە ئاستی جیهانیدا کەڵک وەردەگرێت و دەبێتە مەترسییەکی زۆرتر بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکوو عەرەبستان، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و ئیسرائیل.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٤ی ڕەزبەڕی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## خەڵک بەئاشکرا گوتویانە کە "شێخ" و "شا"یان ناوێت

تەلەڤیزیۆنی "بی بی سی"ی فارسی لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب تیشکی خستە سەر خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزب بۆ پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. "کوردستان" وەرگێڕانی ئەم وتووێژە بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە:

**بی بی سی:**"کاک مستەفا خوێندنەوەی ئێوە بۆ گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران چییە؟ دۆخی نوێی ئێران تەعبیر لە چی دەکات؟

**مستەفا هیجری**: ئەم دۆخە چەند پەیامێکی لێ دەخوێندرێتەوە کە گرینگترینیان یەگرتوویی بەهێزی نەتەوەکانە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە تێ کۆشاوە لەنێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێراندا ئاژاوە و ناکۆکی بنێتەوە کە "تەجزییە تەڵەبی"، "دژەشۆڕش بوون" و "بەستراوەبوون بە وڵاتانی بێگانە" شابەیتی ئەو تۆمەتانە بوون و تێچوویەکی زۆریشی بۆ داناوە. بەڵام ئەو یەکگرتووییەی ئێستا "نا"یەکی بەهێز و پڕمانا بۆ کۆماری ئیسلامییە کە پێی دەڵێ سیاسەتی ٤٤ ساڵەی مایەپووچ بووە. پەیامێکی دیکە ئەوەیە خەڵک لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی تەمابڕاو بوون، خۆ ئەگەر سەردەمانێک "ڕیفۆرمخوازەکان" دەیانەویست هیوایەکی بێهوودە بنێنە دڵی خەڵکەوە و ئەو وەهمەیان پەرە پێ دەدا کە کۆماری ئیسلامی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو دێموکراسی دەچێتە پێشێ؛ خەڵک ئێستا هێڵی سووریان بە سەر تەواوەتیی ڕێژیمدا هێناوە. گرینگتر لە هەموو شتێکیش ئەوە کە خەڵک ئێستا بە هەموو جۆراوجۆرییە ئایینی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکگر و یەکرێز بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە هاتوونەتە مەیدان.

**بی بی سی**: "سەنگ و قورسایی حیزبەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی چەند مانگی ڕابردوو بەدوای کوژرانی ژینا ئەمینی چەند بووە؟

**مستەفا هیجری**: دەزانین کۆماری ئیسلامی هەمیشە جاڕی ئەوەی داوە کە حیزبە کوردییەکان نەماون و کاریگەرییەکیان لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان نییە. بەڵام دوای ناشتنی ژینا لە سەقز ئێمە لە ناوەندی هاوکاری داوامان کرد خەڵک بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە کوشتنی ژینا مان بگرن. دوایە داوامان کرد بێنە سەرشەقام و هەمووان بینمان کە خەڵک یەکگر و

یەکپارچە بەرەوپیلی داواکەمانەوە هاتن. بۆیە بە لێبڕاوییەوە دەڵێم چەخماغەی ئەو شۆڕشە لە کوردستان، ئەویش بە ڕێنوێنیی حیزبە کوردییەکان لێدرا. کۆماری ئیسلامییش بۆ یەکەمجار ڕایگەیاند کە "ئاژاوە" و "بشێوی"یەکان لە کوردستانەوە هەڵقوڵیون و حیزبە کوردییەکانیش کە بە "دژی شۆڕش" ناویان دەبات، هۆکار و پێشەنگی ئەو ڕێکخستنانە بوون.

**بی بی سی**:"چەند حەوتوو دوای دەستپێکی خۆپیشاندانەکان بنکەکانی ئێوە و کۆمەڵە و حیزبە کوردییەکانی دیکە لە عێڕاق کرانە ئامانجی هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران. پێتان وایە بۆ لەو کاتەدا ئەو هێرشانە کرانە سەر ئێوە؟

**مستەفا هیجری**: ویستی بەو بەشە لە خەڵک کە هێشتا پشتی ڕێژیمیان گرتووە پێشان بدات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا هێز و دەسەڵاتی بانی هەیە و دەتوانێ تۆڵەی ئەو ڕێکخستن و جموجۆڵانە لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکاتەوە. بۆیە کراینە ئامانجی بۆردومانەکان و بەداخەوە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان و ژن و تەنانەت منداڵیش لەو هێرشانەدا شەهید بوون.

**بی بی سی**:"چەند حەوتوو پێش تەقینەوەیەک لە کۆمەڵەیەکی پیشەسازیی بەرگریی ئێران ڕووی دا و وەزارەتی ئیتلاعات ئیدیعای کرد حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی کە لە کوردستانی عێڕاقن لەسەر داوای ناوەندێکی هەواڵگری ئەو کارەیان کردووە؛ دیارە کە مەبەستیشیان لەوانەیە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بێت. ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەربەخۆ هیچ جموجۆڵێکی سەربازیی لە خاکی ئێراندا بووە، یان ئەوەی لەسەر داوای وڵاتێکی بیانی وەک ئەمریکا یان ئیسرائیل کارێکی وا بکات؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەش بەشێکی دیکە لە تۆمەتبەشینەوەکانی کۆماری ئیسلامییە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام لەدژی حیزبەکەی ئێمە لەسەر زاریان بووە. لەو پێوەندییەدا دەبێ بڵێم ئێمە لە بەیاننامەکەیدا ئەو تۆمەتەمان ڕەت کردۆتەوە و لەو دەرفەتەشدا پێداگری دەکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوپەیمانەکانی ئێمەش لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی بە هیچ جۆرێک هیچ عەمەلیاتێکی سەربازیمان لەسەر داوای هیچ لایەنێک لە دژی ئێران نەکردووە. ئەو چالاکییانەش کە ئێمە هەمانە خواست و داوای خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و لە پێناو ئازادیی ئێران و سەربەستیی کوردستانی ئێرانە؛ ئەویش خەبات لە پێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**بی بی سی**:"ئێوە توانایی ئەو جۆرە عەمەلیاتەتان هەیە لەسەری تۆمەتبار کراون؟ بێتوو ئێوە بتانەوێ، ئاخۆ دەتوانن لە تاران، شیراز و ئیسفەهان هێرش بکەنە سەر کۆمەڵەیەکی سەربازی، پێتڕۆشیمی یان ئامانجێکی تر؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر، ئێمە ئەو توانایەمان نییە.

**بی بی سی**:"زۆر کەس دەپرسن ئێوە کە بەردەوام هێرشتان دەکرێتە سەر و تەنانەت هەڕەشەی هێرشی زەمینی لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانتان لەسەرە، بەڵام ئامادە نین دژکردەوەتان هەبێت. تەنانەت لەو ڕاپەڕینەدا و لە کاتێکدا زۆر لە شارەکان دەکرا بکەونە دەست خەڵک و لە هێزەکانی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم داماڵدرێن و ئەوە دەیتوانی ببێتە جێی هیوا و هۆمێدیش بۆ شارەکانی دیکەی ئێران؛ کەچی حیزبەکەی ئێوە دەستیان پاراست. بۆ؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە بووین بێتوو هێزەکانی ئێمە لە فازی چەکداریدا چووبانە نێو ئەو هاوکێشەیە، کۆماری ئیسلامیی ئێران بیانوویەکی باشی بۆ سەرکوتی خوێناویی زیاتر لە کوردستان دەست دەکەوت و خەڵک پتر دەکەوتنە بەر شاڵاوی زەبروزەنگ و کوشتار؛ هەروەها لەوانە بوو کوردستان پتر کاول بکرێت. بۆیە ئێمە نەمانویست ئەو بیانووە بدەینە دەست ڕێژیم. خەڵک بە دەستی بەتاڵ هاتبوونە سە شەقام و بەگژ هێزەکانی ڕێژیمدا چووبوونەوە. هەر ئەوکات لەنێو خەڵکیشدا هەبوون داوایان لە ئێمە دەکرد فریایان کەوین و هێزی پێشمەرگە بنێرینەوە. بەڵام ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی ئێمە ئەوە بوو، تەنانەت خۆم پەیامم دا خەڵک هەوڵ بدەن خۆ لە توندوتیژی بپارێزن، چونکی کۆماری ئیسلامی ڕێک ئەوەی دەوێ. ڕێژیم دەیەوێ ڕوخسارێکی توندوتیژ لە کوردستان و لە خەباتی خەڵکی کورد لە بەرچاوی ئێرانییەکان و بیروڕای گشتیی جیهانیش وێنا بکات؛ بەوەش ڕەوایی بە سەرکوتی خوێناویی پتری خەڵکی کوردستان بدات. بەڵام ئێمە ئەو بیانوویەمان نەدایە دەست ڕێژیم و لام وایە دەکرێ ئەوە بە یەکێک لە دەسکەوتە سیاسییەکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو ڕاپەڕینەدا دابندرێت.

**بی بی سی**:"زۆر کەس و لایەنی غەیرەکورد دەپرسن حیزبەکانی وەک حیزبی دێموکرات بە زیاتر لە ٧٥ ساڵ ڕابردوو کە مانیفێستتان هەیە، بەڵام خۆتان لە چوارچێوەی کوردستاندا سنووردار کردووە و نەتانتوانیوە خۆتان وەک ئاڵترناتیڤ جێ بخەن. ئێوە بیرتان لەوە کردۆتەوە چەکەکانتان وەلا بنێن و دەست بە چالاکیی سیاسی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەو باسە لێرە و لەوێ لەنێو حیزبی خۆیشماندا دەکرێت و کەسانی خاوەن بۆچوون لە کوردستانیش هێناویانەتە گۆڕێ. بەڵام ئێمە هەتا ئێستاش وامان بە سەلاح زانیوە لەنێو چوارچێوەی کوردستاندا چالاکییەکانمان درێژە پێ بدەین و ئەوەمان بۆ قۆناغی ئێستا پێ باش بووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هێشتا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتەکەی بەوجۆرەی کە پێویستە و لەئاست قورسایی حیزبدایە. لە ناوچەکانی دیکەی ئێران نەناسراوە.

ئێمە نموونەی وەک پارتی دێموکراتیکی گەلان لە تورکیەمان هەبوو، ئەگەرچ ئێستا بەهۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان لەگەڵ پ ک ک و بارودۆخی نیزامی، ڕەوشەکە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە؛ بەڵام ئەوان توانییان دەنگی زۆر لە تورکەکان ڕابکێشن. ئێوە مۆدێلێکی ئەوتۆ بۆ حیزبە کوردییەکان لە ئێراندا نابینن کە بە خستەڕووی بەرنامەکانیان بتوانن لە دۆخێکدا کە مەجالی هەڵبژاردنی ئازاد هەبێت، وەک ئالترناتیڤ دەر بکەون؟

ئێمە دەبێ تایبەتمەندی و دۆخی سیاسیی تورکیە و ئەوەی لە ئێران هەیە لەبەرچاومان بێت. لە تورکیە تا ڕادەیەک دێموکراسی هەیە، بۆیەشە حیزبی وەک HDP توانی لەو کەشی ئازادی و دێموکراسییەدا جووڵانەوە مەدەنییەی خۆی بەرەوپێش ببات و لەگەڵ یەک دوو حیزبی دیکە هاوپەیمانی پێک بێنێت؛ دواتر لەو هەڵبژاردنە ئازادەی لەوێ هەیە، ژمارەیەکی زۆر نوێنەر بنێرێتە پارلمانی ئەو وڵاتە. بەڵام لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا وەها زەرفییەتێک نەک بۆ خەڵکی کوردستان پێکنەهاتووە، بەڵکوو هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران سنووردار بوون و هیچ هەڵبژاردنێک لەم وڵاتە ئازاد نییە.

**بی بی سی**:"ئێستا باسێکی سەرەکت لە دەرەوەی ئێران و لە نێوخۆش لەلایەن چالاکانی سیاسی ئەوەیە یەکدەنگ و یەکگر لە پێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا تواناکانیان بخەنە سەر یەک. ئێوە وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ دیدار و چاوپێکەوتنتان لەگەڵ ئەو کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییانە بووە، بۆ نموونە ڕەزا پەهلەوی؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەگەڵ بەشێک لەو کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییانە لە دەرەوەی وڵات یەکترمان بینیوە و پێوەندیمان لەگەڵیان بووە، لە قۆناغێکدا لەگەڵ ڕەزا پەهلەویش کۆ بووینەتەوە؛ بەڵام لەو قۆناغەدا ئەو یەکیەتییە و هاوپەیمانییە لەنێوان حیزبەکاندا زۆر دژوارە و بەداخەوە خاڵی لاوازی جووڵانەوەکەش هەر ئەوەیە. سیاسەتی حیزبی دێموکرات دیالۆگ و دانیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ هەموو کەسایەتی و لایەنەکانە، جا ئەوان هەڵگری هەر جۆر بیرکردنەوە و تێگەیشتنێک بن، بەڵام کاتێک دێینە سەر پرسی هاوپەیمانی و باس لە دۆخ و داواکان دێتە گۆڕێ؛ هێشتا بەتەواوی ڕەزامەندی لەگەڵ ئەو خواست و داوایانە نەدراوتە ئێمە.

**بی بی سی**:"لەجێدا ئێوە ئامادەن لەگەڵ کەسێکی وەک شازادە ڕەزا پەهلەوی هاوکاری بکەن؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و وەک خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بە هیچ جۆرێک ئامادە نین لەگەڵ بەڕێزیان هاوکاریمان هەبێت.

**بی بی سی:** "لەبەرچی؟

**مستەفا هیجری**: هۆکارەکەی مێژووییە. کاتی خۆی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران خەڵک لە ڕیفڕاندۆمێکدا بەشدارییان کرد کە لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی تەنیا دوو هەڵبژاردنی خستبووە بەردەم خەڵک: یان ڕێژیمی پاشایەتی، یان کۆماری ئیسلامی. خەڵک ئەوکات ڕێژیمی پاشایەتییان تاقی کردبۆوە و ئەزموون و بیرەوەریی تاڵیان لەو ڕێژیمە سایسییە هەبوو، بۆیە پێکەوە و یەکگرتووانە ڕووخاندیان؛ بەڵام کۆماری ئیسلامییان نەدەناسی و هەر لەو سۆنگەیەوە دەنگیان پێ دا. ئەگەرچی ئێمە ئەوکات لەو ڕیفڕاندۆمەدا بەشدار نەبووین، بەڵام ئێستا هەم ئەزموونی سەردەمی دەسەڵاتدارەتی پاشایەتی و هەم ئەزموونی کۆماری ئیسلامیمان هەیە. بۆیە هیچ ناچار نین لەنێوان ئەو دووانەدا یەکیان هەڵبژێرین.

**بی بی سی:** "ئەدی پێشنیاری ئێوە چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە هەمیشە گوتوومانە کە حکوومەتێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فێدراڵمان دەوێ. حکوومەتێک لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەموو ناوچەکان و هەموو نەتەوەکانی ئێرانی، بە جۆرێک کە خەڵکی ئێران ئەو دەسەڵاتە بە هی خۆیانی بزانن و خۆیان لە بەڕێوەبردنی تەواوەتیی ئێران و ناوچەکانی خۆیاندا بەپێی یاسای بنەڕەتیی وڵات بە هاوبەش و بەشدار بزانن.

**بی بی سی:** "ئەگەر ئێوە شازادە ڕەزا پەهلەویتان قەبووڵ نییە، ئەدی لە بنەڕەتڕا بۆ لەگەڵی دانیشتوون و قسە و باستان بووە؟

**مستەفا هیجری**: دواقسەکانی بەڕێزیان کە باسی لە جیاییخوازی و ئەو بابەتە کلێشەیی و نێوبەتاڵانە کرد، جۆرێکی دی هێڵبەندیی هەڵوێستەکانی کرد و هەر ئەو بابەتە کلێشەییانەی لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا دەکرێن. قسەکانی ئەو ناڕاستەوخۆ ڕوو لە خەڵکی کوردستان و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران بوو. هەر ئەوەش قسە و دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ بەڕێزیانی سەخت و دژوار کردووە.

**بی بی سی:** "بێتوو لە ئێران هەڵبژاردنێکی ئازاد بەڕێوە بچێت و خەڵک دەنگ بدەن شازادە پەهلەوی وەک پاشای ئێران هەڵبژێردرێ، لەو بارودۆخەشدا ئامادە نین هاوکاریی لەگەڵ بکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوە فەرزی نیزیک بە مەحاڵە. چونکی لە خۆپێشاندانەکانی چەند مانگی ڕابردوودا خەڵک بەئاشکرا و چەند جارێک ڕایانگەیاندووە کە "شێخ" و "شا"یان ناوێت. ئێمەی کوردیش ڕێژیمی پاشایەتیمان ناوێت. بەڵام بە فەرزی مەحاڵ ئەگەر ڕۆژێکیش بە هەر هۆیەک شتێکی وا لە ئێراندا ڕوو بدات، سروشتییە ئەوە خەڵکی ئێرانن دوابڕیار دەدەن. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئێمە ئەوکاتیش لە ویست و داواکانمان پاشگەز بینەوە.

**بی بی سی**:"حامید ئیسماعیلیون، وتەبێژ و دەبیری کۆمەڵەی گیانبەختکردووانی فڕینی ٧٥٢ وەک کەسیک کە دەتوانێ زۆران لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و لە ڕابردووشدا بینیمان کە توانیویەتی بە بانگەوازەکانی دەیان هەزار کەس لە ئاڵمان و کانادا کۆ بکاتەوە کە ئەو میتینگانە لە دەرەوەی وڵات لە مێژووی چالاکیی ئێرانییەکاندا کەموێنە بووە. ئێوە لەگەڵ بەڕێزیان هیچ پێوەندییەکتان بووە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات تا ئێستا لەگەڵی دانەنیشتووین. بەڵام هاوپەیمانەکانمان لەگەڵی دانیشتوون و ئێمەش بەتەماین پێوەندیی ڕاستەوخۆمان لەگەڵی هەبێت.

**بی بی سی**:"ئێوە ئەگەر سێ هەڵبژاردنتان هەبێت، بڵێن ئێوە ئامادەن لەگەڵ شازادە پەهلەوی، حامید ئیسماعیلیون و مەسیح عەلینژاد ڕێبەریی ئەو جووڵانەوەیە بکەن، لەگەڵ کامیان شانسی زیاتر هەیە کە بتوانن لەسەر بۆچوون و ڕوانگە و ویست و داخوازەکانی کورد لەگەڵی پێ بێن؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەری هاوکاریی ئێمە لەگەڵ ئەو گرووپە بەدەر لە ئاغای ڕەزا پەهلەوی و مەشرووتەخوازەکان لە هەمووان زیاترە. لەبەر ئەوەی لە باس و قسەکانیاندا ڕایانگەیاندووە کە لایەنگری چارەسەری پرسی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران، یەک لەوان کوردەکانن.

**بی بی سی**:"لە چەند مانگی ڕابردوودا لەلایەن فەرماندەکانی سپای پاسدارانەوە بەردەوام هەڕەشەتان لەسەر بووە و تەنانەت هەڕەشەی ئەوە بۆ لێدان لە ئێوە بێنە نێو خاکی کوردستانی عێراقەوە و داوایان لە حکوومەتی ناوەندیی عێراق کردووە ئێوە لەو وڵاتە وەدەر بنێت و لەو پێوەندییەدا گوشاریان خستووەتە سەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە. دۆخی ئێوە ئێستا چۆنە؟

**مستەفا هیجری**: من سەردانی بنکەکانی ئێوەم کردووە ئەوانەی هێرشی مووشەکییان کرابووە سەر و بینیم کە زۆربەیان چۆڵ

کراون.

بێتوو هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشمان بکەنە سەر بە هەموو تواناوە بەرگری لە خۆمان دەکەین. ئەگەرچی من پێموایە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دۆخێکدا نییە کە بتوانێ لە زەوییەوە سنوور ببەزێنێت و هێرشمان بکاتە سەر.

**بی بی سی:**"دوای خۆپێشاندانە بەربەرینەکانی ئەم دواییانە کە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئێوە لەگەڵ گرووپ و دەوڵەتەلان بەتایبەت ئەمریکاییەکان دانیشتوون؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئێمە لەگەڵ ئەمریکایی و وڵاتانی ئورووپایی و لەگەڵ زۆر کەسایەتیی سیاسی هەم پێوەندیمان بووە و هەم ئێستاش لەگەڵیان لە پێوەندیداین.

**بی بی سی:**"ئەو ئاسۆی ئەم بزووتنەوەیە کە بە "ژن، ژیان ئازادی" ناوبانگی دەرکردووە چۆن دەبینن؟ پێتان وایە دەگاتە کوێ؟

**مستەفا هیجری**: ئەو جووڵانەوەیە لەوانەیە هەوراز و نشێوی هەبێت، بەڵام ڕاوەستانی نییە. بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە ڕاستیدا وای کرد ترسی خەڵک لە ڕێژیم بتەکێتەوە و شەرعییەتی ڕێژیمی سیاسی لە ڕووی ئایینی، سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەتەواوی خەوشدار ببێت. لە ڕووی ئابوورییشەوە ڕێژیم زەبری گورچکبڕی لێ کەوتووە.

**بی بی سی:**"لە چەند مانگی ڕابردوودا دوو بەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای چەند ساڵ یەکتان گرتەوە. بەنیازن کۆنگرە بگرن؟ پرسی ڕێبەریی حیزب لە داهاتوو چۆن دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە ئێستا یەکمان گرتۆتەوە و ئۆرگانە حیزبییەکان و کادر و پێشمەرگەکانمان بەتەواوی ڕێکخراونەتەوە و پێکەوە کار دەکەین. پرۆسەی یەکگرتنەوەکە زۆر بەباشی دەچێتە پێشێ. بەپێی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەمان لانیزۆر هەتا ساڵێک دوای یەکگرتنەوە کۆنگرەیەکی هاوبەش بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانمان دەگرین و لەو کۆنگرەیەدا ڕێبەریی نوێ هەڵدەبژێرین.

**بی بی سی:**"بەتەمان بۆ دەورەیەکی دیکەش خۆتان کاندید بکەنەوە؟

**مستەفا هیجری**: هێشتا زووە. لەئێستاوە ناتوانم ئەوە بڵێم.

**بی بی سی:"کۆمەڵە سێ بەش بوو، و ئێستا دوو بەشیان یەکیان گرتۆتەوە. ئێمە بینیمان کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان بانگەوازیان دەدا و "پژاک"یش لەگەڵ ئێوە هاوئاهەنگ بوو. لە دەرەوەی ناوەندی هاوکاری، یانی دێموکرات و کۆمەڵە هەوڵتان داوە لەگەڵ پژاک دابنیشن و پتر هەماهەنگ بن؟**

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەمێژە ئەوەمان لە بەرنامەدایە و هەر لەجێدا یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو بنەڕەتە بوو کە کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی دەبێ بەهێز و یەکگر و یەکگرتوو بێت. ئەو بەهێزییەش لە یەکگرتن و پێکەوەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە ئێمە بەڵێنی خۆمان بە خەڵکی کوردستان بردە سەر. بەڵام ئێمە نەک هەر لەگەڵ کۆمەڵە، بەڵکوو لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە دیار و بەرچاون، دانیشتنمان هەیە کە "پژاک"یش یەک لەوانە. بەخۆشییەوە دەتوانم بڵێم لە ئێستادا هیچ گرژییەک لەنێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا نییە و پێکەوە کارەکان دەبەینە پێشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٠ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

---

## هاوپەیمانیی بەهێز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەسەر بنچینەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی ئێران بنیات بنرێت

**دیمانە: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

**ساڵی ١٤٠١ ساڵێکی گرینگ و پڕ ڕووداو بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران بوو. لە شەش مانگی کۆتایی ئەم ساڵەدا خەڵک بە ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیی سەرانسەریی خۆیان ڕێژیمیان لەگەڵ گەورەترین قەیرانی ماوەی دەسەڵاتەکەی ڕووبەڕوو کردەوە. دۆخی ئێستای شۆڕشی ژینا، چەندیوچۆنیی پرسی هاوپەیمانی لە ئاستی سەرانسەریدا بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی، گەورەترین دەرفەت و هەڕەشەکان بۆ سەر جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران و چەند بابەتێکی ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستان تەوەری سەرەکیی دیمانەی تایبەتیی "کوردستان" لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. ئەم دیمانەیە شەوی ١١ی خاکەلێوە لە "کوردکاناڵ" بڵاو بۆوە و "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**عەلی بداغی: بەڕێز کاک مستەفا ئەم وتووێژە یەکەم چاوپێکەوتنی جەنابتە لە ساڵی نوێدا. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ساڵی پار کە ڕابرد، لە خەبات و تێکۆشانی خەڵک و هەروەها حیزبی دێموکرات چییە؟**

**مستەفا هیجری: ڕووداوە سیاسییەکان لە ئێران کە ڕوویان دا، چ لەلای خەڵکی ئێرانەوە چ لەلای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە درێژەدانی ئەو سیاسەتە بوو کە لە ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەچاوی کردووە و هەروا لەسەری دەڕوات. خەڵکی ئێران و کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش، لەدژی ئەو سیاسەتە لە بەرەبەرەکانیی خۆیان بەردەوام بوون. جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی ژینا لە شەش مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردوودا، ئەو بەربەرەکانییە لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر یەکگرتووانە هەم لە کوردستانی ئێران و هەم لە سەرانسەری ئێراندا پەرەیان گرت و تەنانەت سنوورەکانی وڵاتیان بەزاند و، لەنێو ئێرانییەکانی دەرەوە و هەموو جیهانیشدا ڕەنگی دایەوە و شوێندانەریی زۆری هەبوو. دەتوانم بڵێم خەڵک دەستکەوتێکی یەکجار زۆر گەورەی سیاسییان لەو ساڵەدا پێ بڕا و لەنێو ئەوانیشدا بە تایبەتی تر خەڵکی کوردستان. بەهۆی ئەوەی دوای بەخاکسپاردنی تەرمی ژینا لە سەقز، ئەوە لە کوردستان و لەسەر داوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی کوردی ئۆپۆزیسۆنی ئێران بوو ئەو ڕاپەڕین و**

مانگرتنە دەستی پێ کرد و ئێرانی تەنییەوە و گەیشتە جیهان و دموچاوێکی تازەتری لە کوردستان و خەباتی کوردستانی لە نەزەر خەڵکی ئێران و هەموو جیهان پێشان دا. دەموچاوێک کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە کاری بۆ دەکرد بۆ ئەوەی کوردستان پێچەوانەی ڕاستییەکان پێشان بدا و وا بنوێنێ کە خەڵکی ئەوێ جوداییخوازن و زۆر تۆمەتی نارەوای دیکە کە بۆ خەڵکی کوردستانی هەڵبەستبوو، بەڵام ڕاپەڕینی یەکگرتووانەی کوردستان کە پشتیوانیی خەڵک لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانی بەدووی خۆیدا ڕاکێشا، هەروەها ئەو دروشمانەی کە بە لایەنگەری لە کوردستان دەدران و پێشکەوتوویی، فیداکاریی و شۆڕشگێڕیی خەڵکی کوردستانی پێوە دیار بوو؛ ئەوانە دەستکەوتێکی سیاسیی زۆر گەورە بۆ بزووتنەوەی کوردستان بووون.

بێجگە لەوە ئەو گرفت و قەیرانگەلەی لە ساڵەکانی ڕابردوودا و لە سیاسەتی هەڵەی ڕێژیمەوە سەرچاوەیان گرتبوو، وەکوو قەیرانی ئابووری، سیاسەتی دەرەکی، قەیرانی کۆمەڵایەتی و گەلێک قەیرانی دیکە زۆر زیاتر بەرجەستە بوونەوە، بەشێوەیەک کە هەروەک لە کۆبوونەوە نهێنییەکانیاندا دەر دەکەوێ، نیشان دەدا بۆخۆشیان گەیشتوون بەو قەناعەتە کە ئەو ڕاپەڕینە کێشەی زۆر گەورەی بۆ ئەوان دروست کردووە و، تەنانەت لە ڕیزی هێزەکانی سەرکوتکەردا درز پێک هاتووە و لەنێو کەسایەتییە ئایینییەکانی زۆر بە ناوبانگ کە موجتەهیدن، لەنێو ئەوانیشدا نارەزایەتی بەدژی حکوومەت بەرز بۆتەوە. ئەو دروشمانەی کە لە ساڵانی پێشوودا، لە بەشێکی زۆری خۆپیشاندانەکاندا دەگوتران و داخوازیی خەڵک مووچە، کار و نارەزایەتی بە گرانی و ئەو جۆرە شتانە بوون. ئەوانە هەموویان بوون بە بەئامانجگرتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر سەرەوە و، بۆ ڕووخانی. بەتایبەت بەئامانجگرتنی خامنەیی و لە سەرووی ئەویش خومەینی. ئەمن پێموابێ لەگەڵ ئەوەی ئازادیخوازانی ئێران و خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران قوربانییەکی زۆریان داوە، و ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە زیندانەکاندان؛ بەڵام دەستکەوتێکی یەکجار زۆر گەورەشمان وەدەست هێناوە کە ی لە داهاتوودا ئاسەوارەکانی پتر دەردەکەون.

**عەلی بداغی**: لە ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات لە جەنگەی شۆڕشی ژینادا سێ جار هێرشی مووشەکیی کرایە سەر. ئایا ئەوە پێوەندیی بە ڕاپەڕینی خەڵکەوە هەبوو؟

**مستەفا هیجری**: وەک باسم کرد چەغماغەی ڕاپەڕینی ژینا لە کوردستانەوە لێ درا و، لەسەر داواکاریی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردەوە بوو کە ئەو خەڵکە مانیان گرت، هاتنە سەر شەقام و یەکی گرت و ڕاپەڕینەکە پەرەی گرت بۆ هەموو ئێران. ئەوە ڕاستییەک بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش دانی پێدانا و فەرماندە نیزامی و سیاسییەکانی ڕێژیم لە ئاستی زۆر بەرزدا بەئاشکرا باسی ئەوەیان کرد کە ئەوە حیزبە کوردییەکان بوون بە قەولی خۆیان ئەو "اغتشاش"ەیان وەڕێ

خستووە. ئەوە بوو کۆماری ئیسلامیی ئێران بەجێی وەڵامدانەوە بە داوای خەڵک و لەلایەک بۆ پێشاندانی هێزی سەربازیی خۆی و لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی ڕقی خۆی لەو هەموو قەیرانەی تووشی بووە بە کورد بڕێژێ، هێرشی مووشەکیی کردینە سەر. بەڵام کاتێک ئێمە بە پشتیوانی خەڵکەکەمان خەبات دەکەین و بۆ ڕزگاری ئەوان تێدەکۆشین و سیاسەت و بەرنامە و ئامانجەکانی ئێمە بە مەبەستی نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، چاوەڕوانی ئەوەش دەکەین کۆماری ئیسلامییش کێشە و گرفتمان بۆ دروست بکا. هەڵبەت خۆ ئەوە یەکەم جاریش نەبووە حیزبی دێموکرات بکەوێتە بەر پەلاماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، خەباتی ئێمە دژی ڕێژیم نەوەستاوە و هاوتەریبی ئەوە پەلامارەکانی ڕێژیمیش هەر جارە بە شێوەیەک بەردەوام بووە.

**عەلی بداغی**: دوای زیاتر لە شەش مانگ ڕاپەڕینی خەڵک، کۆماری ئیسلامی وا دەنوێنێ کە بەسەر کێشەکاندا زاڵە و سەقامگیریی خۆی پاراستووە. ئێوە کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا بە دەسەڵاتێکی سەقامگیر دەزانن؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێموایە ڕێژیمێک دەتوانێ ئیدیعای ئیقتدار بکات و بڵێ حکوومەتەکەی و وڵاتەکەی سەقامگیرە، کە خەڵکی ئەو وڵاتە شاد و خۆشبژێو بن، مافەکانیان دابین بووبێ و کێشەی بێکاری و ئابوورییان نەبێت و کەرامەتی ئینسانەکان پارێزراو بێت؛ خەڵک ئەمنییەت و ئازادیی هەبێت و، زۆر نیشانەی دیکە بۆ حکوومەتێکی سەقامگیر و بەهێز هەیە. بەڵام بەپێچەوانەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچکام لە پێوانەکانی ڕێژیمێکی سەقامگیر و بەهێزی تێدا نییە و تەنیا هێزەکەی کوشتن و بڕینە. ئەوەش نەک هەر نیشانەی هێز نییە، بەڵکوو نیشانەی داماوی و دەستەوەستانیی حکوومەتێکە کە لە بەرامبەر ویست و داخوازییەکانی خەڵکدا، لە باتی ئەوەی کێشەکانییان چارەسەر بکات، و گوێ بگرێ لە خواستەکانیان و بۆیان جێبەجێ بکات و ژیانی خەڵک و ئەمنییەت و کەرامەت و ئازادییان بپارێزی، تەنیا شتێک کە هەیەتی تەنیا کوشتن و بڕین و تۆقاندنە. ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەک سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو بەو جۆرە هەڵسوکەوت و مودیرییەتەی کە هەیەتی لاوازی و کەموکوڕییەکانی زۆر لە ڕابردوو زیاتر دەرکەوتوون. تەنانەت هێزەکانی سەرکوتکەری ڕێژیم بۆخۆشیان دەزانن کە ڕێژیم چەندە داماو و داڕماوە.

**عەلی بداغی**: بە سەرنجدان بەو باسەی کردتان و ئاکامگیری لەو بابەتە، ئێستا گرینگترین پرس لە بەردەم خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی چین؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێموایە ئێستا ئێمە لە قۆناغێکدا و، لە برگەیەکی هەستیاری زەمەنیدا ڕاوستاوین کە دەبێ هەموو سیاسەت، کار، کردەوە، هەنگاو، نووسین و قسەکردنمان لەپێناو پاراستنی ئەو دەستکەوتانە بێ لە بزووتنەوەی سیاسیدا

وەدەستمان هێناون. واتە مەسەلەی یەکگرتوویی، پاراستنی سیمای شۆڕشگێڕانەی کورد لە ئێران و جیهان و دەرخستنی خسڵەت و بایەخەکانی خەباتی مافخوازەمان دەبێ بەردەوام گرینگیی پێ بدەین. بۆیە ئەوە دەڵێم، چونکە کۆماری ئیسلامی بەو یەکگرتووییە کە بۆتە دەستکەوتێکی سیاسی گەورەی خەڵکی ئێران زۆ ناڕەحتە و پیلانی جۆراوجۆر بەکار دێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ درز بخاتە نێو بەرەی خەڵک لە پێشدا لە کوردستان و دوای لەنێوان خەڵکی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا. بۆیە هەمووومان دەبێ زۆر وشیارانە لەو پێوەندییەدا هەنگاو هەڵگرین و نەک نەکەوینە داوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەڵکوو یەکگرتوویی نێوانمان بەهێزتریش بکەین. گەورەترین دەستکەوتی ئێمە پشتیوانیی خەڵکەکەمانە کە ئێمە هێز و وزەی خەباتی لێ وەردەگرین. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هێزی خەڵک و یەکگرتوویی نێوانیان زۆر دەترسێ، بۆیە پیلانی زۆری بۆی هەیە؛ بۆیە دەبێ وریا بین و لەوەش دڵنیا بین کە بەردەوامی ڕاپەڕینەکە و سەرکەوتنەکەشی هەر لەگرەوی یەکگرتوویی خەڵک و هێزە سیاسییەکاندایە.

**عەلی بداغی**: بەڕێزتان بە دروستی ئاماژەتان بەوە دا کە ئەو ڕاپەڕینە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان و شێلگیری و مافخوازییان وای کرد کە ئەم ڕاپەڕینە پەرە بستێنێ بۆناوچەکانی دیکەی ئێرانیش. لە ئێستاشدا هەوڵەکان بۆ پرسی هاوپەیمانی بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستانە و چەند مەنشوورێکیش لەو پێوەندییەدا بڵاو بوونەتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ پرسی هاوپەیمانی و مەنشوورەکاندا، ئێوە چۆن دەڕوانن ئەو باسە؟ کورد لە کوێی هاوکێشەکانی ئێستادایە؟

**مستەفا هیجری**: من پێموابێ بە ئاڵوگۆڕانەی هاتوونەتە پێش و بەو ناسنامەیەی کورد لە خەبات و مافخوازی لە ئێراندا هەیەتی، کورد دەتوانێ دەوری زۆر سەرەکیی هەبێ لە پێوەندی لەگەڵ پێکهێنانی هاوپەیمانیی بەهێزدا. هەر بەو بۆیەشە ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاری، خەریکین بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسۆنی کۆماری ئیسلامی. ڕاستە کۆماری ئیسلامی لە لێواری ڕووخانە و خەڵک چاوەڕوانی زۆر ئاڵوگۆڕی دیکەن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو باوەڕەین کە هاوپەیمانیی بەهێز بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەبێ لەسەر بنچینەی ویست و داخوازەکانی خەڵک بنیات بنرێت کە لەو ماوەیەدا لەسەر شەقامەکان و بە شێوازی جۆراوجۆر دەریانبڕیوە. هاوپەیمانی دەبێ وەڵامدانەوە بە ویست و داخوازەکانی خەڵک بێت و ئێمەش بۆ ئەو ئامانجە هەنگاومان ناوە.

**عەلی بداغی**: حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەکەی جۆرجتاوندا بەشدار نەبوو، بەڵام کۆبوونەوەکەی تۆرێنتۆدا هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆی خستە ڕوو. ئەم کۆبوونەوانە چۆن هەڵدەسەنگێنن و کاریگەرییان لە چیدا دەبینن؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: ئەمن گرتنی ئەو کۆڕوکۆبوونەوانە بە نیشانەی بەرەو پێشچوونی شۆڕشی خەڵکی ئێران بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانم. پێکهاتەی حەشیمەتیی ئێران لە گرووپی فیکری، نەتەوەیی و ئایینیی جیاواز پێک هاتووە. زۆر سرووشتییە ویست و داخوازەکان لەنێوان ئەواندا جیاوازیی هەبێ. بۆیەشە هەر گرووپێک ویست و داخوازییەکانی خۆی دیاری دەکا و بە خەڵکی ڕادەگەینێ و هەر گرووپەی بە دوای ئەوەدایە بڵێ ئێرانی داهاتوو بەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ چۆن مودیرییەت بکرێ و بەڕێوە بەچێ؟ ئەمن ئەو هەوڵانەم پێ باشە، بەڵام دەبێ هەموو ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە هیچکام لەو گرووپانەش بۆخۆیان بەتەنیا ناتوانن، نە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن و نە دەتوانن بۆخۆیان بە تەنیا حکوومەتێک دابمەزرێنن کە بەتەنیا لەسەر ویست و داخوازەکانی ئەوان بێچمی گرتبێ. بەڵکوو لە کۆتاییدا، هەر پێویستی بە یەکگرتنێک هەیە لەنێوان ئەواندا، بەتایبەتی لەسەر ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. چونکە تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەسەڵات بێ، هیچکام لەو ئاوات و ئارەزوویانەی خەڵک وەدی نایەن.

**عەلی بداغی**: باستان لەوە کرد کە ناوەندی هاوکاری لە ئێستادا گەڵاڵەیەک یان مەنشوورێکی ئامادە کردووە و دوایەتی بە چەند لایەنێکی تر. ئێمە ئەوە وەکوو نەخشەڕێگای کورد ببینین بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی یان لەوە بەربڵاوترە؟

**مستەفا هیجری**: دیارە ئێمە ئەو گەڵاڵەیەی وەکوو ناوەندی هاوکاری هەمانبوو، لەگەڵ هاوپەیمانەکانیشمان کە زۆرتر حیزبی نەتەوەییەکانی ئێرانن و، نەتەوە ستەملێکراوەکان مەبەستمە، باسمان کردووە و ئەوانیش تێبینییان هەبووە. لە ئێستا خەریکی دارشتنەوەی دووبارەی ئەو گەڵاڵەیەین لە ناوەندی هاوکاریدا، بۆ ئەوەی خواست و پێشنیارەکانی ئەوانیش بگونجێندرێن. لەو باوەڕەدام ئەو گەڵاڵەیە ویست و داخوازیی بەربڵاوترین چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران لە خۆی دەگرێ، بەتایبەتی خواستی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێران کە هەمووومان ئێش و ئازاری هاوبەشمان لەدەست ڕێژیمە ناوەندگەرانی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی پەهلەوی چێشتووە و وەکوو یەک زوڵمان لێ کراوە، ئازادییەکانمان لێ زەوت کراوە، ناسنامەمان حیسابی بۆ نەکراوە و زۆر کێشەی دیکە کە هەمووومان دەزانین و پێویست ناکا بچینەوە سەر ئەو خاڵانە.

**عەلی بداغی**: فاکتەری دەرەکی، یان بڵێین سیاسەتی کۆمەڵگەی جیهانی لەهەمبەر دۆخی ئێستای جووڵانەوەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن هەمیشە گوتوومە کاتێک ئێمە، چ وەکوو گەلی کورد و چ وەکوو گەلانی ئێران بەگشتی لە مەیداندا بین و خەبات بکەین، جیهان لە پشتمانە. بۆیە نابێ چاوەڕوان بین دنیا پشتیوانیمان لێ بکا، بەڵکوو دەبێ بۆخۆمان بێینە مەیدان و بوونمان هەبێ، ئەوە دەم جیهانیش دێتە پشتمان. لەو ڕاپەڕینەشدا ئێمە هەر ئاوامان دیتووە و ئەو پشتیوانییە

کە لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بەتایبەتی دنیای ڕۆژئاواوە کرا، پشتیوانییەکی زۆر گەروە و بەهێز و کەموێنە بوو و لەوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر کار لەو ئاستەدا نەبووە. بەڵام ئەوەش یەکلاکەرەوە نییە. ئەو بڕیارە یەکلاکەرەوەیە خەڵک دەیدەن کە بە یەکگرتوویی خۆیان بەسەر ڕێژیمدا سەربکەون.

لێرەدا دوو مەسەلە زۆر گرینگە، یەکەم ئەوەی خەڵک پێویستە هەر لە مەیداندا بن و، لەسەر مافخوازیی خۆیان پێداگر بن. ئێرانییەکان لە دەرەوەی وڵاتیش ئەو گوشارەی تاوەکوو ئێستا بە خۆپیشاندان و ئاکسیۆن لە وڵاتانی جۆراوجۆر دروستیان کردووە لێی بەردەوام بن. لەو حاڵەتەدا ئەمن پێموایێ ئەودەم زیاتر لەوەی تا ئێستا کراوە ڕۆژاواییەکان دێنە پێشێ و یارمەتیدەر و پشتیوانی خەڵکی ئێران دەبن.

**عەلی بداغی**: ڕەنگبێ گرینگترین ڕووداوی ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵ ساڵ ڕێککەوتنی نێوان ئێران و عەرەبستان بە نێوبژیوانیی چین دوای ٧ ساڵ دابڕانی پێوەندییەکان بوو؟ خوێندنەوەی ئێوە بۆ کایە سیاسییەکانی ئێستای ئێران لە ناوچە چییە و پێتان وایە چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ ئەو بابەتە بەرلەوەی بۆ ئێران و عەرەبستان بگەڕێتەوە، چین بۆخۆیەتی. چین لەگەڵ ئێران گرێبەستی ٢٠ ساڵەی هەیە و لەگەڵ عەرەبستانیش لەو ماوەیەدا چەند گرێبەستێکی گرینگی ئیمزا کرد و بەرنامەی ئەوەیە لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچە کەنداویش گرێبەستی ئابووریی هەبێ و پاراستنی ئەو بەرژەوندییانەشی لەوەدا دەبینێ کە دۆخی ناوچەکە ئارام بێت. کێشەی سەرەکییش ئاڵۆزیی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستان و شەڕی نیابەتیی نێوان ئەو دوو وڵاتە بوو کە چین هاتە نێوانیان و گوشاری خستە سەر ئێران کە مل بدا بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ عەرەبستان. ڕێژیمی ئێرانیش ناچار بوو پێملی ئەو داوایەی چین بێت. هەرچەند بۆخۆیان ویستیان وەکوو دەستکەوتێکی گەورەی سیاسی بە نەیارانیانی بفرۆشنەوە، بەڵام لە بنەڕەتڕا بەهۆی لاوازیی خۆیان لە بەرامبەر چیندا ملیان بۆی ڕاکێشا.

هۆکارێکی دیکەی شوێندانەر لەسەر ئەو ڕێککەوتنە دۆخی نێوخۆیی ئێران بەهۆی شۆڕشی ژیناوە بوو. کۆماری ئیسلامی لەسۆنگەی ئەو ڕاپەڕینەوە لاوازییەکانی خۆی تەواو بۆ دەرکەوتووە و دەزانێ ناتوانێ هەم لەگەڵ خەڵکی ئێران شەڕ بکا و هەم لە دەرەوەی سنوورەکانیش لە گۆڕەپانی شەڕێکی دیکەدا بێت. بۆیە دەیەوێ پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هێندێک لە وڵاتانی ناوچە ئارام بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ئەگەری دەسپێکی شەپۆلی نوێی ڕاپەڕینەکە دەستی ئاواڵاتر بێت بۆ سەرکوتی خەڵک. یانی سازانی ئێران لەگەڵ نەیارە دەرەکییەکانی بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵکە لە نێوخۆی وڵات. چەندەش ئەو

ڕێککەوتە دەوامی دەبێت و جێبەجێ دەبێت داهاتوو دیاری دەکات، چونکی بەپێی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی و بنەما ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم ڕەنگبێ ئەو ڕێککەوتنە هەتا سەر نەبێت. خاڵی گرینگ ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لەبری ئەوەی لەگەڵ خەڵکی خۆی ئاشت بێتەوە و هەوڵی پڕکردنەوەی کەلێنی بێ‌متمانەیی نێوان خەڵک و حکوومەت بدات، دەچێ ئیمتیاز بە وڵاتانی دەرەوە دەدات بۆوەی بۆ سەرکوتی خەڵکی خۆی سەری ئاسوودە بێت. ڕێژیم لە بەرەیەکی دیکەشدا دەیەوێ وتووێژەکانی بەرجام دەست پێ بکاتەوە، ئەگەرچی لایەنەکانی ڕۆژئاوایی گوتوویانە لە ئێستادا بەرجام بۆ ئەوان لە ئەولەوییەتدا نییە. هەموو هەوڵی ئەو سازانەش بۆ ئەوە دەستی بۆ سەرکوتی خەڵکی وڵات ئاوەڵاتر بێت.

**عەلی بداغی**: **لەبەر ڕووناکایی ئەو بۆچوونانەی بەڕێزتان و ئەو گۆڕانکارییانەدا، پێشبینیی ئێوە بۆ ساڵی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی خەڵک و هەروەها بۆ پێگە و ستاتووی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و جیهان چییە؟**

**مستەفا هیجری**: هەمووان دەزانین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە وادەوبەڵێنی درۆ و بە فریودانی خەڵک هاتە سەر دەسەڵات. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانیشەوە کە نەیتوانی دەرووەستی بەڵێنەکان بێت، بۆ وەڵامدانەوەی خەڵک ڕێگای زەبروزەنگ و سەرکوتی هەڵبژارد. هەتا قەیرانەکان لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمەوە ڕۆژبەڕۆژ قەیرانەکان زیاتر بوون و، ناڕەزایەتییەکانی خەڵک پەرەیان سەندووە کە پێ‌بەپێی ئەوە سەرکوتەکانیش پتر بوون.

لە ئێستاشدا هیچ هۆکارێک نییە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام نەبێت، چونکە ئیدئۆلۆژییەکەی ئەوەیە و ئەو ئیدئۆلۆژییەش لەسەر سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش دامەزراوە. هەناردەکردنی شۆڕشیش یانی دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ، جیهان، پەرەپێدانی تێرۆر و هەموو ئەو یاساشکێنیانەی کە لە بەرامبەر یاساکانی نێونەتەوەییدا دەیکات. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەمساڵیش ڕێژیم لەو سیاسەتانەی بەردەام دەبێ و هاوکات قەیرانەکانی بەردەمیشی زیاتر دەبن.

ئێستا ئێمە لە قۆناغیکداین کە لە هاوسەنگیی نێوان خەڵک و هێزی ڕێژیمدا، ئەوە بەرەی خەڵکە بەهێزترە و ئەمە لە بەردەوامیی خۆیدا ڕێژیم بەچۆک دادێنێ. بەڵام دیسان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە هەمووی ئەوانە بەسراوەتەوە بە یەکگرتوویی خەڵک و بە ماندوونەبوون و شێلگیرییان لە خەباتدا. چونکە ڕێژیمێکی ئیستبدادی و ملهۆڕی وەکوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروا بەئاسانی دەست لە سەرکوت و زەبروزەنگ هەڵناگرێ، بۆیە خەڵک دەبێ خۆڕاگر بن و هیچ گومانم نییە کە براوەی نەهایی هەر خەڵک دەبن.

**عەلی بداغی**: بەرنامەی حیزبی دێموکرات بۆ ساڵی نوێ، ساڵی نوێی خەبات و تێکۆشان چییە؟ لە هەموو ڕەهەندەکانی تەشکیلاتی، کوردستانی و لە ئاستی ئێران و نێودەوڵەتیدا؟

**مستەفا هیجری**: خەباتی ئێمە وەکوو کورد بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێکی تابعێکە لە ئاڵوگۆڕەکان لە ئاستی ئێران و ناوچەدا. بەڵام بەگشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر درێژەدانی خەباتەکەی بە هەر مێتۆدێک کە بۆی بگونجێ و بە پێویستی بزانێت بەردەوام دەبێت. لەو مەیدانەدا جارێکی دیکە داوا لە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەمەوە وەک هەمیشە یارمەتیدر و پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باقی هێزەکانی خەباتکاری کورد بن. لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە قوربانیی زۆرمان دا، تێچووی زۆرمان تەحەموول کردووە لەو خەباتەدا. بەڵام ئێستا گەیشتووینەتە کۆتاییەکانی و ئاکامەکەی دەبێتە ئازادیی خەڵکەکەمان و نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هیوادارم ئەوە زۆر نەکێشێ.

**عەلی بداغی**: زۆر سپاس کاک مستەفا کە کاتتان تەرخان کرد بۆ ئەو دیمانەیە

**مستەفا هیجری**: سپاس بۆ ئێوەش ماندووو نەبن

سەرچاوە:"کوردکاناڵ – ڕێکەوتی: ١١ی خاکەلێوەی ١٤٠٢



سەرچاوە
Serchawe

# وتار و پەیامەکانی

## بەم زووانە خەڵک کۆتایی بە دڕندەییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەهێنن

خەڵکی مافخوازی ئێران!

ژنانی سەربەست و ئازادیخواز!

لاوانی خەباتگێڕ و نەسرەوتوو!

لە ڕۆژانی سەخت لە خەبات و تێکۆشانی ئێوە لەدژی ڕێژیمی تێرۆر و تاریکیی کۆماری ئیسلامی و، بەدوای چەند دەیە خەباتی نابەرانبەری ئێوە لەگەڵ ڕێژیمێک کە هەموو سەروەت و سامان، کەرامەت و ئازادی و شوناس و بە گشتی هەموو بوونی ئێوە داگیر و بەتاڵانی بردوە؛ لە ئێستادا و لە جەنگەی بەربەرەکانێی چارەنووسساز کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بەتەواوی داماو کردوە، ئەوە ئێوە قارەمانانی ئەو خەباتە لە سەرشەقامەکان، لە زیندانەکان، لە زانکۆ و قوتابخانەکان و لەهەر جێیەک هەن؛ کۆتایی بە دڕندەییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەهێنن.

هەموو پێشکەوتنەکانی ئێستا لەدژی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدایە کە ڕێژیم لەڕووی داماوی و ناهۆمێدی و بە مەبەستی خۆڕزگارکردن لە زەلکاوێک کە بۆخۆی دروستی کردوە، وەک هەمیشە ژینا و ژیناکان دەکوژێ، بنکە و شوێنی نیشتەجێبوون و قوتابخانەی بنەماڵەی هاوخەباتەکانی ئێوە، واتە پێشمەرگەکانی کوردستان بە چەکی هەرەقورس و کۆمەڵکوژ دەکاتە ئامانج؛ ئەو چەکوچۆڵانەی کە بە پووڵ و سامانی ئێران کە هەمووی ئی ئێوەیە کڕیویەتی و لەدژی ئێوە لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستاندا بەکاریان دێنێ.

ئێستا بەجێیە کە هەموو ئێمە یەکگرتوو و هاودەنگ پێکەوە بە مانگرتنێکی سەرانسەری کە لە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەری ١٤٠١ەوە دەست پێ دەکات؛ وێڕای پشتیوانی لە مانگرتنی مامۆستایان، خوێندکاران و قوتابییان کۆتایی بە تەمەنێک پیلان

و درۆی کۆماری ئیسلامی بێنێن و بە دنیای پێشان بدەین کە ئێمە شایانی ژیانێکی سەردەمیانەین.

سەرکەوتن ئی ئێمەیە.

مستەفا هیجری

بەرپەرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٧ - ٧ - ١٤٠١

---

## سەرکەوتن بۆ ئازادیخوازانی نیشمانەکەمانە

**هاونیشتمانیانی تێکۆشەر!**

**کچان و کوڕانی ئازادیخواز!**

ماندوو نەبن و دەستخۆشی بۆ چالاکی بەربڵاو و یەکگرتووانەتان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، و بە تایبەت ئەمرۆ ١٦ی ڕەزبەر.

دڵنیا بن ئەو یەکگرتوویی و کۆڵنەدانەتان هاودەنگ لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی ئێران، کۆماری ئیسلامیی تووشی سەرلێشێواویی وبێ هیوایی کردوە.

بەردەوام بن، سەرکەوتن بۆ ئێوەیە.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

بەرپرسی ناوەندی بەرێوەبەریی گشتی
مستەفا هیجری

١٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی

## پەیامی پیرۆزبایی بۆ دوکتور لەتیف ڕەشید



**جەنابی دوکتور لەتیف ڕەشید، سەرۆککۆماری عێراقی فیدڕاڵ**

**وێڕای سڵاوێکی گەرم!**

لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی خۆمتان بەبۆنەی هەڵبژاردنتان وەک سەرۆککۆماری عێراق پێشکێش دەکەم و هیواخوازم لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە بەسەر عێراق و عێراقییەکاندا تێدەپەڕێ، لە ئەرکەکانتاندا سەرکەوتوو بن.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی

مستەفا هیجری

١٥ - ١٠ - ٢٠٢٢

## (پەیامی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات لەبارەی ئاگرکەوتنەوەی گوماناویی زیندانی ئێڤین)

**خەڵکی مافخوازی ئێران و کوردستان!**

**بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی!**

چەند شەو بەسەر ئاگرکەوتنەوەی گوماناویی "زیندانی ئێڤین"دا تێپەڕ دەبێت. ڕووداوێک کە لە گەرمەی تووڕەیی جەماوەری سەرشەقام و شەپۆلی بێئامانی ڕقی پەنگخواردووی خەڵک دژ بە ڕێژیمی تاوان و تیرۆر، سەرنجی ڕای گشتیی ئێران و ڕێکخراوە و کۆمەڵە بەشەردۆستەکانی جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

زیندانی ئێڤین لە لایەک هێمای خۆڕاگری و ئیرادەی لەشکاننەهاتووی هەزاران شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕی سەر بە نەتەوەکانی ئێرانە، لە لایەکی دیکەشەوە، هێمای بەردەوامبوونی سیاسەتی کوشتار، ئەشکەنجە و ڕەشەکوژیی کۆماری پەت و سێدارەیە. ئەگەرچی تاکوو ئێستا لایەنەکانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام تاوان و پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جێی گومان نین.

ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە، ئەگەر و مەترسیی دووبارەبوونەوەی کارەساتێکی دیکەی لە چەشنی کوشتاری بەکۆمەڵی دەیەی ٦٠ی هەتاوی و تاوانە هاوشێوەکانی ئەم ڕێژیمەی بەدواوەیە. هەربۆیە دەبێ بە نیگەرانییەوە لێی بڕوانین، بەتایبەت کە لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا و، لە ئەنجامی سەرکوتی بێبەزەییانەی جەماوەری ڕاپەڕیو و دەستبەسەرکردن و بێسەروشوێنکردنی هەزاران کەس لە ڕۆڵە ئازادیخوازەکان، مەترسیی سڕینەوە و ڕەشەکوژی و تۆڵەکردنەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە جاران زیاتر هەستی پێ دەکرێت.

خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کە ئامانجیان ڕووخان و تێکەوەپێچانی تۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و، شەقام و سەنگەری خۆڕاگرییان چۆڵ نەکردووە؛ پێویستە ئازادیی زیندانییانی سیاسی بکەنە دروشم و، هێماکانی خۆڕاگری و کۆڵنەدان زیاتر بەرجەستە بکەنەوە. پێویستە لە چارەنووسی ڕۆڵەکانیان لە زیندانەکاندا خافڵ نەبن و، پێش بە دووبارەبوونەوەی کارەساتێکی گەورەتر بگرن.

هەروەها، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆست و ڕێکخراوەکانی ماڤی مرۆڤ دەکەین، بەدوای کەیسی ئەم دواییانەی زیندانی ئێڤین و زیندانییانی سیاسیی نێو چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمدا بچن، تا کارە قێزەون و نائینسانییەکانی ئەم ڕێژیمە فاشیست و مرۆڤکوژە زیاتر لەقاو بدرێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی**

**مستەفا هیجری**

**٢٦ی ڕەزبەری ١٤٠١**



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خەڵکی بەشەرەف و ئازادیخوازی کوردستان!

کچان و کوڕانی بەهەست و شۆڕشگێڕ!

سڵاوێکی گەرمی پێشمەرگەکانی شاختان پێشکەش.

ئێمە ئێستا پێمان ناوەتە قۆناغێکی نوێ. دوای شەهیدبوونی ژینا، ئێستا ٤٠ ڕۆژ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ. لە پێشدا ئیجازە دەخوازم کە بەبۆنەی گیانلەدەستدان و شەهیدبوونی ئازیزانمان لەو ماوەیەدا و بە تایبەت ٨ شەهیدی ٢٤ سەعاتی ڕابردوو، لە کوردستانی خۆشەویستدا، سەرەخۆشی لە هەموومان، خەڵکی بەئەمەگی کوردستان، ئەندامانی و بنەماڵەکانیان، و هەموو دۆست و برادەران و هاوسەنگەرانیان لەسەر شەقامەکانی کوردستان بکەم. ماندوونەبوونیتان لێ دەکەم بەبۆنەی کار و فیداکاریتان لەو ماوەیەدا. جێگای ڕێز و شانازین بۆ هەموو گەلانی ئێران و دنیا.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

لە چلەی ماتەمینی ژینای خۆشەویستدا، خەباتەکەمان پێی نایە قۆناغێکی نوێ. وەک دەزانن بە شەهیدبوونی ژینا چەخماخەی، شۆڕشێک لە کوردستانی خۆشەویستدا هەڵگیرسا کە بە دوایی ئەودا، هەموو ئێرانی تەنییەوە و سنوورەکانی تێپەڕاند و گەیشتە نێو هەموو ئێرانییەکان لە سەراسەری دنیادا و دنیا و ئێران هاتە پشتی ئەو ڕاپەڕینە. بەڵام ئێستا قۆناغێکی نوێ دەستی پێ کردووە. قۆناغێک کە هەستیارە و زۆر حەسساسە، بۆیە پێویستە هەنگاوی ورد و حیسابکراو هەڵگرین، بۆ ئەوەی کە لەوە بەدواوە تێچووی گیانیمان کەمتر بێت و دەستکەوتی سیاسیمان زیاتر. لەم ڕاستایەدا داواتان لێ دەکەم خۆ لە توندوتیژی بپارێزن. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو توانای خۆی، لە پێناو ئەوەدایە کە ڕێپێوانەکان بکێشێتە توندوتیژی. بەڵام ئێمە نابێ بکەوینە داوی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لەبیرمان بێ کە سەرکەوتنی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەمان، بەشێکی گرینگی بەسراوەتەوە بەو ئارامی و لەسەرەخۆبوون و خۆبەدورگرتنی خەباتکاران لە توندوتیژی. ئەوە تایبەتمەندییەکی نوێ بوو کە ئێران و دنیای هاتە پشت. ئەوە دەستکەوتێکی سیاسیی زۆر گەورەیە کە دەبێ قەدری بزانین و بەهێزتری بکەین.

کۆماری ئیسلامی ئێران دیەوێ بە کێشانی ئێوە بە مەیدانی توندوتیژی، بە ئێرانییەکان نیشان بدا کە ئەوە لە کوردستان خەریکن وڵات تێک دەدەن. بە دنیا نیشان بدا کە ڕێپێوانەکان کراونەتە مەیدانێک بۆ هێرشکردنە سەر دامودەزگاکانی حکوومەت و سیمایەکی ناشیرین لەو ڕاپەڕینە بە خەڵکی دنیا نیشان بدا. داواتان لێ دەکەم سیمای ئەوڕۆیی و شارستانییانەی ڕاپەڕینەکەمان بپارێزن. مەکەونە داوی کەسانێک کە لە دوورەوە هانتان دەدەن، لە پەیجەکان، فەیسبووک و بە گشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بەرژەوەندی و قازانجی شۆڕشەکەمان لە درێژەدانیەتی بە شێوەی هێمنانە. دەبێ چاوەڕوان بین کە ئەو ڕێپێوانانە، ماوەیەکی درێژتر درێژەیان هەبێ. لەبیرتان بێ کە شۆڕشی ئێمە دەبێ هاوشان بێ لەگەڵ شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران. نە وەدوا کەوین و نە ئەوەندە وەپێش کەوین کە تووشی خەساری زیادی بین. ئێمە دەمانەوێ لە درێژەی ئەو ڕاپەڕینەدا، یەکەم تێچووی گیانیمان کەمتر بێ. دوویەم ئەوە کە کوردستان بپارێزین، کوردستان ملکی ئێمەیە، ماڵی ئێمەیە و دەبێ بیپارێزین لە هەموو حاڵەتێکدا. یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەک گلێنەی چاو بپارێزن. هەروەها ئەو یەکگرتووییە کە لەگەڵ سەرانسەری خەڵکی ئێران پێکهاتووە قەدری بزانن و بەهێزتری بکەن. سەرکەوتنی ئێمە لە یەکگرتووییدایە.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە درێژەدانی ڕاپەڕینی کوردستان و ئێران، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەگوێرەی ئەو هەواڵانە کە بە من دەگا، بەشێک لە چەکدارە تورکەکان کە لەنێو هێزەکانی ڕێژیمدان، نافەرمانی دەکەن و بەرەوڕووی ڕاپەڕینەکانی شار سەنگەر ناگرن. لە ئەرتەشدا هەر ئەو دیاردەیە وردە وردە دەرکەوتووە. ئەوانە جێگای ڕێزن و ئێمە دەبێ پێشوازییان لێ بکەین. هەر لەو پێوەندییەدا پێم‌خۆشە ئیشارە بکەم بە پشتیوانی بێ‌ئەملاولای خۆشک و برا تورکەکانمان لە ئازەربایجان. ئێمە دەنگی هەزاران خەباتکاری تورکمان لە تەوریز بیست کە دروشمی "کوردستان، کوردستان چشم و چراغ ایران"یان دەدا.

ئێمە ئەو پەیامە وەکوو پەیامی دۆستایەتی و هاوپەیمانی، هاودەردی لەگەڵ گەلی تورک لە ئازەبایجاندا و لە هەموو ئێراندا وەردەگرین. لە مێژووی ڕابردوومانداا، ئێمە خاڵی زۆر ڕوون و درەوشاوەمان هەیە لە پێکەوەژیان، ئێستاش کە ئێمە شان بە شان و هاوپەیمان لەگەڵ ئەوان بەدژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات دەکەین؛ دەمانەوێ دوای ئەو ڕیژیمە، چ ئەوانەی لەگەڵ یەکتر دەژین لە شار و گوندەکان، چ ئەوەی کە دراوسێی یەکتر دەبین، ئەو هاوپەیمانییە حورمەتی بۆ دابنێین و ژیانێکی باشتر بۆ هەموو خەڵکەکەمان دابین بکەین. سەردەم سەردەمی ژیانی بەئاشتی و سەردەمیانەیە. ئێمە ئەو پەیامە دۆستانەیەمان وەرگرتووە لە ئێوە و ئێستاش داوا دەکەین لە ئێوە ئازیزان، هەروەها

هەموو خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکانی ئێران کە بە ڕێپێوانی هێمنانە، پشتیوانی بکەن لە خوشک و براکانیان لە کوردستان، بە تایبەت لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سنە و شارەکانی دیکە کە کەوتوونەتە بەر هێرشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێمە هەموومان پێکەوە شان بە شانی یەکتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕادەماڵین و پێکەوە ئێران ئازاد دەکەین و ئاوەدانی دەکەینەوە.

لە دواییدا جارێکی دیکە سەرەخۆشیی خۆم، لە هەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بنەماڵەی شەهیدەکان ڕادەگەیەنم. ئارەزوو دەکەم بە سەدان کەس لە خەباتگێڕانی شەقام کە بریندار بوون، هەرچی زووتر برینەکانیان چاک بێتەوە و، بگەڕێنەوە مەیدانی شەقام. سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و کۆماری ئیسلامی مەحکووم بە نەمانە.

بژین و سەرکەوتوو بن بۆ ئازادیی ئێران و گەلانی ئێران.

مستەفا هیجری

٦ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی

## پەیامی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی جێژنی خاوەنکار

لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی خاوەنکارەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکێش بە خوشک و براکانمان دەکەین کە پێڕەوی ئایینی یارین.

هیوادارین جێژنەکانی دیکەمان لە کوردستانێکی ئازاد و بەدوور لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و، لە کەشێکی پڕ لە شادی و خۆشیدا بەڕێوە بەرین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی

مستەفا هیجری

١٣ی خەزەڵوەری ١٤٠١

## پەیامی پیرۆزبایی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان

ڕێزدار کاک مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان!

وێڕای سڵاو و حورمەت،

لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەبۆنەی سەرکەوتنی چاردەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان و هەروەها هەڵبژێرانی بەڕێزتان وەک سەرۆکی پارتی پیرۆزبایی‌یتان پێشکەش دەکەم و هەر بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی ڕێبەرایەتی و جەماوەری پارتی دەکەم.

هیوادارم ڕێبەرایەتیی نوێی پارتی بە سەرۆکایەتیی بەڕێزتان شوێندانەر بێ لە بەرەوپێشچوونی زیاتری دۆزی کورد و ئاشتی و برایەتی لە باشووری کوردستان.

بە سپاسەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتی

مستەفا هیجری

٧ - ١١ - ٢٠٢٢

## ئیرادەی سەرکەوتنمان بەهێزتر لەهەر کاتێکە

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تویتێکدا و لە کاردانەوە بە هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات نووسیویەتی: "زۆر لەمێژە حکوومەتەکان لە تاران بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە پیلانمان لەدژ دەگێڕن، قەڵاچۆمان دەکەن، ڕێبەرانمان تێرۆر دەکەن، ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانمان لێ شەهید دەکەن، وڵاتمان خاپوور و تاڵان دەکەن، تەنیا بە تاوانی کوردبوونمان. بەڵام ئێمەی کورد باکمان نییە و بەرەنگاری دوژمنانمان بووینەتەوە.

بەڕێزیان لە درێژەدا دەڵێت: ئەو پلان و پیلانانەی دوژمن نەک هەنگاوی خەبات و ڕەوتی شۆڕشی پێ شل نەکردووین، بگرە ئەو جینایەتانە گڕ و تینی خەبات و گیانفیدایییمانی زیاتر کردووە و ئیرادەی سەرکەوتنمان بەهێزتر بووە.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆتایی پەیامەکەیدا تیشکی خستووەتە سەر ئەو بابەتە کە ئێستا دەنگ و هاواری پەراوێزخراوەکان، نەتەوە بندەستەکان و سەرجەم ئازادیخوازانی ئێران لە جیهاندا دەنگی داوەتەوە و، پەیام و زایەڵەی مەرگ و نەمانی بە گوێی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گەیاندووە، بۆیە بێگومان ئێمە سەر دەکەوین.

٢٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢

## خەڵکی کوردستان وێڕای بەردەوامییان لە ڕاپەڕین، پێویستە بە وشیارییەوە بەرەنگاری پیلانەکانی ڕێژیم ببنەوە

خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بەداخەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانمان لە خەباتی شاردا، شەهید و بریندار بوون. ڕاپەڕینی شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان نیشانی داوە کە نەتەوەی کورد لەسەر ویستی خۆی بۆ نەمانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ستەم، چەوساندنەوە و هەڵاواردن هەروا سوور و پێداگرە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، دەبێ تێچووەکانی ئەم ڕاپەڕینە کەم بکرێتەوە.

بێگومان شەهیدبوونی لاوانی کوردستان بە مانای لەدەستچوونی سەرمایەیەکی گرانبەهایە بۆ کوردستان. بەڕوونیش دیارە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ ڕاستەوخۆ ئاراستەی خۆپێشاندانەکان بەلاڕێدا بەرێ. هەربۆیە خەڵکی کوردستان دەبێ بە وشیارییەوە لەگەڵ پیلانەکانی ڕێژیم و نەیارانی گەلەکەمان هەڵسوکەوت بکەن.

ئەگەرچی هەموو نەتەوەی کورد و ئازادیخوازانی ئێران شانازی بە شەهیدبوون لەپێناو ماف و ئازادییەکانی گەلدا دەکەن، بەڵام لەم قۆناغەدا پاراستنی گیانی خەڵکی کوردستان و، خەباتکارە خۆنەویستەکانمان دەبێ لە ئەولەوییەتدا بێ.

بەتایبەت داوا لە لاوە بوێرەکانمان دەکەم بە شێوەیەک درێژە بە ڕاپەڕین بدەن کە کەمترین تێچووی گیانی هەبێ.

لە کۆتاییدا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدان و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم و، هیوای ساڕێژبوونی برینی هەموو بریندارەکانم هەیە. ئاواتی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتن بە سەروەری، ڕزگاری و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەییی کوردە لەم پێناوەدا، هەربۆیە خەباتی ڕەوامان بەردەوام دەبێت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرکەوتنی خەباتەکەی دڵنیایە.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

مستەفا هیجری

٢٩ی خەزەڵوەری ١٤٠١

## یەکگرتنەوەی کۆمەڵە یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد




**پەیامی پیرۆزبایی یەکگرتنەوە دوو لایەنی کۆمەڵە**

**بەڕێزان؛ کاک عەبدوڵڵا موهتەدی! کاک عومەر ئیلخانیزادە!**

**سڵاو و ڕێز!**

ڕاگەیاندنی هەواڵی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی کۆمەڵە (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) ئەویش لەم بارودۆخە هەستیارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا پڕبایەخە. هاوکات ئەم یەکگرتنەوەیە، یارمەتیدەرە بۆ بەهێزترکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی و دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پتەوکردنی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد.

بەم بۆنەوە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و، سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەی یەکگرتوو دەکەم.

ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

مستەفا هیجری

٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١



سەرچاوە
Serchawe

## جووڵانەوە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران دەبێ پابەند بێ بە ئازادی، یەکسانیی ڕەگەزی، سێکۆلاریزم و دێموکراسی




**دەقی قسەکانی مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات لە بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا**

**بەڕێزان!**

**ئێمە بە چەند هۆ شاهیدی سەرهەڵدانێکی بێوێنە لە ئێرانین.**

**یەکەم**، خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە لە پتر لە ٣١ پارێزگای وڵات بەڕێوە چوون. لە کاتێکدا کە بە میلیۆنان خەڵک بەشداری خۆپیشاندانەکانی ٢٠٠٩ (١٣٨٨ی هەتاوی) بوون، بەڵام ئەوان بە شارە گەورەکانەوە بەسترابوونەوە. ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز وەفادار بە ڕێژیم بوون و داوای ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییان نەدەکرد، چ بگات بە گۆڕینی ڕێژیم. لەبەر ئەو هۆیە، جووڵانەوەی سەوز مەحکوم بە شکست بوو، و قەت نەبوو بە جووڵانەوەی زۆرینەی خەڵک لە ئێران.

**دووهەم**، و گرینگتر، خۆپیشاندەران ئێستا داوای گۆڕینی ڕێژیم دەکەن. بۆیە سەرهەڵدانی ئەو دواییانە جیاواز و جێگای دڵخۆشییە. سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەتنیک، ئایین، تەمەن و زایەند، چالاکانە

بەشداری سەرهەڵدانەکەن. ژنان، لاوان و کەمینە نەتەوەییەکانیش پێشڕەوی سەرهەڵدانەکە بوون.

سێهەم. ڕزگاریی ژنان، ژیانی شکۆمەندانە و ئازادی لە جیات هەر دوورەدیدێکی ئایدیۆلۆژیکی نەریتیی ئێرانییەکانی لە هەوڵ بۆ گۆڕینی ڕێژیم یەک خستووە. ئەو سەرهەڵدانە پێشکەوتنخوازانەیە و ئامانجەکانی لە بایەخەکانی دێموکراسییەکانی ڕۆژاوایی و جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە.

چوارەم. یەکگرتوویییەکی سەرەتایی لەنێو کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران سەری هەڵداوە، سەرەڕای سیاسەتی دەیان ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ نانەوەی دوژمنایەتی لەنێوان فارس، کورد، عەرەب، تورک و بەلووچاندا. بە تایبەتی، ئێمە شاهیدی دەربڕینی هاوپشتی دەگەڵ گەلی کورد و خەباتەکەی بۆ ئازادی لە ناوچە ناوەندییەکانی وڵاتین.

پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە، کە ئەو سەرهەڵدانە لە کوردستانی ئێران، دوای کوژرانی کچەکورد، ژینا (مەهسا) ئەمینی دەستی پێ کرد. مەرگی کارەساتباری ژینا بەجوانی یەکتربڕینی نێوان سەرکوتی ژنان و کەمینە نەتەوەکانی ئێرانی ئاشکرا کرد.

حیزبی ئێمە و حیزبە سیاسییە کوردییەکانی دیکە دەوری سەرکییان لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی کوردستاندا گێڕا، کە دواتر بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران پەرەیان ئەستاند.

بەڕێزان!

ئەو سەرهەڵدانە وێدەچێ دەستپێکی شۆڕشێکی دیکە، لە شێوەی شۆڕشی ١٩٧٩ (١٣٥٧ی هەتاوی) بێت.

ئێمە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ماوەیەکی دوورودرێژە چاوەڕوانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیمان کردووە. ئێستا ئێمە زۆرتر لە پێشوو دڵنیاین کە ڕێژیمی ئیسلامی بە شێوەیەک لە شێوەکان تێک دەڕووخێت. بەکورتی، من دەمهەوێ سەرنجی ئێوە بۆ ئەو فاکتەرانەی خوارەوە ڕاکێشم تا شی بکەمەوە بۆچی خەڵکی ئێران داوای گۆڕانی ڕێژیم دەکەن:

یەکەم. ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ تێپەڕینی کات بۆتە هەڵاواردنکار و سەرکوتکار. تەنانەت وەفادارانی ڕێژیم پەراوێز دەخرێن. لە نێوەڕاستەکانی نەوەدەکانی زایینییەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنە ساختەکانی ڕێژیمدا

بەشدار دەبوون و بە هیوای ئـاڵوگۆڕ لەنێو ڕێژیمدا دەنگیـان بە بەنـاو ڕیفۆرمخوازەکـان دەدا. بەڵام، بەنـاو ڕیفۆرمخوازەکـان وەفادارانی ڕێـژیم بـوون کە لەجیـاتی ئـاڵوگۆڕ لە کۆمـاری ئیسلامی خوازیـاری پاراستنی ڕێـژیم بـوون. ئێمە لە نەوەدەکانی زایینییەوە لەو بارەوە هۆشداریمان داوە. ورده ورده، خەڵک لەناوخۆی ئێران تێگەیشتن کە ئەو ڕێژیمە بۆ چاکسازیی نابێ.

**دووهەم**، سیاسـەتی تێکـدەرانەی نـاوخۆیی و دەرەوەی ڕێـژیم بـووە هـۆی قـووڵتر بـوونەوەی قەیـرانە سیاسـی، ئـابووری و ژینگەییەکان کە وڵات بەرەوڕوویان بۆوە. لە کاتێکدا کە هەژاریی و بێکـاری پەرەی ئەسـتاندووە، گەنـدەڵی بۆتە پەتـایەک لە کۆماری ئیسلامیدا، پشتیوانیی دارایی ڕێژیم لە میلیشیا جۆراجۆرەکان و تـاقمە تێرۆریستییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە نێویاندا ڕێژیمی مرۆڤکوژی بەشار ئەسەد، بۆتە هۆی نـاڕەزایەتیی جەمـاوەری. هاوکـات بەرنامەکـانی نـاوکی و هـاژەکیی ڕێژیم و هەروەها پشتیوانیی لە تێرۆریزم بوونە هۆی گەمارۆی ناونەتەوەیی.

**سێهەم**، لەگەڵ وشیار بـوونەوەی خەڵکی ئێران لەو ڕاستییە کە کۆمـاری ئیسلامی نەتەنیـا خۆشبژێویی و ئاسایشـی ئەوان پاشـگوێ دەخـات، بەڵکـو بەکـردەوە بـۆتە هەڕەشـە بـۆ سـەر خۆشـبژێویی و ئاسایشـیان، ئەوان لە هێنـانە گـۆڕی داواکارییەکانیانـدا لێبڕاوانەتـر بـوون و بێتـاقەتیی ئەوان لەمەڕ دۆخـی هەنـووکەیی پەرەی ئەسـتاند. ئەگەرچـی ڕێـژیم وەبەرهێنـانی بەرچـاوی لە مێشکشۆردنەوەی جیلەکـانی دوای شۆڕش بە بۆچوونەکـانی ئیسـلامیی کـردووە، ئەوان بە کـردەوە بـوونە دژی ئیسلامی. ژنـان و کەمینە نەتەوەییەکـان لە ئێران بە شێوەی سیستماتیک سەرکوت دەکرێن. ڕاشکاوانە بـدوێم، جیلـی لاو لە ڕێـژیم وەڕەز بـووە و دەیـهەوێ ژیـانی خـۆی بـۆ گەیشـتن بە ئـازادیی لەمەترسـی هـاوێ. بەکـورتی، لە هەر ڕوانگەیەکەوە، ڕێژیمی ئیسلامی شکستی خواردووە و ئاسەواری ئەو سیاسەتە وێرانکەرانە لە ژیـانی ڕۆژانەی خەڵکی ئێرانـدا هەستی پێ دەکرێت. لەبەر ئەو هۆیە، ئێمە نابێ لە داوای خەڵکی ئێران بۆ گۆڕینی ڕێژیم سەرمان سوڕ بمێنێ.

ئێمە هیوادارین تێکڕمانی ڕێژیم هێمنانە بێ. ئێمە کەتوارگەراین و پێمانوایە ئەو ڕێژیمە تا کۆتایی کەڵـک لە توندوتیژی وەر دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەشێک لە ئەندامانی هێزە چەکدارەکان سەرپێچی لە بەکارهێنانی هێزی کوشندە دژی خۆپێشـاندەرانی ئاشتیخواز دەکەن. ئێمە هیـوادارین هێـزە چەکدارەکان لە کۆتـاییدا واز لە ڕێژیمی ئیسلامی بێنن و تێکەڵی خەڵک بن.

بۆ پێشگرتن بە دووپـات بـوونەوەی هەڵەکـانی پێشوو، ئێمە لەسـەر ئەو بـڕوایەین کە سەرهەڵدانی جووڵانەوە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران دەبێ پابەنـد بـێ بە ئـازادیی، یەکسانیی ڕەگەزی، سێکولاریزم و دێموکڕاسی. بێ ئەرکداریی بەرانبەر بە دێموکڕاسـی و دامەزرانـدنی ئۆپۆزیسـیۆنێکی گشـتگیر، بە داخەوە مێـژووی سیاسـی ئێـران فێرمـان دەکـات کە مەترسی بە

بارمتەگیرانی شۆڕش بۆ ئازادی دەتوانێ لە لایەن هێزە دژە دێموکراتیکەکان بە بارمتە بگیرێت. ئەوە شتێک بوو کە لە ١٩٧٩(١٣٥٧ی هەتاوی)، کاتێک ئیسلامییەکان دیکتاتۆریی ئیسلامییان بە سەر ئێراندا سەپاند، قەوما.

ئەوە لە پێش هەموو شتێکدا ئەرکی ئێمە ئێرانییەکانە کە دڵنیا بین شۆڕشی داهاتوو پارێزەری ئازادی و دێموکڕاسی بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە پێویستیمان بە پشتگیریی سیاسیی دێموکراسییە ڕۆژاوایییەکانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێشکەوتنخوازانە.

بەڕێزان!

ڕێگام بدەن، وەک ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، بە ئاگاداریی ئێوە بگەیەنم کە حیزبی ئێمە لە ١٩٤٥ (١٣٢٤ی هەتاوی) بەو لاوە بۆ دێموکراسی لە ئێران و خۆبەڕێوەبەریی گەلی کورد خەباتی کردووە. ئێمە، بە پێچەوانەی تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی، بە تەمای دابەش کردنی ئێران نین.

دیدی دووری ئێمە بۆ داهاتووی ئێران دێموکڕاسییەکی سێکولار، دێموکڕاتیک و فێدراڵە کە لەویدا سەروەریی یاسا جێبەجێ دەکرێت و کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران، کە بە یەکەوە نیوەی حەشیمەت پێک دێنن، لە ناوچەکانی خۆیاندا خۆیان بەڕێوە دەبەن. لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوە، ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئێران دەبێ لەگەڵ دراوسێکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئاشتی بژی و پەیوەندیی بنیاتنەری دەگەڵ دێموکراسییەکانی سەرانسەری دنیا هەبێ، بە تایبەتی دێموکڕاسییەکانی ڕۆژاوایی. بۆ وەدیهاتنی دیدێکی دووری ئەوتۆ، پێویستە ئێران دەگەڵ خۆی بە ئاشتی بژی. بێ ئازادی، سێکۆلاریزم، دێموکڕاسی و سیستەمێکی فێدراڵ کە ڕەنگدانەوەی فرەڕەنگیی ئێران بێ، گەیشتن بە ئاشتی لە نێوخۆ و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مومکین نییە، چ بگا بە پەیوەندیی بونیاتنەرانە دەگەڵ دنیای ڕۆژاوا.

ئێمە داوا لە وڵاتە دێموکڕاتیکەکان دەکەین تا هەنگاوی بە کردەوە بۆ پشتیوانیی لە سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران هەڵگرن. ئەوان دەبێ ئۆپۆزیسیۆن لێک نزیک بکەنەوە. ئەوان دەبێ دەست بە دیالۆگ لەگەڵ هێزە دێموکڕاتیکە کوردییەکان بکەن و یارمەتییان بدەن.

وڵاتانی دێموکڕاتیک دەبێ دەستبەجێ هەنگاوی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی دەستڕاگەیشتنی جێگای متمانەی خەڵکی ئێران بە ئینتەرنێت هەڵێنن. گەمارۆی ئامانجدار دژی ڕێژیم دەبێ بەردەوام بن و پەرەیان پێ بدرێ.

ڕێککەوتنی ناوکی کە خەریکە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژی لەسەر دەکرێ تەنیا بە قازانجی ڕێژیمی ئیسلامییە، هەر وەک چۆن دیتمان کاتێک زلهێزە ڕۆژاواییەکان لە ٢٠١٥ (١٣٩٤) دەگەڵ ئێران گەیشتنە ڕێککەوتن، سوودە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنی ناوکی پێشوو بۆ گەشە پێدانی بەرنامە سەربازییەکان کەڵکی لێ وەر گیرا، وەک بەرنامەی هاژەکی و بەهێزتر کردنی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و لایەنەکانی دیکە کە خەڵکی ئێران سەرکوت دەکەن، هەروەها بۆ پشتیوانی دارایی لە تاقمە تێرۆریستییەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

لەبەر ئەو هۆیە ئێمە داوای ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی ڕۆژاوا بەرانبەر بە ئێران دەکەین. لە جیاتی پێشتریەتیدان بە پرسی ناوکی، دێموکڕاسییەکانی ڕۆژاوا دەبێ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و دێموکڕاسی بکەن. ئەوە تەنیا بە گۆڕانی ڕێژیمە کە ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە و بەردەوام بۆ پرسی ناوکی دابین دەبێ. ئێران تەنیا ئەو کاتە کۆتایی بە ناسەقامگیر کردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دێنێ کە خاوەنی دێموکڕاسی بێ.

**بەڕێزان!**

**پشتیوانی لە دێموکڕاسی لە ئێران نەتەنیا لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە ڕەوایە؛ بەڵکو سیاسەتێکی وشیارانەشە!**

**سوپاس بۆ سەرنجدانتان.**

**٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢**

**مەحکووم کردنی ئێعدامی مۆحسێن شکاریی**

ئێعدامی مۆحسێن شکاری هاووڵاتییەکی مافخواز لە تاران لە دادگایەکی نادادپەروەرانەدا کە بە ئێعدام مەحکووم کرا و حوکمەکەی زۆر بەپەلە جێبەجێ کرا بەتوندی مەحکووم دەکەم و هاودەردیی خۆم لەگەڵ بنەماڵەکەی و هاوخەباتەکانی دەردەبڕم.

لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوو لانیکەم هەزار و ٨٢٠ چالاکی سیاسی لە کوردستان لەم جۆرە دادگایانەدا بە ئێعدام مەحکووم کراون و حوکمەکەیان جێبەجێ کراوە.

لە کۆماری ئیسلامیدا دادگای ئینقلاب کەرەستەیەکە بۆ سەرکوت و ترساندنی خەڵکی ئێران و دەزگایەکە بۆ کوشتار و تێرۆری حکوومەتی و باسکی سەرەکیی سیستمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامییە.

١٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

## کۆبوونەوەی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە پارلمانی سوئیس

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز مستەفا هیجری لەگەڵ بەشێک لە پارلمانتارانی پارلمانی سوئیس کۆ بووە و لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا داوای پشتیوانیی ڕاپەڕینەکەی لێ کردن.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢١ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، دەوری یەکەمی کۆبوونەوەکانی بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ پارلمانتارانی پارلمانی وڵاتی سوئیس دەستی پێ کرد.

لەم کۆبوونەوانەدا بەڕێز هیجری لەگەڵ کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی سوئیس و هەروەها فراکسیونەکانی پارلمانی سوئیس چاوپێکەوتن و دیداری دەبێت.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە فەرمی بانگهێشتی پارلمانی سوئیس کراوە، لە یەکەم دیدارییدا لەگەڵ بەشێک لە پارلمانتاران باسی لە ڕاپەڕین لە ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد و داوای پشتیوانیی وڵاتانی ئورووپایی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆری کرد.

دیدار و چاوپێکەوتنەکانی کاک مستەفا هیجری لەگەڵ کۆمیسیۆن و فراکسیۆنەکان لە پارلمانی سوئیس درێژەی هەیە.

٢١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## دیدار لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی سەوزەکانی سوئیس




**مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی سەوزەکانی سوئیس کۆ بوویەوە و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆرییان لە ئێران خستە بەرباس.**

**لە درێژەی کۆبوونەوەکانی بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەگەڵ وەفدی هاوڕێی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە، ٢١ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی سەوزەکان لە پارلمانی سوئیس کۆ بوویەوە.**

**لە دیدارەکەدا ڕاپەڕینی سێ مانگەی تا ئێستای خەڵکی کوردستان و ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خرایە بەرباس و بەڕێز بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە قسەکانیدا باسی لە داخوازییەکانی خەڵک و سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران کرد.**

**٢١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢**

## دیدار و کۆبوونەوەکانی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لەگەڵ پارلمانتارانی سویس



مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی دووشەممە، ٢١ی سەرماوەز لەسەر بانگهێشتی فەرمی سەردانی پارلمانی سویسی کرد. بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی ئێران دژی خۆپیشاندەران و بەتایبەت میلیتاریزەکردنی کوردستان و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان، چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ پارلمانتارانی پارلمانی وڵاتی سویس پێکهێنا.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی هاوڕێی لەگەڵ کۆمیسیۆنەکانی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی سویس و هەروەها لەگەڵ فراکسیۆنەکانی نێو پارلمانی ئەو وڵاتە بوو. لەو کۆبوونەوانەدا مستەفا هیجری بە وردی باسی لە خۆپیشاندانەکانی ئێران و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی خۆپیشاندەران کرد و لەو پێوەندییەدا زانیاری و دێکیۆمێنتی پێویستی لەمەڕ جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دۆخی میلیتاریزەکراوی کوردستان و کوشتنی سەدان کەس لە هاووڵاتییان و بەتایبەت ژنان و منداڵان و لاوان خستە بەر دەستی لایەنی خانەخوێ.

هیجری لە درێژەی باسەکانی لەو کۆبوونەوانەدا تیشکی خستبووە سەر ئەو بابەتە کە زۆربەی قوربانییەکانی ئەم دواییانەی خۆپیشاندانەکان لە ئێران کورد و بەلووچ و نەتەوە بندەستەکانی دیکەن و ئەوە دەیسەلمێنێت کە زوڵم و زۆر و تاوان دژی نەتەوەکانی ئێران چەند قات زیاترە؛ لە حاڵێکدا کورد و ئەو نەتەوانەش هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکرات، سێکۆلار و فێدراڵ دەدەن. بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ڕاستە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران کاری ئێمەیە وەک خەڵکی ئەو وڵاتە، بەڵام ئێمە هاوکات داوای پشتیوانی لەو ڕاپەڕینە و هەروەها مەحکوومکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێوە و کۆمەڵگەی جیهانی دەکەین.

دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچە، هاوکارییە نیزامییەلانی ئێران بە ڕووسیە لە شەڕی ئۆکراین و پرسی بەرجام و سیاسەتی سازانی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەیئەتەکانی خانەخوێ بوو. بەڕێزیان ڕوو بە پاڕلمانتارانی سویس داوای ئەوە بوو کە وڵاتانی ڕۆژاوایی نەکەونە مامەڵەی ئابووری لەگەڵ ڕێژیمی ئێران، چونکی بەهێزکردنی ئابووریی ڕێژیمی ئێران دەبێتە هۆی نائەمنیی زیاتری ناوچە و جیهان، هەروەها بەهێزکردنی زیاتری هێزە سەرکوتکەرەکان، سپای پاسداران و گرووپە نیابەتییەکانی ڕێژیم لە ناوچە کە پەرەپێدەری تێرۆریزمن و بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی وڵاتانی ئورووپایی، خەڵکی ئێران لەو دانوستان و ئەگەری سازانە هیچیان پێ نابڕێت.

مستەفا هیجری لە کۆبوونەوە لەگەڵ پارلەمانتارانی هەر کام لە فراکیسۆن و لێژنەکانی پارلمانی سویس ئەو داواکارییەشی بە ڕوونی خستە بەردەم ئەوان کە سویس باڵوێزخانەی ئێران لەم وڵاتە دابخات، یان لانیکەم پێوەندییە سیاسییەکانیان بۆ نزمترین ئاست دابەزێنێت. سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری شوێندانەر بۆ سەر ڕێژیم و داموودەزگا سەرکوتکەرەکانی و پەسندکردنی گەمارۆی مافە مرۆییەکانی یەکیەتیی ئورووپا لە دژی ڕێژیمی ئێران لەلایەن وڵاتی سویس و قەدەغەکردنی هاتن و سەردانی کاربەدەستانی ئێرانی کە دەستیان لە تاوان دژی خەڵکی ئێران هەبووە بۆ ئەو وڵاتە و بلۆکەکردنی دارایی و هەژمارە بانکییەکانی بەرپرسانی ئێرانی لەم وڵاتە چەند داوایەکی دیکەی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەیئەتەکانی پاڕلمانی سویس بوو.

کۆبوونەوەکانی مستەفا هیجری و شاندی حیزبی لەگەڵ پارلمانتارانی سویس لەنێو پارلمانی ئەو وڵاتە بەدرێژایی ڕۆژ بەردەوام بوو. هەروەها لاپەڕەی فەرمیی حیزبی سۆ سیالیستی سویس و بەشێک لە پارلەمانتارانی سویسی دوای کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ کاک مستەفا هیجری و شاندی حیزب لە لاپەڕەکانی خۆیان لە تویتێر، ئینستاگرام و فەیسبووکدا بە بایەخەوە باسیان لە دانیشتن لەگەڵ کەک مستەفا هیجری و حیزبی دێموکرات کرد. بەدوای ئەو کۆبوونەوانەشدا

بەرپرسی لێژنەی پێوەندییەکانی پارلمانی سویس لە نامەیەکدا بە شاندی حیزبی ڕاگەیاند کە پێشنیارێکیان پێشکەش بە کۆبوونەوەی پارلمان کردووە و داوایان کردووە پارلمان بە بڕیارێک پشتیوانی لە ڕاپەرینەکانی خەڵکی ئێران بکات.

٢٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

---

## کۆبوونەوەی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی حیزب لە سویس



بەڕێز مستەفا هیجری، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە سویس، یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵێک ڕێنوێنی و پێشنیاری تایبەتی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی خستە بەرباس.

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٢ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی حیزب لە سویس کۆ بووەیەوە.

لەو کۆبوونەوەدا سەرەتا بەڕێز مستەفا هیجری ڕوو لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە سویس لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات قسەی کرد.

لەو پێوەندییەدا ناوبراو باسی لەوە کرد کە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە پێویستییەکان بوو کە دەبا ڕوویدابا. یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات گڕوتینی دا بە خەبات و تێکۆشان چ لە

نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات.

کاک مستەفا هیجری، لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێک ڕێنوێنی و پێشنیاری تایبەتی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی لەو قۆناغەدا خستە ڕوو.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات بە وردی باسی لەسەر بەشی پێوەندییەکان و زەرووڕەتی حوزووری ئەو بەشە لە کار و چالاکییە دیپلۆماسییەکان لەم ڕۆژانەدا کرد و داوای کرد لە داهاتوودا حوزووری چالاکانەی ژنان بەپێی لێهاتوویی و شارەزایی لە کار و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی حیزب بێت.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کاک مستەفا هیجری وڵامی پرسیار، ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی حیزبی دایەوە.

٢٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٢



سەرچاوە Serchawe

## دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن سەرکەوتنێکی دیکەی شۆڕشی ژینایە

کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند: دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوێکی دی لە سەرکەوتنەکانی شۆڕشی ژینایە.

کاک مستەفا هیجری لە کاردانەوە بە بڕیاری دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەویش بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە ڕایگەیاند ئەم بڕیارە هەنگاوێکی گرینگە لە تەریکخستنەوەی پتری ئێران لە هاوکێشە جیهانییەکاندا. ئەو بڕیارەش کە سەبارەت بە پێشێلکردنی ڕەها و سەرکوتی سیستماتیکی مافی ژنان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی دژەژنەوە لەسەر ئەو ڕێژیمە دراوە، هەنگاوێکی دی لە سەرکەوتنەکانی شۆڕشی ژینایە.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات ئەو بڕیارەی کۆمیسیۆنی پێگەی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە دەسکەوت بۆ جووڵانەوەی خەڵک لەقەڵەم داوە و بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە ژنانی پێشەنگ و خەباتکار لە جووڵانەوەی ژینا، بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسیی بزووتنەوەی سێ مانگی ڕابردوو کردووە.

٢٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

## هێز لە یەکگرتووییدایە

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەیەک لەگەڵ هەواڵدەریی "شەرقولئەوسەت" وتی: "ئێمە لە ئێراندا لەگەڵ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و دواکەوتوودا ڕووبەڕووین کە هەر جۆرە ئازادییەک سەرکوت دەکات."

کاک "مستەفا هیجری" بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر یەکگرتنەوەی هەر دوو باڵی حیزب لە وتووێژێک لەگەڵ هەواڵدەریی "شەرقولئەوسەت" وتی: ئێمە ساڵانێکە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و دێموکراسی و دژ بە ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران خەبات دەکەین، بەڵام تا ئێستا بەداخەوە خەباتی ئێمە وڵامدەر نەبووە و هۆکارەکەشی پەرتەوازەیی و یەکنەگرتوویی نێو ماڵی کورد بووە و هەرلەم ڕوانگەیەوە ڕێبەرانی هەر دوو باڵی حیزبی دێموکرات، پاش چەندین ساڵ دابڕان و بەهۆی ئەوەیکە دەمانویست بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات جێگەوپێگەی ساڵانی پێشووی خۆی بەدەست بێنێتەوە، بڕیارمان دا یەک بگرینەوە و ئەو یەکگرتنەوەیەی دێموکراتەکان بووەتە هۆی دڵگەرمیی زیاتری ڕیزەکانمان چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە نێوخۆی وڵات.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا سەبارەت بە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان وتی: ئێمە لە ئێستادا ناوەندێکمان بە ناوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان هەیە و بە خۆشحاڵییەوە هاوپەیمانیەتیمان لەگەڵ حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکانی دیکەش لە دەرەوەی وڵات هەیە.

کاک "مستەفا" هەروەها وتیشی: ئامانجی ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دامەزراندنی ئێرانێکی فیدراڵ و دێموکراتیک و هەروەها سێکۆلارە و بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانیشمان پێویستە لەگەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکگرتوو بین.

ناوبراو لەسەر جێگیرکردنی فیدراڵی لە ئێران وتی: خەڵکی کوردستان و هەروەها هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەبێ حکوومەت و دەسەڵاتی خۆیان هەبێت و لە چوارچێوەی یاسایەکی بنەڕەتیی دێموکراتیکدا لە ئێران چالاکی بکەن و ئەو کاتەیە کە هەموو نەتەوەکانی ئێران، ئێران بە ماڵی خۆیان دەزانن.

کاک "مستەفا هیجری" لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە "ئێرانییەکان ئێوە بە جیاییخواز دەزانن"، وتی: ئەو تۆمەتانە پێش لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەلایەن حکوومەتی پەهلەوییەوە بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داواکارییەکانی حیزبی دێموکرات هاتووەتە ئاراوە و ئێستاش کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژەدەری ئەو تۆمەتەیە و ئەو تۆمەتانە تەنیا بە مەبەستی لەباربردنی خەبات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلی کوردە لە چوارچێوەی ئێراندا، لەلایەکی دیکەشەوە بیانوویەکە بۆ سەپاندنی سزای قورس بەسەر چالاکانی حیزبی دێموکرات و هەروەها خەڵکی کوردستان لە دادگا نادادپەروەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا و ئێمە و هیچ حیزبێکی ناسراوی دیکەی کوردستانی داوای جیایی لە ئێرانمان نەکردووە.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر پرسی ئاڵترناتیڤ و جێگرەوەی بۆ دەسەڵاتی ئێستای ئێران وتی: بەداخەوە هێندێک ڕێکخراوی سیاسیی "توتالیتێر" پێیان وایە کە بە تەنیایی دەتوانن کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕووخێنن و حکوومەتێک بە خواست و ویستی خۆیان دابمەزرێنن، بەڵام دەبێ هەموو هێزە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پلاتفۆرمێکی هاوبەشەوە لەگەڵ یەک هاوکاری بکەین و ئەو شۆڕشە لە چوارچێوەی داواکارییەکانی گەلانی ئێراندا ببەینە پێشەوە.

ناوبراو لەسەر باروودۆخی ئێستای ئێران زیادی کرد: لە ئێستادا خاڵی بەهێزی ئەو شۆڕشە سەرتاسەرییە کە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و هەموو ئێرانی گرتووەتەوە ئەوەیە کە ئەمجارە هەموو گەلانی ئێران یەکدەنگ و یەکدەست ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوونەتەوە و داوای مافە زەوتکراوەکانیان دەکەن.

کاک "مستەفا" هەروەها لەسەر دوارۆژی ئەو ڕاپەڕینانەی گەلانی ئێران وتی: تاکوو ئەو کاتەی شۆڕشی خەڵک بە شێوەیەکی یەکگرتووانە بەرەوپێش نەچێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێت بە سەرکوت و کوشتنی زۆری خەڵک بۆ ماوەیەک ئاگری ئەو شۆڕشە بکوژێنێتەوە، بەڵام بۆ بەردەوامبوونی ئەو شۆڕشە دوو خاڵ زۆر گرینگە، یەکەم ئۆپۆزیسیۆنی ئازادیخواز و دێموکراتی ئێران دەبێ لە بەرنامەیەکی هاوبەشدا ئەو خەڵکە ڕێبەری بکات، دووەم دەبێ خەڵک خۆڕاگر بن و شەقامەکان چۆڵ نەکەن، لەبەر ئەوەیکە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێویستی بە بەربەرەکانێی زۆر هەیە.

کاک "مستەفا" لەسەر دەورونەخشی ژنان لەو ڕاپەڕینەدا بەتایبەتی ژنانی کوردستان وتی: ژنانی کوردستان لە ساتەکانی یەکەمی ئەو ڕاپەڕینەوە هاودەنگ لەگەڵ ژنانی ئێران دژ بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و ئێستا ژنانی گەلانی ئێران بە تایبەتی ژنانی کوردستان لە سەرکوتی هێزەکانی ڕێژیم ناترسن و من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ژنان

چالاکانەتر لە پێش ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە و داوای مافەکانیان دەکەن.

ناوبراو لە درێژەی وتووێژەکەدا لەسەر هێرشی مووشەکیی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات وتی: ڕێژیمی ئێران ناتوانێت بە مووشەکبارانکردنی بنکە و بارەگاکانمان دەنگی حیزبی دێموکرات و هەموو حیزبە سیاسیەکانی دیکە لە نێوخۆ کپ بکات.

٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٢

## پەیام بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

"زمان شادەماری نەتەوەیە"

زمـان یەکێـک لە کـۆڵەکە پـتەو و قـایمەکـانی ناسـنامەی هەر نەتەوەیەکە. لە وڵاتێکـدا کە نەتەوەکەمـان لە خوێنـدن و پەروەردە بە زمانی دایکی بێبەشە، کچ و کوڕە بوێرەکانی، بە فێرکردنی زمانی دایکی، نیشتمان بنیات دەنێنەوە. ئەو مرۆڤە خۆنەویستانەی لە پێنـاو ناسنامەکەیاندا زینـدانی کـراون و هەمـوو جـۆرە ئازادییەکیـان لـێ زەوت کـراوە، شـایانی ئـازادی و سەربەستین.

لە ڕۆژی جیهـانیی زمـانی دایکیـدا، سـڵاو بـۆ هەمـوو ئەو مامۆسـتا خۆبەخشـانە دەنێـرم کە شـەو و ڕۆژیـان بـۆ خزمەتـی نەتەوەکەیان خستووەتە سەر یەک و بۆ چرکەیەکیش لە نیشتمان و کەرامەتی نەتەوە و زمانەکەیان غافڵ نەبوونە.

٢ی ڕەشەمە ٢٧٢٢

## ژەهراویکردنی قوتابییان و خوێندکارانی کچ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، شەرمەزار دەکەین


Mustafa Hijri
@MustafaHijri

مسمومیت صدها نفر از دانش آموزان و دانشجویان دختر طی یک ماه گذشته و در مناطق مختلف کشور اقدامی برنامه‌ریزی شده است که مستقیم یا غیر مستقیم از سوی جمهوری اسلامی علیه این قشر آگاه و مبارز جامعه انجام می گیرد.

Translate Tweet

11:49 AM · Mar 2, 2023 · 11.2K Views

88 Retweets 1 Quote Tweet 432 Likes

Mustafa Hijri @MustafaHijri · 21h
Replying to @MustafaHijri

ما این عمل ضدانسانی را محکوم می‌کنیم و از جامعه بین المللی، سازمانهای مدافع حقوق بشر به‌ویژه مدافعان حقوق زنان و مردم آزادیخواه ایران می خواهیم با فشار به حکومت جمهوری اسلامی مانع از ادامه این عمل جنایتکارانه شوند.

لە پەیامەکەی کاک "مستەفا"دا هاتووە: ژەهراویکردنی سەدان قوتابی و خوێندکاری کچ لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا و لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران، هەوڵێکی پلانبۆدارێژراوە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دژی ئەم توێژە ئاگا و خەباتکارەی کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێت.

هەروەها لە کۆتاییدا هاتووە: ئێمە ئەم هەوڵە دژەمرۆڤانەیە شەرمەزار دەکەین و لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ بەتایبەتی داکۆکیکارانی مافی ژنان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران داواکارین کە بە گوشارهێنان بۆ کۆماری ئیسلامی، لە بەردەوامبوونی ئەم هەوڵە جینایەتکارانەیە ڕێگری بکەن.

١٢ی ڕەشەمە ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامێکی تایبەت لەلایەن بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتەوە

**هاونیشتمانیانی هێژا!**

**کوردستانیانی خۆڕاگر!**

خۆرهەڵاتی کوردستان بە کات و ساتێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێ. لە لایەکەوە لەگەڵ پاوانخوازی و داگیرکاریی کۆماری ئیسلامیدا ڕووبەڕوویە و لەلایەکیترەوە لەگەڵ مەترسیی دوبارە بنیاتنانەوەی پاوانخوازی و داگیرکاری دواڕۆژ لە ئێراندا لە ململانێدایە. بۆیە ئەوەی دەتوانێ لەم دۆخەدا ئارامی و سەرکەوتنمان لە دواڕۆژدا مسۆگەر بکات، شتێک نییە بێجگە لە یەکگرتوویی، پێکگەیشتن و لەیەکگەیشتنی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی.

ئەوەی تاکوو ئەمڕۆ لە پاش شەهیدبوونی ژیناوە بۆتە هۆکارێک کە کۆمەڵگە و نیشتمانەکەمان باڵای بەرزە، یەکگرتوویی کوردستانیان و هێزە خەباتکارەکانی بووە. بەڵام ئەم یەکگرتووییە بێ کۆسپ نەبووە. کۆماری ئیسلامی لەلایەک و لایەنگرانی پاوانخوازی لە دەرەوە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ڕێز و هەیمەنەی ئەم یەکانگیرییەی کوردستان بخەنە ژێر پرسیار و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە سەنگەری کوردستان لەرزۆک بکەن و بێهیوایی ببەخشنە کوردستانیان.

جیاوازیی بیروڕا لە کوردستان بابەتێکی ئاساییە و نیشانەیەکی جدییە لە کۆمەڵگەیەکی زیندوودا. بەڵام خاڵی جیاکەرەوەی جیاوازیی بیروڕا و پرسە نیشتمانییەکان ئەوەیە کە هەمووان دەبێ پێبەندی بنیاتە سەرەکییەکانی هێڵە نیشتمانییەکان بین. ئەو هێڵانەی کە خۆی لە مسۆگەرکردنی ئاسایشی ناسنامەیی و چوارچێوەی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی کوردستانیان لە ئیلام و کرماشانەوە تاکوو سەرووی خۆرهەڵاتدا دەبینێتەوە.

ئێمە گومانمان نە لە بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان و نە لە قەوارەی جوغرافیایی-سیاسیی خۆرهەڵات و نە لە خاڵە بنچینییەکانی مافی کوردستانیان نییە؛ بۆیە پێویست ناکات خۆمان و کۆمەڵگاکەمان تووشی دڵەڕاوکێ بکەین. چونکە ئێمە هەردەم ئامادەیی ئەوەمان تێدا بووە بەرەو قۆناغێک هەنگاو بنێین کە تێیدا یەکیەتیی ئارەزوومەندانە بنیاتێک بێت بۆ دواڕۆژی ئێران کە تێیدا کوردستان خاوەنی مافەکانی خۆی بێ. پێناچێ هیچ کوردستانییەک دژی ئەم مافە بێ، بەڵام ئەوە شوێنکەوتووانی پاوانخوازین دەیانهەوێ وا پیشان بدەن کە دەتوانن درز بخنە نێو ڕیزی یەکگرتوانەی کوردستانیان.

لە دواییدا وەک بەرپرسیاریەتییەک دەمهەوێ ڕاوەستە لە سەر ئەوە بکەم تا ئەوکاتەی پشت و پەنامان کوردستانیانی خۆڕاگرە و یەکگرتوییمان سەنگەری یەکەم و دوارۆژی خەباتەکەمانە، کوردستان تووشی سەرلێشێواوی نابێ. چونکە حیزبە سیاسییەکانی ئامرازی سیاسین بۆ ویست و مافە نیشتمانییەکان، نەک نیشتمان کەرەسەیەک بێ بۆ حیزبەکان. بۆیە پێویست دەکات هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بێ لە ئاست خواست و ویستی هاووڵاتیانی کوردستاندا بین. ئەزموونی باشوور، ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان وانەگەلێکی گرانبایان فێر کردووین کە ئەگەر یەکگرتوو بین، کوردستان دەبێتە خاوەن پێگەو سەروەری و ئەگەر پارچە پارچە بین داگیرکاری و لەدەستدانی نیشتمان چاوەڕێمان دەکات.

**بۆیە داوا دەکەم:**

با هەموومان بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان قەڵەم، زمان و کردەوەمان لەڕاستای بەهێز کردنی ئەو یەکگرتوویی یە بخەینەگەڕ، یەکگرتوویی هەم لە نێوخۆی کوردستان و هەم یەکگرتوویی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران. لە ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیمان بەو یەکگرتووییە هەیە. داوایەکی دیکەم لە کوردستانیانی خۆشەویست لە نێوخۆ و دەرەوە ئەوەیە با خۆمان بۆ نەورۆزی ئەمساڵ ئامادە بکەین. بۆیە ڕووم لە کوردستانیانی جامانەپۆش، ڕۆڵە خاکیپۆشەکان، ئەویندارانی زەماوەندی ئاڵا، خەباتکارانی حەماسەی کرماشان و لە دواییدا کورسانەکەی باوان ئەوەیە، نەورۆزی ئەمساڵ بکەن بە نەورۆزی بەرخۆدان و بەرەنگاری بۆ پتەوکردنی سەنگەری یەکگرتوویی نیشتمان.

پەنا و دوا وێستگەی ئارامی ئێمە لە کوردستانەوەیە و هەر کوردستان دەبێ تاکوو بە هەمووان بڵێین: کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندووە.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٦ی ڕەشەممەی ١٤٠١

## پەیام بەبۆنەی ٨ی مارس

بۆنەی ٨ی مارسی ئەمساڵ، ڕۆژی جیهانیی ژنان، لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە شۆڕشی گشتگیری ژینا، بە دروشمی "ژن ژیان ئازادی" لە ئامانجی سەرەکیی خۆی واتە ڕووخانی ڕێژیمی ژنکوژی کۆماری ئیسلامی، مافی دیاریکردنی چارەنووس، چەسپاندنی یەکسانی و دادپەروەری بەردەوامە.

هاوکات، پێشەنگایەتیی ژنان لەم شۆڕشەدا مانایەکی تایبەتی بە ٨ی مارسی ئەمساڵ بەخشیوە. بەو واتایە کە "شۆڕشی ژینا" و بۆنەی جیهانیی ڕۆژی ژنان، لە یەک ڕێڕەوودان، ئەویش پێداگری لەسەر مافەکانی ژنان، بەهاکانی ژیان و ویستی ئازادییە.

ئەوەی لەم سەروبەندەدا جێی ئاماژەیە، هێرشی سیستماتیک و شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان (وەک کۆڵەکەیەکی شۆڕشی ژینا) لە ئاستی ئێراندایە. ئەم جینایەتەش، سیاسەتی دژەمرۆیی و سەرکوتکارانەی ڕێژیمی بۆ ڕای گشتی ڕوونتر کردووەتەوە.

وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی ٨ی مارس لە ژنانی تێکۆشەری کوردستان و ئێران، سەری ڕێز و وەفا لە بەرانبەر ژنان و دایکانی جەرگسووتاوی شۆڕشی ژینا دادەنوێنین، هەروەها ئەو ژنە ئەمەگناس و ئازایانەی کە بە ڕەوشتی بەرز و کرداری شۆڕشگێڕانە و کوردانەیان، بەهاکانی "ژن، ژیان و ئازادی"یان بەرز ڕاگرتووە.

بە هیوای سەرکەوتن و وەدیهاتنی ئازادی و بەختەوەریی ژنانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران.

١٧ی ڕەشەمە ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## پەیام بەبۆنەی کۆچی دوایی نەسرین خانم قاسملوو

سەبارەت بە کۆچی دوایی خاتوو نەسرین سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری، بەتایبەت حیزبی دێموکرات و خۆمان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەم.

کۆچکردوو نەسرین خانم، بێجگە لەوەی هاوژینی ڕێبەری بلیمەتی حیزبی دێموکرات، شەهید دکتور قاسملوو بوو، کەسایەتییەکی مرۆڤدۆست و خەباتکارێکی بەوەج و دیار بوو کە تا دوایین هەناسەکانی ژیانی، دۆستی حیزبی دێموکرات و پاڵپشت و لایەنگری بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکڕاتیکی نەتەوەکەمان مایەوە. ئەم تایبەتمەندییانە وایان کردبوو کە خاتوو نەسرین لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنێک بەتایبەت لەگەڵ ڕۆژاواییەکاندا، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد بێ.

بەسەرهات و ڕابردووی خەباتکارانەی خاتوو نەسرین، پڕاوپڕە لە گیانفیدایی و لەخۆبوردوویی و بەتەواوی مانا، نوێنگەی ژیانێکی شۆڕشگێڕانەیە؛ هەر بۆیە لە قۆناغە جیاجیاکاندا، چ لە سەردەمی شاخ و چ سەردەمی ژیانی هەندەران و ماوەیەکیش لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کورستان، شان بە شانی ڕێبەری شەهیدمان، سیمایەکی شۆڕشگێڕانە و دەروەستی لە خۆی نواند، و وەک خەباتکار و پێشمەرگەیەکی ڕەوشتجوان و بەئەمەگ، بەشی زۆری ساڵەکانی تەمەن و ژیانی پڕ لە شانازیی خۆی، تەرخانی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردستان کرد.

لە سەردانەکانی دەرەوەی وڵات، هەموو کات کە بە دیداری شاد دەبوومەوە، یەکەم پرسیاری سەبارت بە دۆخی حیزبی دێموکرات و هاوسەنگەرانی بوو. هەموو کات بە دڵێکی پڕ لە هیوا و بە باوەڕی گەش و کەسایەتیی جوانی، دەبووە مایەی دڵگەرمیی هەمووومان.

کۆچی دوایی خاتوو نەسرین هەواڵێکی دڵتەزێنە، بەڵام کەسایەتیی بەرز و ڕەوشتی مرۆڤدۆستانەی، میراتێکی نەمر و شیاوی لێفێربوونی بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات بەجێهێشتووە.

کۆچی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان"خەمباری کردین، بەم بۆنەیەوە سەرەخوشی لە خۆمان و بنەماڵەی خاتوو نەسرین و کچەکانی و هەموو هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەکەم.

ڕۆحی شاد و ڕەوانی ئارام.

مستەفا هیجری

٢١ی ڕەشەمەی ١٤٠١

## پەیامی نەورۆزیی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب

**هاونیشتمانییانی هێژا!**

**کوردستانییانی خۆڕاگر!**

لە کاتێکدا بەرەو نەورۆز دەچین کە نەتەوەی کورد بەتەمایە زیاتر لە جاران ئەم بۆنەیە بکاتە هەوێنی بەرەنگاری، یەکگرتوویی و یەکریزیی نیشتمانی. لە هەمان کاتدا بەرەوپیلی بۆنەیەکەوە دەچین کە بۆ بەشێک لە نەتەوەکانی تر لە ناوچەکەدا ماناداره و، سەرچاوەی نوێبوونەوە.بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە و نەورۆزی کوردەواری لەوانی تر جیا دەکاتەوە، واتاگوتاریی ئەو بۆنەیەیە، کە جیاوازیی بەرچاوی لە کوردستان هەیە. نەورۆز بۆ نەتەوەی کورد بە مانای ڕابوون و سەرهەڵدان بەرانبەر بە ستەم و سەردەستی دێ، واتایەک کە دەتوانێ لە ئەمڕۆی ئێرانیشدا مانادار بێت.

لە دیدی نەتەوە باڵادەستەکانەوە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، نەورۆز تەنیا بۆنەیەکە کە تیایدا سروشت ڕەنگ دەگۆڕێ و سیمایەکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێت. بەڵام بۆ نەتەوە و خاکێکی ژێردەست، پەراوێزخراو و بەفەرمی نەناسراوی وەک کورد و کوردستان، هێنانە ڕۆژەڤی "ناسنامە "دەبێتە مەبەست و، ڕۆحێکی لێوانلێو لە بەرخۆدان دەبەخشێتە ئەم بۆنەیە. دیارە ئەم ڕۆحە پڕ لە ڕابوون و بەرخۆدانە تایبەت بە ئەمڕۆ نییە، بەڵکوو لەو سەردەمەوە هاتووەتە ئاراوە کە کورد وەک نەتەوە هەستی بە ژێردەستی و بێمافی کردووە و کەڵکەڵەی ئازادیی هەبووە. لە قۆناغی "بزووتنەوەی ژینا"دا زیاتر لە جاران کۆمەڵگەی کوردستان ئاوێتەی مانای ڕزگاریخوازانەی نەورۆز بووە و، ئەم بۆنە نیشتمانییە دەتوانێ گڕوتینێکی نوێ بە بزووتنەوەکە ببەخشێت.

ئەوەی وەک ناسنامە لای کۆمەڵگە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان جێگیر بووە، بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە کوردستان بۆ زیاتر لە سەدەیەکە بەرانبەر بە پاوانخوازی خەبات دەکات. لەلایەک هەوڵ بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ژێردەستی و تێپەڕینی بەرەو قۆناغی ڕزگاری و، لە لایەکی دیکەشەوە دژایەتی و ململانێی لەگەڵ پاوانخوازی، بووەتە بەشێک لە ناسنامەی کوردستانیبوون و ڕێڕەوی بزووتنەوەی نەتەوەیی. ئەگەرچی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەیشتن بە سەروەریی سیاسی مافێکی بنەڕەتیی گەلانە و، بەرنامە و دروشمی سیاسی وەک فۆڕمی دابینکردنی ئەو مافە گرێدراوی هەلومەرجی سیاسییە، بەڵام جیهانبینیی مرۆڤی کوردستانی قووڵاییی ستراتیژیکی خۆی لە کۆیلەبوونی ئەوانیتردا نابینێ. بەپێچەوانەوە

سەروەریی سیاسیی نەتەوەکانی دیکەشی بە بنەما وەرگرتووە و بە فەرمی باوەڕی پێیەتی.

بە واتایەک، بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان، بەختەوەریی خۆی لە ژێردەستی، پەراوێزخستن و ئینکاری ناسنامەکانی تردا نابینێ، بگرە پێداگری لەسەر "کەرامەتی مرۆڤ" چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەکاتەوە. ئەم تێگەیشتنە، هەڵگری گوتار و بەهاگەلێکن کە ناسنامەی کوردستانی بیچمی پێوە گرتووە. هەربۆیە، پێداگریی کوردستانییان لەسەر دوارۆژێکی ئازاد تەنیا ویستێکی سیاسی نییە، بەڵکوو ئامانجێکە تیایدا پاوانخوازی لە هەموو چەشنێکدا چ لە کوردستان و چ لە ئێران رەت دەکاتەوە. ئەم رێبازە وەبیرمان دێنێتەوە کە یەکرێزی و تەبایی نێو ماڵی کورد ئەسڵی بنەرەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجی لەمێژینە و پڕبەهای ئازادییە. هەربۆیە، هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی نێو جوغرافیای ئێرانیش بە پرەنسیپێکی نەگۆڕی سیاسی دەزانێ و، هاوخەباتی و هاوچارەنووس‌بوونی نەتەوە بندەستەکان بەرانبەر بە عەقڵییەتی پاوانخواز و ناوەندگەرا لە هەر شێوەیەکدا بێت، خاڵی یەکلاییکەرەوەیە.

لانیکەم لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا، ئەوەی ئێرانی گیرۆدەی خۆی کردووە، باوەڕ بە سیستەمی پاشایەتی و ئیسلامی سیاسی بووە. ئەنجامی درێوی هەر دوو جۆری بیرکردنەوەکە، ئینکاری ناسنامەی غەیرەفارسەکان بووە و لەو ڕێگەیەوە فۆرمەکانی چەوساندنەوە بەرهەم هاتوونەتەوە، بۆیە دەربازبوون لە سیاسەتی سەرکوتکەری هەردوو ئیدیۆلۆژییەکە، زۆر ئاسان و سادە نییە. ئەوەی کوردستان بۆ دەربازبوونی هەمیشەیی لەم دۆخە وەک چارەسەرێکی ئینسانی و دیمۆکراتیک پێشنیار و پێداگری لەسەر دەکاتەوە، پێکەوەبوونی دڵخوازانەیە لە ئێرانێکی فیدڕاڵ و سێکۆلاردا.

سیاسەتەکانی دەوڵەت- نەتەوەی ئێرانی لە ڕابردوو و ئەمڕۆدا ئەنجامەکانی دیارن: ستەم، نایەکسانی، توانەوە، پەراوێزخستن، ئێعدام، تیرۆر، ئەشکەنجە و بە گشتی شێوەکانی ستەمکاری بووە کە چارەسەرکردنیان پەیوەستە بە دەربازبوون لە عەقڵییەتی ڕابردوو و ئێستای ناوەند. ئەوەی ئێستا بووەتە واقیع، قەبووڵکردنی ناسنامەکانی نێو چوارچێوەی جوغرافیای ئێرانە کە دەیانهەوێ خاڵی کۆتایی لەسەر دووبارەبوونەوەی ڕابردوو دابنێن و لێی دەرباز بن، ئەمەش کاتێک مسۆگەر دەبێ کە لە خۆسەپاندن و ئینکار بەرەو پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە هەنگاو بنێین. پێکەوەبوونێک کە هەمووان لەیەک ئاستدا بن و هەر ناسنامەیەک هەڵگری تایبەتمەندیی خۆی بێت. واتە، عەقڵییەتی ناوەند/پەراوێز نەمێنێ و سەروەریی یەک لایەنەی پێکهاتەیەک لە "ناوەند"ەوە هەڵبوەشێتەوە و، شێوازێک لە سەروەریی هاوبەش و چەسپاندنی مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکان لە دەستووری بنچینەییدا مسۆگەر بکرێت.

بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" ئاگرێکی وەهای خستووەتە جەرگەوە کە چی تر پرسی ڕزگاریی ژن ناکرێ نکۆڵی لێ

بکرێ. کۆمەڵگەی کوردستان نیشانی دا کە لە ئێراندا، پێشەنگی خەبات دژی دواکەوتووییە و، لە ڕێگەی بەها بەرزەکانی ئەم بزووتنەوەیەوە دەیهەوێ هەنگاوێکی گرنگ بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی، ڕەگەزی و ژینگەیی هەڵبگرێ. لەم بزووتنەوەیەدا دیسان کوردستان بووە سەنگەری بەرگری لە بەها مرۆییەکان و زیاتر لە جاران پێداگری لەسەر ئەم بابەتە گرنگە کرا کە بۆ سازبوونی کۆمەڵگەیەکی یەکسان دەبێ ئاوڕ لە هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە و هەڵاواردن بدرێتەوە. جەوهەری بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بێگومان ئافراندنی تێگەیشتنێکی نوێیە. تێگەیشتنێک کە دژ بە بیری فاشیستی، وەهمی ئایینی و ناسنامەی یەک ڕەهەندییە و، تیایدا جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگە بەرز دەنرخێندرێ. پێشەنگایەتیی ژنانی کورد و گرنگیدان بە پرسی ژن لە کوردستان بووەتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتێکی کورد و لەم ڕێگەیەوە جیهانییان بینییان کە نەتەوەی کورد خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ سازکردنی کۆمەڵگەیەک کە تیایدا گەیشتن بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی پرسی سەرەکی بێ.

نەورۆزی ئەمساڵ بەپێچەوانەی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کە کوردستان بەتەنیا بەرانبەر بە پاوانخوازی لە ئێران لە مەیداندا بوو، ئێستا زۆربەی خەڵکی ناوچەکان و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکە، لە ململانێ و بەرخۆدان دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندان. بۆیە سەنگەرێکی گەورە بە بەرینایی جوغرافییای ئێران دژ بە سەرەڕۆیی ساز بووە و تیایدا خەڵکانی ڕاپەڕیو دەبینین کە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر، ئاگر بە کۆشکی زۆردارەوە دەنێن.

لە دواییدا هەروەک چۆن نەورۆز بۆ کوردستانییان هێمای ڕابوون و بەرخۆدانە، هیوادارم بە هەمان شێوەش لە پانتایی ئێراندا سەرچاوەی دەربازبوون بێ بۆ ئێرانێکی تر. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە "کەرامەتی مرۆڤ"، قەبووڵی ناسنامەی جیاواز و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە سەرەوەی هێزی سەرکوتکەر بە پاساوی "تمامیت" و "یەکپارچەیی"یەوە بێ. بیرۆکەی تۆتالیتەر کە دەیهەوێ چاودێری بەسەر هەموو شتێکدا بکا و، "تمامیت" بپارێزێ، چارەنووسی نەمان و شکستە. ئەوەی توانای مانەوەی هەیە، ئەو بەها مرۆییانەن کە بەشێوەی ئاشتییانە و ئارەزوومەندانە مرۆڤەکان لە یەک نزیک دەکەنەوە و دەبنە هۆی سازبوونی کۆمەڵگەیەکی شیاوتر بۆ ژیان، بەدوور لە هەر چەشنە ستەم و چەوساندنەوەیەک.

لە سەروبەندی نەورۆزی کوردەواریدا، یادێک لە قوربانییان، شەهیدان، دەستبەسەرکراوان، باوکان و دایکانی جەرگسووتاوی شۆڕشی ژینا دەکەین. نیشتمان داخداری شەهیدانی شۆڕش و ڕاپەڕینە، هەروەک چۆن لەسەر کێلی گڵکۆی ژینا نووسراوە "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز". ئەم ڕەمزانە چرای ڕێگای سەربەستی و سەرکەوتنن، بە نەمری دەمێننەوە و مزگێنیی ڕزگاریمان دەدەنێ.



سەرچاوە
Serchawe

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان؛

سڵاو لە کچان و کوڕانی شۆڕشگێڕی کوردستان؛

سڵاو لە ئیرادەی پۆڵایینی زیندانییانی سیاسی و خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان؛

هاوخەباتی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد هەردەم گەشاوە بێت؛

بەرز و پیرۆز بێت نەورۆزی کوردەواری

**مستەفا هیجری**

**٢٨ی ڕەشەممەی ١٤٠١ی هەتاوی**



سەرچاوە
Serchawe

## پەیام بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، تێرۆر و شەهیدکردنی ڕێبەرانی کورد بە درێژایی خەباتەکەی، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە قەبووڵکردن و بەفەرمیناسینی ناسنامەیەک بە ناوی کوردبوون بەرەوڕووی بەربەستێکی گەورەی پراکتیکی و فکری بە ناوی پاوانخوازی بووەتەوە.

فۆرمی ئەم پاوانخوازییە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام عەقڵییەتێک کە بە دوای نکۆڵیکردن و سڕینەوەی کورد و کوردستانە، هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

پێشەوا بۆ ئێمە سەرچەشنی کوردبوونە، چ وەک دامەزرێنەری کیانێکی مێژوویی، چ وەک ڕێبازێک کە تا ئەمڕۆ پێداگری لەسەر دژایەتیی سیاسەتی پاوانخوازی دەکات، ڕێبازێک کە نیشتمانێکی ڕزگارکراو و ژیانێکی ئازاد بە بنەمای سیاسەتی خۆی دەزانێت و فیداکاریی بۆ دەکات، ئەو میرات و سەروەرییەی کە لە پێشەواوە بۆمان بەجێ ماوە، تەنیا کۆماری کوردستان نییە، بەڵکوو جێگیرکردنی ناسنامەیەکی جیاوازە بە تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە و نیشتماندۆستییەوە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵات، هیچ ڕێگایەکی نییە، جگە لە وەفاداری، فیداکاری و پێداگری لەسەر ڕێبازێک کە شەهیدانی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا بۆیان دیاری کردووین.

نەمری بۆ گیانی پاکی شەهیدان و سەری ڕێز و وەفا بۆ سەرجەم بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## پەیام بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە

کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پەیامێکی پیرۆزبایی بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزان، ڕوو بە خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند کە وڵاتیکی ئازاد و دێموکرات کاتێک بەدی دێت کە کۆتایی بە تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی بهێنرێت.

کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە پەیامێکدا، هاتنی جەژنی ڕەمەزانی لە بنەماڵەی شەهیدان و کەسوکاری زینندانییانی سیاسی، هەموو موسوڵمانان و بەتایبەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی کرد.

کاک مستەفا لەو پەیامەدا ڕایگەیاندووە: "ئاواتەخوازم خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەر بیروباوەڕێکی جیاوازەوە کە هەیانە، لە وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتدا، لە هەر چەشنە ستەم و چەوساندنەوەیەک بە دوور بن. ئەوەش کاتێک بەدی دێت کە کۆتایی بە تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی بهێنن کە بە ناو پیرۆزییەکانەوە، دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە".

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## پەیام بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار

ڕۆژی جیهانیی کرێکار بەرز دەنرخێنین و بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و ئێران دەکەین.

ئەمساڵیش لە هەلومەرجێکدا یادی ئەم بۆنەیە دەکرێتەوە کە دۆخی ژیان و بژێویی کرێکاران لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، تا دێ خراپتر دەبێت.
سەرباری دۆخی نالەبار و کارەساتباری هەمیشەیی کرێکاران، ئەم چینەی کۆمەڵگە لە هیوای گەیشتن بە ئازادی، یەکسانی، ئاسایش و ژیانێکی سەردەمییانە، دانەبڕاوە. ئەوەش خۆی لە مانگرتن و ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوو و ئەم دواییەش لە شۆڕشی ژینادا، نواندەوە.

بە هیوای ڕووخانی ڕێژیمی چەوسێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و جێگیربوونی حکوومەتێکی دێموکراتیک، کە بەو هۆیەوە ئازادی، مافی ژیان و کەرامەتی مرۆڤ دەستەبەر بێت.

١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

---

## دووانەی گشتپرسی لە کۆماری ئیسلامیدا

لەم دواییانەدا عەلی خامنەیی لە میانەی کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ خوێندکارانی بەسیجی، بەتایبەت لە وەڵامی داواکاریی هەندێ کەسایەتیی سیاسیی ڕەخنەگری ڕێژیم کە داوای ئەنجامدانی گشتپرسی سەبارەت بە پرسە گرینگ و هەستیارە سەرەکییەکانی وڵاتیان کردبوو، گوتی: "بۆ مەگەر هەموو ئەو کەسانەی کە دەبێ لە گشتپرسیدا بەشدار بن توانای لێکدانەوەی ئەو پرسەیان هەیە؟ ئەوە چ قسەیەکە؟"

لەبارەی ئەو قسانەی خامنەیی، میدیاکانی حکوومەت و کۆمەڵێک لە لایەنگرانی بەپێی ڕێچکەی هەمیشەیی هەوڵیان دا بە شرۆڤە و شیکردنەوەی زیاتر و ڕوونتر بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسانە، "خەڵکی ئاسایی" لە قووڵایی حیکمەت و هەقانییەتی ئەو قسانە تێبگەیەنن! بۆ نموونە لێدوانەکەی غوڵامعەلی حەداد عادڵ لە کۆبوونەوەی "شورای هاوپەیمانیی هێزەکانی شۆڕشی ئیسلامی" کە هەر خۆی سەرۆکایەتیی دەکات؛ ئەو لێدوانە زیاتر لە لێدوانەکانی باقی لایەنگرانی خامنەیی سەرنجیان ڕاکێشا. حەداد عادڵ وێڕای ئەوەی ڕایگەیاند گشتپرسی دەبێتە هۆی "فیتنە"، دانی بەوەدا نا کە ئەوە دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی دۆخەکە بۆ کۆماری ئیسلامی.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو بابەتە پێویستە بڵێین لە گشتپرسیدا، خەڵک دەنگ بە سیاسەت و ڕەفتار و بە گشتی دەنگ بە مانەوەی ئەو ڕێژیمە نادەن و ئەوەش لە قامووسی کۆماری ئیسلامیدا پێی دەگوترێت "فیتنە" و بە ڕاستی "دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی دۆخەکە بۆ کۆماری ئیسلامی". ئەگەر ئەوان (وەلی فەقیهـ و تاقمی دەسەڵاتدار) لەوە دڵنیا بوونایە کە خەڵک دەنگ بە ڕێژیم دەدەن و ڕێژیم شەرعییەتی لێ وەردەگرێتەوە، ئەوسا بە پشتبەستن بە قسەکەی خومەینی "پێوەر، دەنگی خەڵکە"، ڕەنگە ئێستا سەبارەت بە ئەنجامدانی گشتپرسی هێندە لاسار نەدەبوون و نەک هەر بە فیتنە ناویان نەدەهێنا، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دەستیان دەکرد بە پێداهەڵگوتن و پەسندانی توانای لێکدانەوەی خەڵک سەبارەت بەو پرسانەی دەکەونە گشتپرسی. تا ئێرە دەتوانین بڵێین: ڕێژیم پێشوەختە لە تێڕوانین و دەنگی خەلک سەبارەت بەو گشتپرسییە ئاگادارە و دەزانێت کە کۆماری ئیسلامی بێگۆمان دۆڕاوی سەرەکیی گشتپرسییەکە، کە خەڵک بە شێوەی ئازادانە و بەبێ ترس لە هێزە سەرکوتکەرەکان و ئاکامەکانی تێیدا بەشداری بکەن. بۆیە، ڕێژیم بەپێچەوانەی پرۆپاگەندە و هەرا و هوریای میدیاکانی حکوومەت و تاقمی لایەنگری، ڕێژیمێکی کەسنەویست و نەفرەتلێکراوە و دواجار هەر لەنێو دەچێت.



سەرچاوە Serchawe

لایەنێکی تری ئەم بابەتە ئەوەیە کە خەڵک ساڵانێکی زۆرە لە کۆماری ئیسلامی وەڕەز و بێهیوا بوون، چونکە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هیوا بۆ چاکسازی و کرانەوە لەنێو ڕێژیمدا لە چوارچێوەی ئازادیدا، بووەتە بابەتێکی بێبنەما، لەبەرئەوەی کە ڕێژیم لە وەڵامدانەوە و باشترکردنی دۆخی بژێوی خەڵک و سەدان داواکاری کەڵەکەکراوی ڕەوای دیکە کەمترخەم بووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گوشاری زیاتری خستووەتە سەر خەڵک. ئامانجی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە نزیکەی ٨ مانگ پێش و دوای کوشتنی "ژینا" لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئێرشادەوە دەستی پێ کرد و لە هەناویدا دروشمە پێکهاتەشکێن و ڕووخێنەرانەکان لە هەموو وڵات بەرز کرانەوە و تاوەکوو ئێستاش بەردەوامن، بەتەواوی تێپەڕین لە گشتییەتی کۆماری ئیسلامی بووە، بزووتنەوەیەک کە تایبەتمەندییەکانی زیاتر لە گشتپرسیی "نا بۆ کۆماری ئیسلامی" دەچن.

کە وابوو لەم برگە زەمەنییەدا، باسکردن لە گشتپرسی و خۆسەرقاڵکردن بەم بابەتەوە تەنیا بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی لە ڕووخاندنەوە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی و وەڵامێکی بێنێوەڕۆکە بۆ داواکارییەکانی نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران و بیروڕای گشتیی جیهان. ڕوونە کە ڕێژیم هەمدیسان دەیەوێت لەم دووانەیە بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێت، بەتایبەت کە ئەمڕۆکە بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە ئەو گشتپرسییەی باسی لێ دەکرێت بە هەبوونی ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا، هیچ نییە جگە لە "ئاسنی سارد کوتان" و هیچ ئاکامێکی نابێت.

لەم قۆناغەی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لەدژی ڕێژیم و ڕوانگەی ئەرێنی کۆمەڵگەی جیهانی لە پشتیوانی لە داواکارییەکانیان، دەست و پێوەندییەکانی میدیاکانی حکوومەت بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە سەرنجی خەڵک لە بەستێنی ڕاستییەکان و خواستە سەرەکییەکانی خەڵک کە لە ڕاستیدا ڕووخاندنی ڕێژیمە بەرەو پرسە لاوەکی و پەراوێزەکان بەلاڕێدا ببەن و وای نیشان بدەن کە ڕووی ڕەخنەکان لە هەندێ بەرپرسە نەک گشتییەتی ڕێژیم و ڕەنگە ڕادەستیشی بکەن.

١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## لەسێدارەدانی "حەبیب ئەسیوەد"ی مەحکووم کرد

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تویتێکدا، لەسێدارەدانی حەبیب ئەسیوەد، چالاکی سیاسیی عەرەب و ڕێبەری "بزووتنەوەی نزال"ی مەحکووم کرد.

کاک مستەفا هیجری نووسیویەتی: "لەسێدارەدانی حەبیب ئەسیوەد، تێکۆشەر و چالاکی سیاسیی عەرەبی ئێرانی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم دەکەم. ڕێژیمی ئێران بەو هەوڵە دژە مرۆییانە نەتەنیا ناتوانێت خەباتی خەڵکی عەرەب بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆیان ڕابگرێت، بەڵکوو بە درێژەدانی ڕێگەی حەبیبەکان، سەرکەوتنی ئەو خەبات و تێکۆشانە مسۆگەر دەبێت".

هەروەها بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لە نەتەوەی عەرەب لە ئێران کرد و نووسیویەتی: "ئێمە لەگەڵ خەڵکی عەرەبی ئەحوازین".

حەبیب ئەسیوەد، ڕۆژی شەممە ١٦ی بانەمەڕ، بە تۆمەتگەلی وەک "موفسیدی سەر زەوی" لە ڕێگەی پێکهێنان و سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی نزال و کردەوەی تێرۆریستی لە خووزستان، لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لەسێدارە درا.


ئەسیوەد، لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی، لە کاتی سەفەر بۆ تورکیە لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە ڕفێندرا و بۆ ئێران ڕاگوێزرا.

لە سێدارەدانی ناوبراو لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کاردانەوەی زۆری لە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژاوایی و ناوەندەکانی مافی مرۆیی لی کەوتەوە و بە توندی مەحکووم کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی بانەمەی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe




**کۆکردنەوەی و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی**